ئەنوەر سوڵتانی

-لێکۆڵینەوەیەک-

# بەشی یەکەم

## پێرست

**سەرەتا**

**ئامارەکان:**

ئا. کوشتن
ب. خۆکوژی
پ. تەرمی دۆزراوە
ت. هەواڵە ڕاگەیەنراوەکان

**هۆکارەکانی تاوان**

ئا. تاکەکەسی
ب. بنەماڵەیی
پ. کۆمەڵگایی
ت. چەند هۆکاری گرنگ

**دۆخی یاسا لە هەرێمی کوردستان**

دەستوور
دوانەبوونی یاسا
عورف و ئایین لە بەرانبەر یاسادا
مەسڵەت کردنی عەشیرەتی
هێزی بەڕێوەبەرایەتی دژ بە هێزی دادوەری
ناتەواویی ئابووری و هەژاری
چۆنیەتی بەڕێوەبردی یاسا
گەندەڵی
ئازادیکوژی
بەربەستبوونی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان
مەسەلەی ئیعدام
بێ مافیی ژن
کوشتنی نامووسی
بێ پەنایی منداڵ
چەکی بێ مۆڵەت

هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات
ڕفاندن
دەستدرێژی
لاوازیی پێوەند لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەدا
سۆز و دڵداری وەک تاوان
هەڵوێستی بنەماڵە و کۆمەڵگا
هەڕەشەی تۆڵە سەندنەوەی بێ قانوون
نەخۆشیی دەروونی
مادەی هۆشبەر
سەرەڕۆیی
ڕووداوی هاتوچۆ
پێشمەرگە
مێدیای چەواشەکار

**کۆتایی قسە**

**سەرچاوەکانی هەواڵ**

**چەند تێبینی**

# سەرەتا

ئەم بابەتە، هەڵسەنگاندنی ١٧٨ هەواڵی سەبارەت بە دەستدرێژی کردنە بۆ سەر گیان، ماڵ و کەرامەتی هاوڵاتیانی باشووری کوردستان لە ماوەیەکی ١٣ مانگەی نێوان ٢٠١٨/٥/١ و ٢٠١٩/٥/٢٧دا. قوربانیانی تاوان ژن و پیاو و منداڵی نێرینە و مێیینە بوون. بکەری بەشێک لە تاوانەکان کەس وکاری نزیک و دوور وەک باوک، کوڕ، هاوسەر، خوشک و برا و مام و برازا و ئامۆزای قوربانییەکان بوون، بەشێکی تر دۆست و برادەر، هاوڕێ، هاوکار و شەریکی کەسب وکار، بەشێکیش خەڵکانی بێگانە و تاکی ئاسایی ناو کۆمەڵگا، بە پیاو و ژن و پێشمەرگە و کرێکار و شۆفێر و بازرگان و دووکاندار و دەرمانخۆر و دز و قاچاخچییەوە. هەندێک لە تاوانبارەکان دەستدرێژیکاری جنسی بوون کە بۆ شوێنەگومکێ، دوای کارە قیزەوەنەکەیان، قوربانییانی خۆیان کوشتوون. هۆکار و پاڵنەری تاوانەکان بە گشتی کێشە و دەمەقاڵەی تاکەکەسی، شەڕی ناوماڵ، دڵ پیسیی پیاوان، تۆڵەسەندنەوە، ڕقەبەرایەتی، ئیرەیی کردن، سێکس و لاقە کردن، ڕووتاندنەوە، تەڵەکەی پارە و هەندێک دیاردەی دیکەی هاوشێوە بوون.

بۆ ئەم بابەتە، توێژینەوەی مەیدانی نەکراوە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ قوربانی یان دەستدرێژیکاران وتوێژ بەڕێوە نەچووە. سەرچاوەی کارەکە هەواڵی ڕاگەیێنراوی سەر مێدیا بووە. هەوڵدراوە بە یارمەتی ئەو هەواڵە ڕاگەیەنراوانە، توێکڵی کێشە سیاسییەکانی کۆمەڵگا لابدرێت و بە گوێرەی توانا کاکڵی ڕاستەقینەی لایەنی ڕەشی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ئەمڕۆدا بخرێتە بەرچاو- ڕاستەقینەیەکی تاڵ، کە بە هۆی ڕووداوە سیاسییە یەک لەدوای یەکەکانی ئەم چەندساڵەی دواییەوە، وەک هێرشی تاوانبارانی داعش و لەدەستچوونی کەرکووک و خانەقین و ناوچە داگیرکراوەکانیتر، بە شاراوەیی و لە ژێر پەردەدا ماوەتەوە و بە داخەوە سەرنجی خەڵکی کەمتر بەرەو خۆی ڕاکێشاوە.

نووسەر لە ڕێگەی هەندێک ئامار و ژمارەی ڕاگەیێنراوەوە ویستوویەتی بچێتە ناخی کۆمەڵگای کوردەوە و پیسی و چەپەڵیی کردەوەی بەشێک لە ئەندامانی بخاتە ڕوو، بەو ئامانجەی کە ناسینی نەخۆشییەکان یارمەتی چارەسەرکردنیان بدات و بەرگر بێت لە دووپات بوونەوەیان. ئاشکرایە ئەو سەرپێچی و یاساشکاندنانە هی بەشێکی کەم لە ئەندامانی کۆمەڵگایە و کوردستانیش، وەک پاشماوەی جیهان، بریتییە لە زۆرینەیەک کە ڕەچاوی یاسا و پەیڕەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و بە شانازی و سەرفرازییەوە دەژین، لەگەڵ کەمینەیەکی هەڵەکار و تاوانکەر کە بۆ بەرژەوەندیی شەخسی یان بۆ هەوەسبازی، پەرژینە یاساییەکان دەشکێنن و مافی تاک و کۆمەڵ پێشێل دەکەن.

با وەکوو لێکۆڵینەوەکە لە پارچەیەکی کوردستان، واتە باشوور، بەڕێوەبراوە، بەڵام کوردی پارچەکانی دیکەی وڵاتیش بە هەمان ئەو چاوە سەیر کراون و سەرەڕای هەندێک جیاوازی کە بە شێوەی سروشتی لە نێوان دانیشتوانی ئەم شار و ئەو شار، یان ئەم بەش و ئەو بەشی کوردستاندا هەیە، ڕۆح و هەست و بیر و پاڵنەرەکان وەک هۆکاری بەڕێوەچوونی تاوان، لە بەشەکانی دیکەی خاکەکەشمان کەم و زۆر هاوشێوەی یەکتر سەیر کراون و تایبەتمەندییە سایکۆلۆجییەکانی کۆمەڵگاکانیش بە هەندێک جیاوازییەوە بە وێچووی یەکتر زانراون. بەم تەعبیرە، ئەوەی لە باشووری کوردستان ڕوویداوە، دەکرێ وەک ئاوێنەی باڵانوێنی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش سەیر بکرێت. ڕاستەقینەی ژیان ئەوەیە کە کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان، وەک خەڵکانی نیشتەجێی ناوچە شاخاوییەکان، گەلێک هەست و نەست و خوو و خدەی هاوشێوەی یەکتریان هەیە و بەشێک لەو ڕۆحە هاوبەشانە ئەگەر توانیبێتیان لە پارچەیەکی خاکەکەماندا ئاگری تاوان خۆش بکەن، دەکرێت لە پارچەکانی دیکەشدا هەمان دەوریان بینیبێت، مەگەر شێوازی ژیان لە ژێر دەستی داگیرکەری خاک و هەبوونی یاسای قورس و قایم لە پارچەیەکی تایبەتدا لە بەڕێوەبردنی تاوانەکان بەرگر بووبێت و ئەوش چەشنە جیاوازییەکی دروست کردبێت.

لە بارودۆخی ئێستادا، تاقە بەشێکی کوردستان کە تێیدا ئازادیی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن و نووسین و بڵاوکردنەوە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ کورد مسۆگەر بێت و هەواڵی ئەو چەشنە ڕووداوانە بە بێ فیلتەری دەزگا سانسۆرچییە ئەمنییەکان، لە چاپەمەنی و ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا بڵاو ببنەوە، باشووری کوردستانە و ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە کە دەرەتان دەداتە کاری لێکۆڵینەوە لە بنەما و هۆکارەکان و ماتڕیاڵی

پێویست بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکات. دیارە نووسەر نایەوێت لە چوارچێوەی بەربەستکراوی لێکۆڵینەوەکە بچێتە دەرەوە
و هەر بۆیەش ناچێتە سەر هۆکاری ئەو ئازادییە ڕێژەییەی وا لە باشووری وڵاتدا هەیە. دەنا جێگەی خۆی دەبوو لە دیاردەی دووبەرەکی
و شەڕی ساردی نێوان حزبەکان، وەک دابینکەری ئەو ئازادییە بکۆڵێتەوە و بڵێت ئەگەر ئازادییەکی چاپەمەنی لە باشوور دەبینرێت، لە
ڕاستیدا هەڵقوڵاو لە دیموکراسیەتی ناو کۆمەڵگا و حزبە سیاسییەکان نییە، بەڵکوو دەرئەنجامی هەمان شەڕی ساردی نێوان لایەنەکانی
[1].دەسەڵاتە
هەرچۆنێک بێت، وەک گوترا، ئامانج لە بەرهەمهێنانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵانی گەل هەروەها ئەندامانی بەرپرسی
کۆمەڵگایە بەرەو ئەو ڕاستییە تاڵانە و وریاکردنەوەی دام و دەزگا پێوەندیدارەکانی حکوومیشە بۆ ئەوەی بکەونە بیری دۆزینەوەی
ڕێکاری بەرگریکردن لە تاوان نەک شوێنکەوتن و بە سزاگەیاندنی تاوانکاران بە تەنیا. هەوڵدان بۆ چارەسەری ئەو ناتەواوییانە و
دەرمانکردنی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان وەک هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی تاوان، دەتوانێ بەرگر بێت لە بەڕێوەچوونی بەشێکی
زۆری سەرپێچی و پێشێلکاریی یاسا لە ئێستا و دوارۆژیشدا. بەم کارە، واهەیە بتوانرێت تا ڕادەیەکی زۆر پێش بە پەرەسەندنی تاوانەکان
و تەشەنەکردنی زیاتریان بۆ ناخی کۆمەڵگا بگیرێت. کۆمەڵگایەکی تەندروست لەبیری دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەری نەخۆشییە
.کۆمەڵایەتییاندا بە شێوەیەکی مرۆڤانە دەبێت، نەک بە تۆڵە سەندنەوە و قەساس و ئیعدام

ئیعدامی تاکەکەس بە درێژایی سەدە و هەزارە، لە هیچ کۆمەڵگایەکدا نەیتوانیوە ببێتە هۆکار بۆ دوورکەوتنەوەی خەڵک لە بەڕێوەبردنی
سەرپێچی و تاوان. بە پێچەوانە، ئەرکی گەورەی حکوومەتی کوردی لەوپێوەندییەدا دەبێ هەوڵدان بێت بۆ نەهێشتنی حوکمی ئیعدام لە
.هەرێم و تەنانەت لە سەرانسەری عیراق، کە بمانەوێت و نەمانەوێت یاسا بنەڕیتی و گشتییەکانی ئەو، هەرێمی کوردستانیش دەگرنەوە
لە بەرانبەردا، سیستەمی پاک و شەفاف و دوور لە گەندەڵیی و خزم خزمێنی دادوەری، هەروەها دابین کردنی خزمەتگوزاریی مرۆڤانە
و ئەمڕۆیی لە ناو زیندانەکانی کوردستان و هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی تاوانبارانی زیندانی لە دووپات کردنەوەی تاوان دوای ئازاد
بوون،[2] ئەو ئەرکانەن کە دەبێ بەڕێوە ببرێن. گرنگە لە سزادانی تاوانباردا چارەسەری هۆکار یان هۆکارەکانی تاوانکردنەکە ئامانج
بێت نەک ڕق و کینە و خواستی تۆڵەسەندنەوەی نەریتی. دەرمانی دەردی نەوەی دوارۆژی کۆمەڵگا کینە و تۆڵە سەندنەوە نییە بەڵکوو
لێزانی و دوور بینییەکی پسپۆڕانەی دەروونناسانەیە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دەروونددروست و دوارۆژێکی بە متمانە، کە نەوەکانی
.داهاتوو تێیدا بە ئاسوودەیی و ئازادی بژین و بە بێ ترس و ئەندێش کۆمەڵگا و وڵات بەرەوپێش بەرن
ئەو دووربینییە، تەنانەت دەتوانێ چارەسەری بەشێک لە کێشە سیاسییەکانی دوارۆژی کوردستان و نزیک کردنەوەی پارتە سیاسییە
ڕکەبەرکانی ئەمڕۆ لە یەکتریش بێت، ئەو کێشە و گرفتانەی کە بەداخەوە هەرێمی کوردستانیان گەیاندۆتە لێواری دوو ئیدارەیی و
فەوتان، بە درێژەپێدانی شەڕی ساردی دوای ساڵی ١٩٦٤ و بە ناسۆر خستنی برینە کۆنەکان چارەسەر نابێت بەڵکوو پێویستی بە
مەڵحەمێک و دەستێکی میهرەبانی سارێژکارە کە بتوانێ برینی کۆن دەرمان بکات و کۆمەڵگایەکی سەلامەتی پڕ لە هاوکاری بۆ نەوەی
دوارۆژ بەجێ بهێڵێت کە تێیدا تەنیا یاسا سەروەر بێت نەک بەرژەوەندیی حزب و عەشیرە و تایفە و تاک؛ کۆمەڵگایەک کە چەوسانەوە و
.زۆرداریی تێدا نەمێنێت
ڕێبەرانی سیاسیی دوارۆژمان لە ناو هەر ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگا دەردەکەون کە ئێستا لە فێرگەکان دەرس دەخوێنن و ئەوانەش کە
تەنانەت هێشتا نەهاتوونەتە جیهان. کۆمەڵگای سەلامەتی ئەمڕۆ دەتوانێ ڕۆڵەی خزمەتگوزاری دوارۆژیش پەروەردە بکات و
کۆمەڵگایەک پێک بهێنێت کە تێیدا چەوسانەوە نەمێنێت، خوێندەواریی پەرە بستێنێت، بازرگانی گەشە بکات، هەمووان بە یەک شێوە و بە
ڕێزەوە ڕەچاوی یاسا کۆمەڵایەتییەکان بکەن و مافەکانی مرۆڤ تێیدا بپارێزرێن. دیارە لێرەدا هێز و دەسەڵاتە کە توانای بەڕێوەبەرایەتی
هەیە و قسەی کۆتاییش ئەو دەیکات، هەر بۆیەش لێرەدا دەوری حکوومەتی هەرێم و حزبە دەسەڵاتدارەکان لە دانانی پلان و بەرنامەی
درێژخایەن بۆ چاکسازیدا گرنگ دەبێتەوە. حزبە سیاسییەکانمان دەبێ بەو ڕاستییە بزانن کە دەسەڵاتی سیاسی هیچ کۆمەڵگایەک بە
فەوتان و لەناوچوونی لایەنێک و حزبێک دانامەزرێت. ئێمە ئەو ڕێگایەمان چەند جار تاقی کردۆتەوە و پەیمان بە ناڕاستییەکەی
بردووە؛ دەزانین ئەگەر تەنانەت ڕاستیش بێت، کە نییە، هەل و مەرجی ناوچە و جیهان ناهێڵێت سەربکەوێت. تاقە ڕێگەی چارەسەری
کێشە سیاسییەکان هاوکارییە لە ناو ئەنجومەنێکی نیشتمانیدا بە یارمەتی هێزێکی یەکگرتوو نەک دەسەڵاتی پەرت و بڵاوی پێشمەرگەی
ئەم حزب و ئەو حزب یان ئەم شەخس و ئەو شەخس، کە بتوانێ کێشەی کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکان و مادەی ١٤٠ ی یاسای
عیراقیمان بۆ چارەسەر بکات و لە جیاتی پووچاندنەوەی یەکتر، لە بیری بەرنامەی دوارۆژدا بێت بۆ وەستان لە بەرانبەر داگیرکەرانی
.نیشتمان کە لە چوار لایەنەوە گەمارۆیان داوین
ئەو دەردە کۆمەڵایەتییەش کە جێگەی باسی توێژینەوەکەی ئێمە بێت، دەرمانی هەر لەو ڕێگایەوە مەیسەر دەبێت. لە بارودۆخی ئێستادا
تاوانباران بە هاسانی دەچنە ژێر باڵی ئەم یان ئەو حزب و ئەم یان ئەو سەرەک هۆز و لەو ڕێگایەوە لە چنگ یاسا هەڵدێن و لە ئەنجامدا
خەڵکەکەش بە یاسا بێ باوەڕ دەکەن. هێز و دەسەڵاتی یەکگرتوو دەتوانێ پایە و بنەمای باوەڕ هێنان بە یاسا قایم بکات کە قایم نەبوونی
.بۆتە هۆکاربۆ بەشی زۆری ئەم تاوانانەی وا لێرەدا باسیان لێوە دەکرێت
.بگەڕێینەوە سەر بابەتی سەرەکی واتە ئەو تاوانانەی وا لە ماوەی ١٣ مانگی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لە باشووری کوردستان بەڕێوە براون

# ئامارەکان

ئەوەی لێرەدا دەبینرێت هەندێک زانیارییە لە سەر هەواڵی سەر سایتە هەواڵنێرییەکانی باشووری کوردستان وەک هەوێنی ئەم
:توێژینەوەیە سەبارەت بە کوشتن و خۆکوژی و دەستدرێژی بۆ سەر مافەکانی خەڵک لەو بەشەی وڵاتەکەمان
ماوەی کۆکردنەوەی هەواڵ: ١٣ مانگ
دەسپێکی تۆمار کردنی هەواڵ: سەرەتای مانگی ٥ ی ساڵی٢٠١٨
[3]کۆتایی تۆمار کردنەکان: کۆتایی مانگی ٥ ی ساڵی ٢٠١٩

ژمارەی هەواڵی تۆمار کراو: ١٧٨
شوێنی ڕوودانی تاوانەکان: هەر سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆکی ناو دەسەڵاتداریەتی هەرێمی کوردستانی عیراق، هەروەها کەرکووک، خانەقین و شنگال لە ناوچە داگیرکراوەکان و سێ ڕووداوی جیاجیاش لە ئاڵمانیا، بەریتانیا و تورکیا.[4]

# شێوازی کار:

نووسەر ئەندامێکی ساکاری کۆمەڵگای کوردستانە، نە کۆمەڵناسە و نە سایکۆلۆگ. ساڵانێکی زۆرە لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەوە هاتۆتە بەریتانیا و لەوێ دەژی. بە گوێرەی ئیش و کاری ڕۆژانە، لەپێوەندی ڕۆژانەی ڕووداوەکانی ناوخۆی کوردستان بە تایبەت بەشی باشووریدایە.
نووسەر بە گوێرەی ئەزموونی ٧٥ ساڵەی تەمەن و ٣٣ ساڵ پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردی پارچەکانیتری کوردستان، لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئەوەی وەک هۆکار و پاڵنەری تاوان لە یەک پارچەی خاکەکەمان ڕاست بێت، لە پارچەکانی دیکەشدا، کەم و زۆر، دەتوانێ ڕاست بێت. بە گشتی، ئەوە مرۆڤی کوردە ئەو سەرپێچییانەی لێ دەوەشێتەوە نەک دانیشتووانی شار و ناوچە و پارچەیەکی تایبەت؛ واتە ئەگەر کوردێکی دانیشتووی شاری سنە، یان ئامێد و قامیشلوو بکەوێتە بارودۆخی دانیشتوویەکی هەولێرەوە و ڕووبەڕووی هەمان ئەو کێشەیە ببێتەوە کە هەولێرییەکە تووشی هاتووە، جیا لە تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان، بۆی هەیە کەم و زۆر هەمان ڕەنگدانەوەی هەبێت کە هاونیشتمانییە هەولێرییەکە بوویەتی و هەمان ڕێگەچارەش بۆ گرفتەکەی بدۆزێتەوە کە ئەو دۆزیویەتەوە یان هەمان سەرپێچیی و تاوان بەڕێوە ببات کە ئەو بەڕێوەی بردووە. دیارە لە بۆچوونێکی ئەوتۆدا دەبێ هەندێک پارامیتری وەک تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان، پەروەردەی بنەماڵەیی و ڕادەی شارسانیەت، هەروەها قورس و قایمی یان شل و شەوێقی دەزگای دادوەری لە هەرکام لە پارچەکان و ڕادەی زەبر وزەنگی پۆلیس لەم یان لەو بەشی خاک بگیرێتە بەرچاو. هەر بەو هۆیەشەوە پێویستە لە هەڵسەنگاندنەکاندا وردە جیاوازییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە حیسابیان بۆ بکرێت.

# ئا. کوشتن

# ژمارەی کووژراوەکان و ساڵی کووژرانیان

لە ماوەی ١٣ مانگی لێکۆڵینەوەکەدا، سەرجەم ١٣٤ کەیسی کووژران تۆمار کراون. لەو ١٣٤ کەیسە، ٦٩یان لە ٨ مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ و ٦٥یان لە ٥ مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ دا بوون.

زوربەی کەیسەکان تاکە کەسێکیان گرتۆتەوە، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا ٢ کەس تا ٥ کەسیش بوونەتە قوربانی. تەنانەت لە یەک ڕاپۆرتدا باس لە کووژرانی ١٨ شۆفیری تەکسی لە کەرکووک کراوە کە لە ساڵی ٢٠١٩دا ڕوویداوە. لەو ١٣٤ کەیسەی کوشتندا، سەرجەم ١٨٥ کەس گیانیان لەدەستداوە. لە ١٨٥ کەسەکە، ٩١ یان لە ٨ مانگی ساڵی ٢٠١٨ و ٩٤ یان لە ٥ مانگی ساڵی ٢٠١٩دا بووە.

# کۆی کووژراوان

لە سەرەتای مانگی مایسەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ سەرجەم: ٩١ کەس لە سەرەتای ساڵ تا مانگی مایسی ساڵی ٢٠١٩ سەرجەم: ٩٤ کەس. تەمەنی منداڵەکان هەندێک جار ڕانەگەیێنراوە، بەڵام لەم ڕاپۆرتەدا کەسانی ژێر تەمەنی ١٦ ساڵان بە منداڵ دانراون کە لە هەردوو ژێندەر بوون. برینداری ڕووداوەکان، زوربەی کات ڕانەگەیەنراون و لێرەشدا نەهاتوونەتە حیساب.

# کۆی کووژراوان **بە گوێرەی ژێندەر (ڕەگەز)**

## چۆنیەتی کووژران

## شوێنی کووژران

## ب. خۆکوژی

بریتییە لەو کوشتنەی وا بکەری کارەکە هەندێک جار کەسەکە خۆیەتی و هەندێک جاریش بە ڕوونی دیار نییەکێیە، بەڵام هەر بە سەر کەسەکە خۆیدا دەسەپێنرێت. لە زۆر حاڵەتدا ناتەواویی ژیان، بێ هیوایی و نەبوونی ئازادیی ناو بنەماڵە و کۆمەڵگا هۆکاری سەرەکی خۆکوژیین گەرچی لە گەلێک کەیسدا، بە تایبەت هی ژنان و کچان، بەهۆی نیشانەی نائاسایی کووژرانەکەوە، واهەیە پۆلیس و دادگا بە گومانەوە سەیری ڕووداوەکە بکەن، ئیتر لەو حاڵەتانەدا شێوازی مرۆڤکوژییەک بەخۆیەوە دەگرێت کە نە کەس وکار و نە خەڵکی تر سکاڵایان لە کەس یان کەسانێکی تایبەت تۆمار نەکردووە و داواکاری گشتی و یاساش چۆنیەتی ڕووداوەکەیان بۆ ڕوون نەبۆتەوە. وەک ئاکام و ئەنجامیش، لە هەندێک کەیسدا دیزە بەدەرخۆنە کراوە و سەری مەسەلەکە نراوەتەوە؛ ئەوەش زیاتر کەیسی خۆکوژیی کچان و ژنان دەگرێتەوە کە گومانی ئەوەی لێدەکرێت کەسانی تری وەک باوک و برا و مێرد بەرێوەیان بردبێت بەڵام بە خۆکوژییان لەقەڵەم دابێت.

ئاماری ڕاگەیەنراوی خۆکوژی بە گوێرەی هەواڵی تۆمارکراوی ناو سایتە ڕاگەیەنراوەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ماوەی مایسی ۲۰۱۸ تا مایسی ۲۰۱۹ دا سەرجەم ۳۸ کەیسە بە ژن و پیاوەوە. ئەو ژمارەیە لە ڕاست ناچێت و بە ئەگەری زۆر لەوە زیاترە.

لەو ٥ نێرینەیە، یەکیان باوکی حەوت منداڵ بووە *

## لایەنی کۆمەڵایەتی/ ئابووریی/ یاسایی خۆکوژییەکان

هۆکاری ڕاگەیێنراوی خۆکوشتنی ژن یا پیاو لە هەموو ئەو ماوەی ۱۳ مانگەدا، بریتی بووە لە دەست تەنگی، قەرزداری، بێ هیوایی لە ژیان، بێ دەرەتانی، کێشەی بنەماڵەیی، هەروەها دڵداری و ئەویناداری و لە یەکیاندا سەرنەکەوتن بووە لە کاری چوونەدەرەوەی وڵاتدا. بۆ مەسەلەی دڵداری، بێدەسەڵاتیی گەنج و لاوان و دەسەڵاتی بێ سنووری دایک و باوک هۆکاری بێ هیوایی کەسەکان بووە بۆ بە یەکتر نەگەیشتنی لاوان و لە ئەنجامدا خۆکوشتن بۆتە ڕێگاچارەیەک لای کەسانی کەم ئەزموون و بێ هیوا.

له کەیسی ژناندا، دەوری سەرەکی سووتانی لەش بینیویەتی کە یەکیان بە پەڕەمێز بووە بەڵام چۆنیەتی هەندێکیشیان ڕانەگەیێنراوە یان لە پڕوپێستدا ماوەتەوە. ئەوەش سەبارەت بە ڕاستەقینەی "خۆکوشتن" یان "ئاگرتێبەردان"ەکەی ئەو کەسانە، گومان دروستدەکات. ئەو هۆکارانەی وا لە سەرەوەتر سەبارەت بە خۆکوشتنی پیاوان گوترا، بۆ کچ و ژنانیش هەر هەیە و زیاد لەوانە، مەسەلەی پیاوسالاری و نەبوونی بەرانبەریی مافی ژن و پیاو لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا، هۆکارێکی دیکەی خۆکوشتنی کچان و ژنانن. کردەوەی خۆکوژی لە زوربەی شوێنەکانی باشووری کوردستاندا بینراوە و زوربەی خۆکوژییەکانی ژنان بە ئاگر و پەت و ئاو بەڵام هی پیاوان بە گوللە بووە.

# پ. دۆزرانەوەی تەرم

دۆزرانەوەی تەرمی مرۆڤ لە ڕاستیدا دەرکەوتنی چەشنێک لە تاوانی مرۆڤکوژییە کە تێیدا بکەری کارەکە نادیارە- شێوازێک کە گەلێک نامرۆڤانەتر لە کوشتنی ئاشکرایە، لەبەر ئەوەی لەلایەک ئەگەری ڕزگاربوونی کەسی برینداربووی فڕێدراو کەم بۆتەوە و لە لایەکی ترەوە کەس وکاری کووژراوەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بەشوێن دۆزینەوەی تەرمی خۆشەویستەکەیان، ئینجا بە دوای دۆزینەوەی بکوژ و هۆکاری کووژرانەکەیدا دەگەڕێن و ئەوەشیان لێ دەبێتە سەرباری کۆستەکە. هەروەها هێزی پۆلیس کات و بودجەیەکی زۆر لە پێناو دۆزینەوەی تاوانبار یان تاوانباران سەرف دەکات و دەزگای دادوەریش ناتوانێ ئەرکی ئاسایی خۆی بۆ سزادانی تاوانبار بەڕێوەبەرێت. لەزوربەی هەرە زۆری ئەو چەشنە حاڵەتانەدا، جگە لە یەک یان دوو کەیسی مردن بە مەرگی نا سروشتی (وەک لەبەر سەرما ڕەق هەڵاتنی منداڵ)، ئەوانی تر دەبێ وەک کوشتن سەیر بکرێن.
بە گوێرەی تۆمارەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە ماوەی ئەو ١٣ مانگی دەستنیشانکراودا ١٤ تەرم لە باشووری کوردستان دۆزراونەتەوە[5]. لەوانە ٨ یان هی ساڵی ٢٠١٨ و ٦یان هی ساڵی ٢٠١٩ بوون.

# ت. ڕاگەیاندنەکانی دام و دەزگای پێوەندیدار بە باسەکە

لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا هەندێک ڕاپۆرت و ڕاگەیاندنی بەرپرسانی پێوەندیدار وەک پارێزگاکانی کوردستان، دەزگای دادوەریی و پۆلیسی ئەم شار و ئەو ناوچە، لە مێدیاکاندا بینراون کە پێشێلکاریی یاسا لە کوردستان پشتڕاست دەکەنەوە یان لە بنەما و هۆکاری کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵنەوە. ئاماری ئەو ڕاگەیاندنانە دەریدەخات کە ژمارەی تاوانەکان گەلێک زیاتر بوون لەوەی من توانیبێتم لەو چەند سەرچاوە دیاریکراوەی بەردەستمدا بە هەواڵیان بزانم. ئەوانەی خوارەوە کورتەی هەندێک لە ڕاگەیاندنەکانن:

# ساڵی ٢٠١٨

پارێزگاری هەولێر: "هۆکاری زیادبوونی کوشتن ئاشکرا دەبێت- لە ماوەی ٢ هەفتەدا ١٠ کەس کووژراون". (لڤین، ٦/٢٧/ ٢٠١٨)*
دیوەخان، دادگای سێبەر: دیوەخانی سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکان جمەیان دێت (ڕووداو، ٢٠١٨/٧/٢)
ئەمساڵ ٣٦ حاڵەتی دەستدرێژی لە کوردستان تۆمار کراون (شەن پرێس، ٢٠١٨/٨/١٦)*
لە سلێمانی ٣٥ کەس بە شەڕەچەقۆ بریندار بوون، کەسێک خۆی کوشتووە و دوانی دیکە بریندارن (ڕووداو ٢٠١٨/٨/٢٦)*
سالانە نزیکەی ١٠ پیاو بە دەستی ژن دەکووژرێن (لە ٦ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ٤١١ سکاڵای پیاوان لە دژی ژن و منداڵەکانیان تۆمار کراوە) (ڕووداو، ٢٠١٨/٨/٣٠) *
لە ٨ مانگی ڕابردوودا ٨٠ تاوانی کوشتن لە کەرکووک تۆمار کراون (٦٠ تۆمەتبار گیراون و ٢٠ کەسیان هەڵاتوون) (ڕووداو، ٢٠١٨/٩/٢١) *
لە ٢٤ کاژێری ڕابردوودا ٣ کەس لە کەرکووک کووژراون (تاوانی ڕفاندن و کوشتن)؛ لە گەڕەکی شۆریجە دەست بە سەر چەند پارچە چەکدا گیراوە.(ڕووداو، ٢٠١٨/١٠/٢٨) *
بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان: "لە ٩ مانگدا ٣٧ ئافرەت لە هەرێمی کوردستان کووژراون و ٨٧ ئافرەتیش دەستدرێژیی سێکسیان کراوەتە سەر" (ڕووداو، ٢٠١٨/١١/٧) *
سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی هەرێم: "٧٠٪ی تاوانەکانی کوشتن لە ڕێگەی چەکی بێ مۆڵەتەوە ئەنجام دراوە. یاساکە کەم وکووڕیی تێدایە. مامەڵەی چەک و تەقەمەنی لە بازاڕدا بێ یاسایە." (ئاوێنە، ٢٠١٨/١١/٢٣) *
سلێمانی، چوارکەس بە تۆمەتی فێڵ و نووشتەنووسین و جادوو و دەستدرێژی کردنە سەر ژنان دەستگیر کران (سبەی، ٢٠١٨/١٢/١٨) *
لە ساڵی ٢٠١٨ دا بە هۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە لە هەولێر ٢٦٢ کەس گیانیان لەدەستداوە (ڕووداو، ٢٠١٨/١٢/٣٠)*.

* بەپێی ئامارەکانی یەکێتی پیاوان، توندوتیژی بەرامبەر پیاوان زیادی کردووە. ساڵانەش نزیکەی 10 پیاو بەدەستی ژن دەکوژرێن. سالی 2017 پیاوان 614 سکاڵایان لەدژی ژن و منداڵەکانیان تۆمار کردبوو. تەنیا لە 6 مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا 411 سکاڵا لەلایەن پیاوانەوە لەدژی ژن و منداڵەکانیان تۆمارکراون(ڕووداو، ٢٠١٨/٨/٣٠)

## ساڵی ٢٠١٩

* کوشتنە بە ئەنقەستەکان لە سەر ڕووداوی بچووک لە هەولێر: ( ٦ کووژراو لە سەر هۆرن لێدان، فوول لایت، جۆگەی ئاو، سەرچۆپی شایی، ٢٠ مەتر زەوی و دەست شکاندنەوەی ئۆتومبیل) (ڕووداو، ٢٠١٩/١/٣١)
* پۆلیسی سلێمانی: "لە ماوەی هەفتەیەکدا سێ حاڵەتی کوشتن (لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی) لە شاری سلێمانی تۆمار کراوە. (ڕووداو، ٢٠١٩/٤/١٥)
* بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ماوەی ٣ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ١٠ ژن کووژراون و ١٣ ژنیش خۆیان کوشتووە. زوربەی زۆری ئەو تاوانانە لە پارێزگای سلێمانی و دهۆک بەڕێوەچوون (ڕووداو، ٢٠١٩/٤/؟)
* سنووری شێخان: لە کۆمەڵگەی چرە بە هۆی کێشەی زەوی ، لە نێوان دوو بنەماڵەدا کە خزمی یەکترین، شەڕ ڕوویدا. بریندار هەیە (ڕووداو، ٢٠١٩/٥/٩)
* دادگای تاوانەکانی سلێمانی بە تاوانی ڕفاندن و کوشتنی ١٨ شۆفیری تەکسی لە ماوەی ٩ مانگدا لە کەرکووک، سزای ١٥ جار لە سێدارەدان بە سەر سێ تاوانباردا دەسەپێنێت. (هەواڵەکە ڕەگەز و قەومیەتی تاوانبارانی دەرنەخستووە) (ڕووداو، ٢٠١٩/٥/١٥)
* لە دوو ڕۆژدا لە سنووری پشدەر و بتوێن٣ ژن بە هۆی سووتانەوە گیانیان لەدەستداوە. هاوسەری یەکیان گیراوە (سبەی، ٢٠١٩/٥/٢٧)
* وتارێکی بە ناوەرۆکی ماموستا عارف قوربانی، کە تێیدا دڵنیگەرانیەکانی خۆی سەبارەت بە پێشێلکرانی ماف و لاوازیی یاسا و دەزگای دادوەری دەردەبڕێت (سایتی ڕووداو ٢٠١٩/٥/٨). ئەم وتارە لە بەشی دووهەمی ئەم وتارەدا (هەواڵەکان) دەبینرێت.
* بە پێی ئاماری ٢٠١٩/٨/٢٤ ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، "لە شەش مانگی ڕابردوودا، کە ماوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەش دەگرێتە بەر، لە هەرێمی کوردستاندا ٢١١ ئافرەت بە هۆکاری جیاواز کووژراو یان سووتێنراون....هەر لەو ماوەیەدا ٤٩٧٢ سکاڵاش تۆمار کراوە." لە درێژەی باسەکەدا دەچینەوە سۆراغی ئەم ئامارە.

# هۆکارەکانی تاوان

هەرچۆنێک بێت، تاوانەکانی ئەو ١٣ مانگە لە کوردستان، هۆکاری شەخسی، بنەماڵەیی، کۆمەڵایەتی، نەریتی، ئایینی، دارایی، سێکسی و هەندێک جاریش مێژوویی- سیاسی یاخود پێکهاتەیەک لە دوو یان سێ هۆکاریان بووە.
بەشێک لەو هۆکارانە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوختە بکەین:

## ئا. هۆکارە شەخسی و تاکە کەسییەکان

*تووڕەیی و زوو هەڵچوون و عەسەبی بوونی بێ کۆنترۆڵ[6]
* هەستی تۆڵە سەندنەوە و خوێن بەخوێن داکوژاندن، کە ڕابردوویەکی کۆمەڵایەتی لە پشتە و زیاتر لە ناو دانیشتوانی کۆمەڵگای بچووکتر وەک گوند و شاروچکەکاندا دەبینرێت
*ڕقەبەرایەتی شەخسی
*کێبەرکێی پیشەیی
*پاڵنەری سێکسی (بە زۆری لە ناو پیاوان دا)
*تەماعی پارە دزین یان ڕفاندن (بە زۆری لە ناو پیاوان دا)
*دڵ پیسی (بە گشتی پیاوانی گرتۆتەوە) کە واهەیە هەندێک جار دەسکرد و بێ بنەما و خەیاڵیش بوو بێت
* خەیانەت (بە گشتی دژ بە ژنان کەڵکی لێوەرگیراوە) و زۆرجاریش لە گومان و تۆمەتبار کردن زیاتر نەبووە. بەداخەوە خەیانەتی پیاو لە کۆمەڵگادا، وەک شتێکی تاڕادەیەک ئاسایی سەیر کراوە و لە لایەن بەرانبەرەکەیەوە کاردانەوەی توندوتیژی هاوشێوەی کەمتر بووە قەرزاری (وەک هۆکارێک بۆ خۆکوشتنەکان)*
*بێ تاقەتی لە بەرانبەر تانە و تەشەری هاوڕێیان (کە ئەمیش لانیکەم لە یەک حاڵەتدا گەیوەتە ئەنجامی خۆکوشتن).
چاولێکەریی لە نموونەی خراپی ناو هەندێک فیلم و یاریی کەمپیوتەری (زیاتر لە ناو لاواندا)*
* سەرنەکەوتوویی لە هەوڵی چوونە دەرەوەی وڵات (کە لای کەم لە یەک حاڵەتدا گەیشتۆتە ئەنجامی خۆکوشتن)، و....

## ب. هۆکارە بنەماڵەییەکان

شێوازی پەروەردەی کۆنباو کە تێیدا بایەخی پێویست بە منداڵ و ڕاهێنانی نادرێت*
یەک نەگرتنەوەی پێوەندە بنەماڵەییە کۆنباوەکان لەگەڵ بارودۆخی ژیانی سەردەمی نوێ و فێرکردنەکانی منداڵ لە فێرگە و زانکۆکان و *
ئەوەی وا لە تەلەفیزیۆن و میدیای مەجازیدا بەرچاو دەکەون
دیاردەی چەند هاوسەری و بوونی منداڵی زۆری چەند بەرەدایک لە ماڵێک*

نەبوونی دیموکراسی لە ماڵدا و زاڵیەتی گەورەی ماڵ و بێ مافیی منداڵ کە لە سەردەمی دوای بلووغ و نەوجەوانیدا دەتوانێ ببێتە *
هۆکاری توغیان و سەرپێچی کردن لە بەرانبەر پەیڕەوەکانی ناوماڵ و ڕیساکانی ناو کۆمەڵگاش
ئەو باوەڕە هەڵە و بێ بنەمایەی کە پیاو خاوەن و سەرپەرشتی ژنە، و کچ لە ماڵی باوکدا دەبێ ئیتاعەی باوک و دوای شوو کردنیش ئیتاعەی مێرد بکات، ئەگەریش تەنانەت کەوتە بەر زوڵمی ماڵە مێرد و مافی پێشێل کرا، دەرگای ماڵەباوکی لێ دابخرێت و مەجبوور بکرێت بگەڕێتەوە سەر هەمان ئەو هەل ومەرجە و مل بۆ بێعەداڵەتیەکان دابنەوێنێت. بەشێک لە کارەساتی وەک خۆسووتاندن و خۆ خنکاندنی ژنان و کچان لە ناو ئەو بازنە نامرۆڤانەیە و بەهۆی نەبوونی دەرەتان و پشتیوان و تاریک نواندنی دواڕۆژ، دێتە کایەوە ئەوەی لە سەرەوە گوترا ماڵە باب و ماڵەمێرد هەردوکیان دەرخەری ڕاستییەکی تاڵی کۆمەڵایەتین ئەویش ئەوەی کە ژن خاوەن ماڵ و مڵک نییە و هەمیشە وەک میوان و کەسێکی بێ ماف سەیر دەکرێت. ئەو بێ مافی و بێ پەناییە هۆکاری بەشێک لە خۆکوژییەکانی ژنانی کوردن.
پێوەندی نادیموکراتیانەی نێوان ژن و مێرد و بووک و خەسوو و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەی پیاو
مانەوەی ژن و کچ لە ماڵەوە و نەبوون یان کەم بوونی دەرفەتی ئیش و کار بۆیان
بێدەسەڵاتیی کچان لە هەڵبژاردنی هاوسەر و بەشوودرانی زۆرەملێ
ناتەواویی ئابووریی بنەماڵە
فێرکاریی چەواشە و دوور لە واقیعی فیلمی سەر تەلەفیزیۆنە تورکییەکان و چاولێکەریی بێ هەڵسەنگاندنی بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ دووپات کردنەوە و کۆپی هەڵگرتنی ڕەوتی ئەوان بۆ پێوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانیش دەوری بووە لەوەیدا کە بەشێکی لاوان و گەنجان بە لارێدا بەرێت. واهەیە ژمارەیەک لەو کوڕەلاوە کەم تەمەنانەی وا ڕێگای وڵاتانی ڕۆژئاوا دەگرنەبەر، لەژێر ئەو کارتێکەرییانەدا بن. دیارە بەم قسەیە، نابێ هۆکارەکانی دیکەی کۆچبەری، وەک دۆزی سیاسی، داعش، دژایەتیکردنی داگیرکەر، ناتەواویی ئابووریی ئەم چەندساڵەی دوایی هەرێم، کێشەی تائیفی، گرفتی بنەماڵەیی و... یش لەبیر بکرێن.

پ. هۆکارە کۆمەڵگاییەکان (یاسایی/سیاسیی)
بێکاری و بارودۆخی خراپی ئابووری
ڕادەی نزمی پێشکەوتی کۆمەڵگای کوردستان لەچاو کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان و تەنانەت لەچاو هەندێک وڵاتی دراوسێش- دیاردەیەک کە لەگەڵ خواستی ڕوولەزیادبوونی لاوانی کۆمەڵگای کورددا یەک ناگرێتەوە و لە ئەنجامدا بە هەموو سیستەمە کۆمەڵایەتی – سیاسییە خۆییەکە بێ باوەڕیان دەکات
بێ مافی و ژێردەستیی ژن بە گوێرەی عورف و ئایین و یاساش (بۆ نموونە، ڕادەی میرات)
کەمبوونی بەرپرسیاریەتی پیشەیی و نزمبوونی ڕەوشت لای کەمایەتییەک لە خەڵکانی پیشەیی.
بەهێزبوونی پێوەندی خێڵەکی و هەست بە بەرپرسیایەتی و داکۆکی کردنی تاک لە هاوهۆز واتە ئەندامانی دیکەی عەشیرەتەکەی خۆی لە بەرانبەر خەڵکدا
لاوازبوونی هەستی نەتەوەیی کە خۆی لە زاڵبوونی ئەو هەستە عەشیرەتییە بە سەر هەستی هەمەگیری نەتەوایەتیدا دەبینێتەوە
دووبەرەکی و حزب حزبێن بە شێوازێکی کۆنباوی خێڵەکی کە بۆتە هۆکاری تەکەللول
دەسەڵاتی زۆری بەرپرسانی حزبی و بەرپرسانی حکوومی کە بەرگرن لەبەرانبەر بەڕێوەچوونی یاسا بۆ دەوروبەرەکەی خۆیان و تەنانەت خۆیان ڕاستەوخۆ یاسا پێشێل دەکەن و هەندێک جار دەست دەدەنە کاری تاوانبارانە و دژە یاسایی وەک کوشتنی ناحەزانیش تەشەنەی چەندبەرەکیی حزبی و سیاسی لە ناو خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگادا کە خۆی لە هەندێک لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە، وەک دژایەتی و ڕقەبەریی نێوان شار و ناوچەکان
نەبوونی سیستەمێکی باشی تەندروستی و ناتەواو بوونی خزمەتگوزاریی پزیشکی و دەرمانی و لەئەنجامدا قەبووڵ کردنی مەسرەفی زۆری چارەسەر لە دەرەوەی کوردستان
نەبوونی سیاسەتێکی ڕوون بۆ ڕێکخستنی بازاڕ و پشتگیری کردنی بەرهەمهێنەرانی ناوخۆ بەتایبەت لە کەرتی کشتوکاڵ، کە ئەنجامەکەی ڕوو وەرگێڕانی گوندنشینەکانە لە گوند و ڕووکردنیان لە شار. چوونەسەرەوەی نرخی کەل وپەل و خواردەمەنی و بەسترانەوەی زیاتر و زیاتری ئابووریی هەرێم بە تورکیا و ئێرانەوە، وەک ئاکامی ڕاستەوخۆی ئەو بارودۆخە.
کەم بوونی خەڵکانی پیشەیی لەناو دەزگاکانی هەمەچەشنەی حکوومی بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی گەورەی وەک مادەی هۆشبەر و پەنادانی هەندێک لە تاوانباران لە لایەن دەسەڵاتدار و دەستڕۆیشتووەکانەوە
ڕووداوی هاتوچۆ، وەک یەک لە هۆکارەکانی گیان لەدەستدان و برینداربوونی خەڵک: لێخوڕینی بێ مۆڵەت، نەبوونی بیمە، بێ سەبر و تاقەتیی لێخوڕەکان و ڕێزنەگرتن لە خەڵکانیتر، پان وبەرینی شەقام بە بێ چرا و شوێنی پەڕینەوەی بەڕێ و جێ، ڕەچاو نەکردنی یاسای پەڕینەوە لە شەقامەکان لە لایەن خەڵکەوە، و...[7]
هەندێک دیاردە و ڕی و ڕەسمی کۆنباو، کە لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆییدا ناگونجێن و نەک هەر لە ئەورووپا و ئەمریکا، بەڵکوو لە ناو وڵاتانی دراوسێشدا نەماون؛ وەک ژن بە ژنە و شیربایی وەرگرتن و خەتەنەی کچان و... . بنبڕ کردنی ئەو دیاردانە ئەرکی سەرەکیی دەزگاکانی یاسادانەر (پەرلەمان) و بەڕێوەبەری هەرێم(پۆلیس و دادگا)یە. پشتگوێ خستنی چارەسەر بۆ ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانە لە ناوخۆدا دەبێتە هۆکاری پشێوی و بێ باوەڕیی خەڵک بە ڕێبەرە سیاسییەکانیان، لە دەرەوەی وڵاتیش سومعەی گەلەکەمان لە لای بێگانان خراپ دەکات
پەرەسەندنی کێشەی کۆچبەری و پەناخوازیی لاوان و هەوڵی هەندێک کوڕەلاو و مێردمنداڵ بۆ گەیشتن بەو 'قیبلەی ئاوات'ە بە هەر

نرخێک بێت وەک دزی و چەقۆ کێشان و تەڵەکە کردن بۆ کۆکردنەوەی مەسرەفی ڕێگا
سیستەمێکی نالەبار و سەمەرەی هەڵبژاردن بۆ نموونە هەڵبژاردنی پەرلەمان، کە تێیدا ئەندام پەڕلەمان دەسنێژی ڕاستەوخۆی حزبەکانە نەک هەڵبژێرراوی خەڵکی گەڕەک و ناوچەیەکی تایبەت کە دواتر خەڵکی ئەو گەڕەک و ناوچەیە بتوانن بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان یارمەتی لەو بخوازن. لە ئەنجامدا تاکی کورد بێ پەنا و پشتیوان ماوەتەوە و پەڕلەمان و ئەندامانی نوێنەری ڕاستەقینەی خواستەکانی گەل نەبن.

بەڕێوەنەچوونی یاسایەکی بەڕێ وجێی ئیش وکار، کە تێیدا مافی کرێکار لە بەرانبەر خاوەن ئیشدا بپارێزێت و لە ناتەبایی ناو کۆمەڵگا کەم بکاتەوە. لەو پێوەندییەدا دەبێ ئاماژە بە بوونی جیاوازی لە نێوان خەڵکانی حزبی و ناحزبی بۆ مەسەلەی کار و فەرمان و دامەزرانیش بکرێت کە دوور نەبووە لە زەفەرهێنان و بەکارهێنانی نابەجێی هەندێک لە خوازیارانی ئیش وکار لەلایەن بەرپرسەکانەوە.

برەوی زۆری فێڵبازی و تەڵەکەی نووشتەنووس و جندۆکەگر و عیلاجکاری درۆیین، کە لە دەرەوەی یاساکانی پزیشکی و تەندروستی و کۆمەڵایەتیدا بەڕێوەبەرایەتی هەندێک لایەنی ژیانی خەڵک بەدەستەوە دەگرن و بە پێکهێنانی هیوای بێ بنەما، کۆمەڵانی خەڵک لە بەڕێوەبردنی قانوون و پەێرەوە گشتییەکان دوور دەخەنەوە.

بوونی چەکی زۆری بێ مۆڵەت بە دەست خەڵکەوە. ئەو چەکانە، هەندێکیان لە لایەن حزبە سیاسییە چەکدارەکانەوە دراونەتە خەڵک و هەندێکیشیان کەسانێتر بە ناوی پارێزگاریی شەخسییەوە لای خۆیان ڕایانگرتوون. بەداخەوە وەک لە هەندێک ئەم هەواڵ و ڕاپۆرتانە دەردەکەوێت، ئەو چەشنە چەکانە زۆرجاران بەشێوەیەکی نابەجێ بەکار هێنراون یاخود کەوتوونەتە دەست منداڵ و کەسانی نابەرپرس کە کارەساتیان پێ خوڵقاندووە.

ڕاگەیاندنی ناپیشەیی لە فەیسبووک و مێدیای مەجازیدا گەرچی دوورە لە سانسۆری حزبی و حکوومی و بەو تەعبیرە، یارمەتی ئازادیی ڕادەربڕین بە ئەندامانی کۆمەڵگا دەدات، بەڵام لە عەینی کاتدا دەرەتانێکە بۆ خەڵکانی خراپەخوازی ناوخۆیی و بەکرێگیراوانی بێگانە بۆ پشێوی نانەوە و ئاڵۆزی و دژایەتی و دوژمنایەتی پێکهێنان لە ناو کۆمەڵانی گەلدا. واهەیە هەندێک لە مێدیای فەرمی و حزبیش لەم بوارەدا بە ئەرکی پێشەیی خۆیان هەڵنەستن و بەرژەوەندیی تاکە کەسی و لایەنی بخەنە پێش مەسڵەحەتی کۆمەڵگاوە.

## ت. لە ژوور هەموو هۆکارەکانەشەوە

نەبوونی سەروەریی هەمەگیری دام ودەزگای دادوەری.

نەبوونی یاسا و پەیڕەوی فەرمی بۆ بەشێک لەو کاروبارانەی وا پێوەندیان بە پارێزگاریکردن لە مافی ژنان و منداڵان هەیە. ئەو بەشانەی کۆمەڵگا، بە نەبوون یان بەڕێوەنەچوونی یاسا زیاترین زیان دەبینن و ئەوەی وا دەتوانێ لە بەرانبەر چەوساندنەوەی زۆرداران پشتگر و پارێزگاریان بێت، تەنیا یاسایە. بۆ نموونە، ئەنجومەنی باڵای کاروباری ژنان و ئەو سەنتەرانەی وا بۆ پاراستنی ژیانی ژنانی ژێر مەترسی دابین کراون لەوە لاوازتر و بێ دەسەڵات ترن کە بتوانن ژیانی کەسانێک بپارێزن. هەندێک لە خۆکوژییەکان ڕاست هی ژنانی ناو ئەو سەنتەرانەیە، کە بەهۆی ناکاریگەریی خزمەتگوزارییەکان و لە ترسی کەوتنەوە بەردەستی چەوسێنەرەکانیان خۆ دەکووژن.

بوونی دەسەڵاتی زۆر بەدەست سەرەک هۆز و ڕەئیس عەشیرەت و کۆنە موشاویرەکانەوە کە هەندێک لە حزبە سیاسییەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کەڵکیان لێ وەردەگرن و لە مێژووی خەیانەتی ئەو کەسانە بە خەڵک چاوپۆشی دەکەن.

برەوی زۆری سیستەمی مەسڵەت کردنی عەشیرەتی و پەنادانی تاوانباران لە دیوەخانان، کە بۆتە هۆی دیزە بە دەرخۆنە کردنێکی ڕووت و هەڵاتنی تاوانباران لە دەست دادوەری. هەر ئەوەش یەک لە هۆکارەکانی بێ باوەڕیی ئەندامانی کۆمەڵگایە بە سەروەریی یاسا و وەک ڕەوتێکی بازنەییش لە درێژەی خۆیدا بۆتەوە هۆکار بۆ هەوڵی چارەسەر کردنی کێشە و دوژمنایەتییە تازەکان لە دەرەوەی بازنەی یاسادا.

بوونی هەندێک پەیڕەوی ئایینی، کە لەگەڵ یاسا حکوومییەکانی ئەمڕۆدا یەک ناگرنەوە و ڕێبەرانی ئایینی بە ڕێنومایی کردنی خەڵک بەرەو ڕەچاوکردنی ئەو پەیڕەوانە، بەردێک لەژێر سێکوچکەی یاسا فەرمییەکان دەردێنن. مارەبڕینی ژێر تەمەنی یاسایی، مۆڵەتدان بە خەتەنەی کچان، چاککردنەوەی تەلاقی سێ بەسێ لەڕێگەی بەجاش کردنەوە، بەشە ماڵی نابەرانبەری ژنان لەچاو پیاوان و ... تەنیا چەند نموونەیەکی ئەو ناتەباییانەن کە ئەو چەشنە پەیڕەوانە لەگەڵ دامەزراوی و سەقامگیریی کۆمەڵگادا هەیانە. ئیسلامی سیاسی (چ شیعەی ئایەتوڵڵایی و چ سوننەی داعشی) و هەوڵی گرتنەدەستی حکوومەت و بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگا، نموونەیەکی بەرچاوی ئەو پەیڕەوە ئایینیانەیە کە لەگەڵ یاسا حکوومییەکاندا یەک ناگرێتەوە و دابین بوونیان تەنیا لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوە و نەهێشتنی یاسا پێشکەوتووەکانی ئەمڕۆ و سەپاندنی دیاردەی وەک ئیعدام و قەساس و بڕینی دەست و دەرهێنانی چاوەوە دەستەبەر دەبێت.

درێژەی کار و هەڵسووڕانی ئەنستیتوتی شێخایەتی و بەهێزبوونی پێوەندی مورید و مورادی لە نێو بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵگادا کە ئامۆژگاریی شێخ بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانی ناو ئەندامانی کۆمەڵگا ئەگەر لە چوارچێوەی یاسا حکوومییەکاندا نەبێت، سەروەریی یاسا پێشێل دەکات. ئەو ئەنستیتوتە دەیان و تەنانەت سەدان ساڵە لە کۆمەڵگاکانی دیکەی هاوچەشندا کۆتایی بە ژیانی هاتووە و کوردستان وێدەچێت یەک لە دوایین پێگەکانی دەسەڵاتی بێت.

کاریگەری ئەو هۆکارانەی سەرەوە لە سەر کۆمەڵگا، لە ماوەیەکی دوور و درێژ دا، گەیشتۆتە ئەنجامی لاوازییەکی بەرچاوی دام و دەزگای دادوەری و پێشێلکرانی سەروەریی یاسا. بەڕێوەچوونی بێ هەڵاواردنی قانوون لە وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاواییدا ڕشتەیەکی قایمە بۆ پێکەوە بەستنی ئەندامانی کۆمەڵگا بە بێ جیاوازی نێوان دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات. ئەو هەل و مەرجە لە کوردستاندا نییە و ئەگەریش هەبێت لاواز و کەم هێزە و خۆی لە خۆیدا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دڕدۆنگ بوون لە یەکتر و دوژمنایەتی و دووبەرەکی نێوان کۆمەڵانی خەڵک .[8] هۆکارەکان، هەروەها دەرفەتی گونجاویان بۆ بەڕێوەچوونی هەندێک لەو تاوانانە ڕەخساندووە کە بکەریان بە بێ ترس لە ئاکامی کردەوە، یاسای گرتۆتە دەست خۆی و بەڕێوەشی بردووە. ئاشکرایە هەر ئەو کەسانە بە بوونی یاسایەکی بەهێزی هەمەگیر، واهەبوو نەیانتوانیایە وا سووک و سانا، کارە ناحەزەکەیان بەڕێوەبەرن.

وەک یاسایەکی جیهانی، ئەو ڕۆحیاتە، بە گوێرەی گەورەبوونەوەی شار و زاڵبوونی کولتووری شارنشینی بەسەرخەڵکدا، کە مل دانەواندنی دانیشتووان بۆ یاسا یەک لە نیشانەکانیەتی، وردە وردە ڕوو لە کەمی دەنێت و کولتووری دەسەڵاتدان بە یاسا جێیان

دەگرێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی بەرانبەریی و یەکسانی هەموو تاکێک لە ئاست یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا، جا کەسەکان دەسەڵاتدار بن یان بێدەسەڵات. لەو پەیوەندییەدا هەندێک جار دەگوترێت یاسایەک کە داگیرکەر و زۆردار بەسەر خەڵکیدا سەپاندبێت بۆ ڕەچاوکردن نابێت، هەربۆیەش هەندێک خەڵک ملیان بۆ دانەدەنواند. هیوای هەموو لایەکیش ئەوەبوو کە لە کوردستانی ئازادی دوای ساڵی ١٩٩١ و بە تایبەت دوای ٢٠٠٥ و دامەزرانی حکوومەتی هەرێم، تاوان ڕوو لەکەمی بنێت، بەڵام بە داخەوە حیسابەکان بە پێچەوانە دەرچوون و ئەگەر لە ڕابردوودا خەباتی نەتەوەیی وەک 'حبل المتین'ێک خەڵکەکەی بەیەکەوە گرێدابوو و چاوی تەماعیانی بەستبوو، دوای ئەو ئازادییە هەموو ساڵێک ژمارەی تاوانەکان بەرەوژوور چوون و تەنانەت هەر لەو دوو مانگەی شەش و حەوتی ئەمساڵدا دا کە تۆماری تاوانەکان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە وەستێنرا، لەچاو مانگەکانی پێشتر، بە شێوەیەکی جێگەی خەفەت، زیادی کردووە. نووسەر ناتوانێ دووبەرەکیی ناو ڕیزەکانی گەل بە کێشە سیاسییەکانەوە پەیوەندی نەدات. ناکۆکیی نێوان حزب و لایەنە دەسەڵاتدارەکانی حکوومی بۆتە هۆی دڕدۆنگیی کۆمەڵانی خەڵک لە یەکتر و ڕق و کینی عەشیرەتێک لەعەشیرەتێکی تر، کە ماوەیەک بوو ڕاگوێزرابووە ناو سیاسەت و حزبایەتییەوە، هەر لە ڕێگەی ئەو حزبایەتییە ناساغەشەوە، چۆتە ناو دەمارەکانی کۆمەڵگا و بنەماڵە و تەنانەت ڕقبوونەوەی دانیشتووانی ئەم شار لەو شار و ئەم ناوچە و ئەو ناوچەی لێکەوتۆتەوە! ئەوانە بە بێدەنگی و وردە وردە زەمینە بۆ بێ باوەڕی بە یەکتر و ناخۆشەویستی و تاوانبار کردنی یەکدی خۆش دەکەن. کە نیشانەیەکی گەلێک بەرچاوی ئەو حاڵەتە، هەست بە پێداویستیی کردنە بۆ ڕاگرتنی چەک لە ماڵ و لە دەستی تاکەکەسی ناو کۆمەڵگادا، ئەو خەڵکانەی وا هەرکام لە ترس یان ڕقی ئەویتر، دەست لە سەر پەلەپیتکەی چەک هەڵناگرن و ئەوە یەک لە مەترسییە گەورەکانی ناو کۆمەڵگا بچووکەکەی ئێمەیە. لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا یاسا جێگەی ئەو چەکە پارێزەرە بۆ خەڵک دەگرێتەوە.
ئەو ناتەواوییانەش لە پەنای گەندەڵی و کەم وکووڕییە سیاسی- ئابوورییەکان، هەرکام بە ڕادەی خۆیان بوونەتە هۆی بێ باوەڕی و دڕدۆنگی کۆمەڵانی خەڵک بە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی دادوەری و لەویش زیاتر بە بنەما سیاسییەکانی حکوومەتی خۆیی. بە داخەوە زۆرکەس لەبیریان دەچێت کە سەرەڕای هەموو کەم وکووڕییەکان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆر لایەنەوە دیاردەیەکی شاز و نایابی ناوچەکە و هەلێکی مێژووییە بۆ گەلەکەمان کە چەندەها سەدە چاوەڕوانمان کردووە و لاوازکردنی بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان دەبێتە تاوانێکی مێژوویی و پەڵەیەک بە ناوچاوانی نەوەی ئێمەوە کە بۆ چاوچنۆکی تاکە کەسی، یان ڕقەبەرایەتی حزبی، خەریکین بنکۆڵی دەکەین. بێگانەی دۆست یان دوژمن، بە وردی کوردستانیان خستۆتە بەر چاوەدێری. دوژمن ناتەواوییەکانی حکوومەتی هەرێم گەورە دەکاتەوە و بۆ لەناوبردنی کەڵکیان لێ وەردەگرێت.
لەلایەکی دیکەوە، باشوور و ئەزموونەکەی بۆ بەشێکی زۆر لە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان، دیاردەیەکی پیرۆز و قیبلەی ئاواتی لەمێژینەیە، دەوام و مانەوەشی لەوپەڕی گرنگیدایە. ئەوان لای بێگانە و داگیرکەر شانازی بە بوونی حکوومەتی هەریم و ئاڵای شەکاوەیەوە دەکەن. هەربۆیەش بە تامەزرۆییەوە دەڕواننە دەسکەوتەکانی و تا ڕادەیەک چاو لە کەم وکورتییەکانی دەقووچێنن. هەم خەڵک و هەم دەسەڵاتدارانی حکوومی دەبێ بەو ڕاستییە گرنگە بزانن کە سەرمەشقی خراپ، مەشقی خراپی لێ دەکەوێتەوە، واتە هەڵەی باشوور دەتوانێ کاریگەریی خراپی لە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستان هەبێت؛ پێچەوانەکەشی ڕاستە.

# دۆخی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا

بۆئەوەی بنەما و هۆکارە سیاسی – کۆمەڵایەتی – ئابوورییەکانی کاریگەر نەبوونی یاسا لە کۆمەڵگای مەدەنیی باشووری کوردستاندا بدۆزرێنەوە. دەبێ بابەتی یاسا و پەیڕەو کردنی لە چەند ڕەهەندی جیاوازەوە سەیر بکرێت ئەو ڕەهەندانە بەشێکیان کلیلی و چارەنووسسازن، بەشێکیشیان کاریگەری کەمتریان هەیە بەڵام هەن و شوێن دانەریشن.

**دەستوور.** ڕوون نەبوونی شوێنی دەستووریی هەرێمی کوردستان لە وڵاتێکدا بەناوی عیراق، هەروەها هێنانەگۆڕ و پاشان بەڕێوە نەچوونی مادەی ١٤٠ سەبارەت بە ناوچە داگیرکراوەکانی کورد؛ گێژوگومی لەمەڕ عیراقی بوون بە پێوانە فەرمییەکان و کوردستانی بوون وەک ئارەزووی لایکەم ٩٢٪ ی خەڵک،[9] هەندێک لەو کێشە سەرەکییانەن کە لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە لەبەردەم خەڵک و حکوومەتدا قوت بوونەتەوە و بە چارەنەکراوی ماون. ئێستا بۆ زۆر کەس مەسەلەی مل دانەواندن یان دانەنەواندن لەبەرانبەر یاساکانی سەردەمی بەعسدا پرسیارە و تا ڕۆژێک کە سنوورەکانی خاکی کورد بە فەرمی دیاری نەکرێن و پەسندی نێودەولەتییان لە پشت نەبێت، تەنگ وچەڵەمەکانی دەستوور لە وڵاتەکەماندا بە ڕوونی و چارەسەرنەکراوی دەمێنن.

**دوانە بوونی یاساکان.** بەڕێوەچوون یان نەچوونی هەندێک لە یاسا حکوومییەکان سەرجەم لە سەر دووڕێیانی 'عیراق – کوردستان' چەقیان بەستووە و کێشەکە لە ساڵانی دوای ٢٠٠٥ ەوە یەکلایی نەبوونەتەوە. بۆ نموونە، بە گوێرەی هەواڵێکی ڕۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ ی میدیاکان، هەرئێستا ٧٠ کەس تەنیا لە زیندانەکانی دهۆکدا ڕاگیراون کە قەراری ئیعدامیان بۆ دەرچووە لە حاڵێکدا قەرارەکە نە هەڵدەوەشێتەوە و نە بەڕێوەدەبرێت. ئەوەندەی زانرابێت، زوربەی زۆری ڕێبەران و کاربەدەستانی حکوومییی کورد وەک گەلانی پێشکەوتووی ئەم جیهانە، دژ بە قەراری ئیعدامی تاوانباران وەستاون و ئەوە جێگەی خۆشحاڵی و شانازیی هەموو ئەوکەسانەیە کە باوەڕیان بە مافەکانی مرۆڤ هەیە و لێی تێدەگەن. دیارە زۆرایەتییەک لە بەغدا و عیراق بە گشتی ئەو ڕوانگەیەیان نییە و ئەگەریش هەبێت لە ژێر سێبەری قورسی نەریت و ئاییندا، هەناسەی لێبڕاوە و هیچی پێناکرێت. بەگوێرەی ئەوان ئیعدام کردنی 'تاوانباران' دیاردەیەکی عورفی-ئایینییە و تەنانەت واجبێکی کەفاییە! لە ناو هەندێک لەو لایەنانەدا کردەوەی سەیر وسەمەرەتری هەزار ساڵ پێش ئێستای وەک فڕێدانە خوارەوەی تاوانبار لە سەر چیاوە و ڕووخاندنی دیوار بەسەریدا، خوازیاری هەیە! ئەو ئاکارانە بە هەرناوێکەوە بێت، لەگەڵ شارسانیەت و ژیانی ئەمڕۆییدا یەک ناگرنەوە.

**عورف و ئایین لەبەرانبەر یاسای مەدەنیدا.** دەسەڵاتی داواکاری گشتی و دەزگای قەزا لە هەرێمیش و عیراقیشدا لە بەرانبەر پێکهاتنی

لایەنەکان لە دەرەوەی دادگا و لێبووردنی خاوەن خوێن کە بنەماڵە و کەس وکاری کووژراوەکان بن، کەم دەسەڵاتە و ئەوەش ڕەگی لە عورف و ئاییندا داکوتاوە. خاڵی گرنگی جیاکەرەوەی یاسای وڵاتانی ئێمەمانان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەگەڵ وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لەوەدایە کە لای ئەوان تاوانبار و پێشێلکاری مافە گشتییەکانی کۆمەڵگا بە ڕەزامەندی و لێبووردنی تاکی قوربانی یان کەس وکار و خاوەن خوێن لە دەست یاسا ڕزگاریی نابێت لەبەر ئەوەی سزای گشتیی یاسایی هەر بەسەردا دەسەپێت و ڕەزامەندی خاوەن خوێن ناتوانێ مافی گشتیی کۆمەڵگالەناو بەریت. ئەوە کێشەیەکی قووڵە و بە هۆی دەسەڵات سەندنی ئیسلامی سیاسی لەناوچەکەدا واهەیە بۆ ماوەی ساڵانێکی دوورودرێژی دوای ئەمڕۆش چارەسەر نەکرێت و یاسای هەمەگیر نەتوانێ دەوری ڕاستەقینەی خۆی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا بگێڕێت.

**مەسڵەت کردنی عەشیرەتی.** ئەم خاڵە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بابەتی پێشووترەوە هەیە. بە هۆی ئەو ڕاستییەی کە بڕیاردان لەسەر 'قەتڵی نەفس' و زەرەر و زیان گەیشتن بە ماڵ و گیان و ناموسی مرۆڤ دراوەتە دەست خەڵکانی ناپیشەیی بۆ مەسڵەت و دیزە بەدەرخۆنەکردنی تاوانەکان لە ڕێگەی ڕیش لەبەرنان و تکا و خواهیشت و پاڕانەوە و پارەدانەوە. واتە دیاردەی 'مەسڵەتی عەشیرەتی' وەک لەشی زیندووی پێوەندە هۆزایەتییەکانی سەدەکانی پێشوو، ڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر لاوازبوونی دەزگای دادوەری و دەسەڵاتی حکوومی. لەو دوو پێگە بڕیاردەرە بەهێزە واتە دەزگای دادوەری و دیوەخان، هەرچەندە یەکەمیان بەهێزتر بێت، دووهەمیان لاوازتر دەبێت و بە پێچەوانەش.
دیاردەی مەسڵەت زۆرجاران لە بەرژەوەندیی زۆرداران و دەسەڵاتداران و چەوسێنەراندا بووە کە هەم خاوەن هێز و پارە بوون، هەم خەڵکی وایان لە دەوروبەر بووە بۆیان بچنە تکا لای هەژار و چەوساوەکان و بە خواهیشت یان هەڕەشە، یان دەم چەورکردن ڕەزامەندییان لێ وەربگرن.[10] کەس وکاری قوربانی گەلێک جار ناچار بە مەسڵەت کردن بوون لەبەر ئەوەی دەرەقەتی هێزی تایفە و هۆزێک نەهاتوون کە چەند قات لەخۆیان بە دەسەڵاتتر و بە ژمارەش لەوان زیاتر بوون.
کێشەیەکی دیکەی مەسڵەت ئەوەیە کە ئەگەر بێت و ڕەزامەندیی کەس وکاری قوربانی بۆ داکووژاندنی کەیسەکە وەرنەگیرێت، ئەودەم بە بەرچاوی یاساوە سەرەتای دوژمنایەتییەکی خراپتر و قووڵتر دادەمەزرێت کە هەندێک جار چەند ساڵ درێژە دەکێشێت و چەندەها خوێنی دیکەی تێدا دەڕژێت. لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا هیچ کەسایەتی یان دەزگایەکی سیاسی یان ئایینی بوونی نییە کە بتوانێ ڕەوڕەوەی یاسا بوەستێنێت یان چەواشەی بکات و شێوازێکی جیا لە شێوازی باوی یاسا مەدەنییەکە بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت.

**هێزی بەڕێوەبەرایەتی دژ بە هێزی دادوەری.** دەسەڵاتی بێ سنووری هەندێک بەرپرسی حزبی و هێزی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانبەرانی ورد و درشتی حکوومی و دەروبەریان لە ناوخۆی هەرێمدا، بە ڕادەیەکە کە یاسا و قەراری دەرچووی حاکم و داوەران دەرەقەتیان نایەت و بڕیاری دادوەر دژ بەوان و کەس وکار و خزم و نزیکیان لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە و بەڕێوە نابرێت. ئەم ناتەواوییە بە سەربەخۆ بوونی هێزی دادوەری و هاتنەدەر لە ژێر چەپۆکی هێزی بەڕێوەبەری (چ مەدەنی و چ سوپایی) نەبێت چارەسەر ناکرێت بەتایبەت کە هەردوو ئەو ئەنستیتووتانە ڕەنگی حزبییان لێدراوە و دەسەڵاتی حزبی بڕیاردەری کۆتایی کارەکانە.

**ناتەواویی ئابووری و هەژاری.** لە ماوەی ئەم ۲۰-۳۰ ساڵەدا، کە زوربەیان لە پێوەندی حکوومەت و دەوروبەری حزبە دەسەڵاتدارەکان وەک قارچک هەڵتۆقیون، بۆتە هەژاریی بەشێکی زۆری خەڵکەکەمان لەلایەک و سەرهەڵدانی دەوڵەمەند و ملیۆنەرێکی زۆر لە هۆکار بۆ گەورەبوونەوەی کەلەبەری چینایەتی لە کوردستان. کۆمەڵگایەک کە لاقی لە سەر زەویی نەریت بەندە و زوربەی ئەندامەکانی باوەڕیان بەعورف و ئایین هەیە، کاتێ بەخێرایی بەرەو هەڵپەهەڵپی سەرمایەداری دەئاژوێت کە تێیدا، وەک یاسایەکی جیهانی، گەلێک لە بایەخە ئەخلاقییەکانی جێگەی ڕێزی ڕابردوو دەبنە قوربانی و فڕێدەدرێن بە بێ ئەوەی بایەخێکی نوێی هاوکاری و هاوپشتی و هاودەردی شوێنیان بگرێتەوە، خەڵک لە خۆیان و کۆمەڵگاکەیان نامۆ دەبن و دیاردەی وەکوو ڕێز گرتن لە بنەماڵە و مامۆستا و بەرپرس و کاربەدەستی خۆجێ یی و حکوومی ڕێز و برەویان نامێنێت. لە هەواڵەکانی تۆمارکراوی ئەم لێکۆڵینەویەدا دەبینین باوکی شەش منداڵ لەبەر نەداری بە پەت خۆی دەخنکێنێ، مامێکی پارێزەر لە سەر کێشەی میرات و دارایی برازای خۆی دەکووژێت، باندێک دەگیرێن کە بەقاڵێکیان کوشتووە و تاوانی جۆراوجۆری دیکەشیان کردووە، لە کەرکووک لە ماوەی ۹ مانگدا ۱۸ شۆفیری تەکسی دەڕفێنرێن و دەکووژرێن، مامۆستایەکی ئایینی بۆ ٦ هەزار دۆلار دەکووژرێت، هەڕەشەی کوشتن لە دەرمانسازێک دەکرێت کە تەزویرچی و قاچاخچی دەرمانی بۆ کوالیتی کۆنتڕۆڵ ئاشکرا کردووە، کچێک کە کەس ئامادە نییە بیگرێتە خۆ هەوڵی خۆکوشتن دەدات، ئەوانەش سەرباری ژمارەی زۆری ژنانی بێ پەنا لە شەلتەری ژنان و خانەی داڵدەی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراودا کە خۆیان دەسووتێنن یان دەخنکێنن.
تێپەڕبوونی کۆمەڵگا لە قۆناغ و بارودۆخی کۆنەوە بۆ هەل ومەرجێکی نوێ و بەرەنگار بوونەوەی تەنگ و چەڵەمەکانی سەر ڕێگای ئەو ڕاگوێزرانە، لێزانی و مشوورخواردنی پسپۆڕانەی دەوێت. تاکی کۆمەڵگا، بەتایبەت خەڵکانی هەژاری ژێر باری قورسی ژیان و بنەماڵەی کەم داهات، گەلێک جار خۆ ڕێکخستن لەگەڵ کەش و هەوای تازەیان بە هاسانی بۆ ناچێتە سەر و پشتیان لە ژێر باری گرانی گۆڕانکارییەکاندا دەچەمێتەوە. ئەوە ئەرکی کۆمەڵگا و بەرپرسان و ڕێبەرانیەتی لە ڕێگەی بنیاتنانی دامەزراوە و سەنتەر و ڕێکخراوەی شارەزا و هێنانەکایەی پشتگیری و یارمەتی هەمەچەشنەوە (یارمەتی دارایی، فیکری، یاسایی، پزیشکی، تەندروستی دەروونی و...) بە هانایانەوە بچێت و ببێتە دەلیلی ڕێگایان بۆ ئەوەی هەست بە بار سووکی بکەن و لە باری دەروونییەوە تێک نەچن.

**چۆنیەتی بەڕێوەبردنی یاسا.** با سەرەتا ئەم هەواڵە ببیسین: " کەسەکە بە بەرچاوی منداڵەکانیەوە دوو گوللە لە ژنەکەی خۆی دەدات و دەیکووژێ و تەنیا بە پێنج ساڵ بەندکردن سزا دەدرێ. " (ڕووداو، ۲۰۱۸/۱۲/۳۱).نووسەر مافناس نییە و ناتوانێت لە لایەنی یاسایی کارەکان بکۆڵێتەوە بۆ نموونە نازانێت هۆکار بۆ ئەو بڕیارەی سەرەوە کە بەڕواڵەت لەگەڵ گرنگایەتی تاوانەکەدا یەک ناگرێتەوە، چی بووە. بەڵام ئەوەی وا بە گشتی لە ڕووداوەکان و ڕەوتی کاروبار لە کوردستان دەردەکەویت، ئەوەیە کە درزێکی گەورە لە دیواری یاسا و بەڕێوەبردنی دادپەروەریدا دەبینرێت؛ هۆکاری ئەوەش لاوازیی دەزگای دادوەرییە لەبەرانبەر دەزگای بەڕێوەبەرایەتی و ئیجرائیدا، ئەوەش دژ بە هەموو بنەماکانی دیموکراسییە بۆ کۆمەڵگایەک کە شێوازە ڕواڵەتییەکەی دیموکراتیانەیە و پەرلەمان و هەڵبژاردن و یاسای تاوان و سزادانی هەیە بەڵام کردەوەی ئەو دەزگایانە بە چاو نابینرێت.

هەر لە پێوەندی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی یاسادا پێویستە ئاماژە بە دیاردەی گەندەڵی بکرێت کە بە داخەوە وەک پەتاپیسە، تان **.گەندەڵی**
وپۆی دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی و هەندێک جار تەنانەت دەزگای دادوەری هەرێمیشی تەنیوەتەوە و بۆتە بەرگر و لەمپەر لە بەرانبەر
دەرچوونی قەراری دادپەروەرانەی ئەو دەزگا گرنگە مەدەنییەدا. دیارە ئەو بۆچوونە تەنیا گەندەڵەکان دەگرێتەوە و پاکداوێنی و
دەستپاکیی ئەوانی تر، کە بە تایبەت لە دەزگای قەزادا هەن و زۆریشن، ناکات بەژێر لچەوە. لە کوردستان بێت یان هەرشوێنێکی دیکەی
ئەم جیهانە، ئەگەر تاک یان دام و دەزگایەک، بە هەر ناویک و هەر ئامانجێک بەربەست لە سەر ڕێگەی یاسا و بەرێوەچونی دابنێت،
یان ملهوڕ و زۆرداره یان گەندەڵ و بەرتیل خۆر و بۆ بەرژەوەندییەکی جیاواز لە خێر و مەسڵەحەتی کۆمەڵگا ئەو هەنگاوە هەڵدێنێتەوە.
.لە ئامارەکانی ناو ئەم تویژینەوەیەدا نیشانەی گەلێک چەواشەکاری لە کاری یاسادا دەبینرێن

دام و دەزگای بەڕێوەبەرایەتی (پۆلیس و سوپا و فەرمانبەرانی مەدەنی) لە هەموو کۆمەڵگایەکی دیموکراتیکی ئەمڕۆدا **.ئازادی کوژی**
ئەرکیان بەریوەبردنی دەقاودەق و بێ ئەملا و ئەولای یاسای پەسندکراوی پەڕلەمان و دەزگای قەزا (دادوەری)یە. دەست تێوەردان و
بەکارهێنانی سەلیقەی شەخسی لەلایەن ئەندامانی ئاسایی کۆمەڵگا یاخود دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتییەوە، کوشتنی ئازادی و
سەرپێچیکردنە لە یاسای دامەزراوی کۆمەڵگا. دەزگای بەڕێوەبەرایەتی تەنیا کاتێک دەتوانێ بچێتە ناو ژیانی خەڵکەوە کە هەست بکات
سەرپێچییەک لە یاسا کراوە و بیەوێت سەرپێچیکار بباتە بەردەم دەزگای دادوەری بۆ ڕوون بوونەوەی ئەگەری ئەو سەرپێچییە.
بەرپرسانی دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی، تەنانەت لە ریزەکانی سەرەوەشدا، مافی دەست تێوەردانی یاسایان بە بێ پەسندی دەزگای
.یاسادانەر(پەڕلەمان) نییە و ناتوانن لەسەر تاوانبار بوون یان نەبوونی کەسێک بڕیار دەربکەن و بڕیاری خۆیان بەڕێوەش ببەن
هەڕەشە لێکردن یان کوشتنی ڕۆژنامەنووسانێک کە داکۆکی لە ئازادییە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، لەلایەن هەرکەسێک و
لایەنێکەوە بێت، سەرپێچی ئاشکرایە لە قانوون. بێ سزا مانەوەی هێرشکار یان بکوژ، بێ دەسەڵاتی و گەندەڵیی دەزگای دادوەری
دەگەیێنێت. دیموکراسییەکانی ئەمڕۆی جیهان بۆ گەیشتن بەم قۆناغەی ئێستایان کە شا و گەدا لە بەرانبەر یاسادا هاوچارەنووسن، لە پلە و
پایەی تاوانبار سڵیان نەکردۆتەوە و گەلێک جار بووە کە دەزگای بێ لایەنی دادوەری، بە پێی یاسا، شاهان و بەرپرسانی تاوانباری
خۆیان سزای سەخت داوە. ئەو کارە بۆتە هۆی ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک سەرینی ئیستراحەت بنێنە ژێر سەریان و کاروباری کۆمەڵگا بە
هێمنی بەڕێوە بچێت لەبەر ئەوەی ئەندامەکانی دڵنیان لە ئەگەری پێشێلکرانی مافەکانیاندا دەزگایەکی بێ لایەنی دادوەری هەیە داکۆکییان
لێ بکات، بە تایبەت کە خەڵکانی هەژار و کەم داهات دەتوانن بە بێ پارە و مەسرەف و لە سەر خەرجی حکوومەت پارێزەر و
لایەنگری مافەکانی خۆیان هەبێت و بە بێ چاونزێری لە دادگادا بەرانبەر بە سەرپێچیکار بوەستن و مافی لە دەستچووی خۆیان وەدەست
بێننەوە، با سەرپێچیکارەکە دەوڵەمەند یان دەسەڵاتدار یان ئەندامێکی باڵای حکوومەتیش بێت. بە کورتی، لەو وڵاتانەدا پارێزەر و
داکۆکیکاری ماف تەنیا بۆ دەوڵەمەند و پارەدار نییە و بۆ هەموو کەسە. هەر بۆیەش هەژار و دەست نەڕۆیشتوو دەتوانێت و دەوێرێت لە
.بەرانبەر دەسەڵاتداردا بوەستێت و مافی خۆی بچەسپێنێت
ئێمە و کۆمەڵگاکەمان بۆ گەیشتن بەو ڕۆژە ڕوونە پێویستمان بە سەربەخۆیی و سەروەریی یاسا هەیە و ئەوە ئاواتێکی دوورەدەست و
نەگونجاو نییە. ئەو ئاواتە کاتێ مسۆگەر دەبێت کە دەزگای بوروکراسی یان عورف و ئایین یان پووڵ و پارە نەتوانێت دەست لە
کاروباری دادوەری وەربدات. لە کۆتایی کاردا دەبێ کۆمەڵانی گەل و بەرژەوەندییەکانیان سەرچاوەی هێزی کۆمەڵگا بن، نەک تاکی
.دەسەڵاتداری گیرفان زلی بێ باوەڕ بە خەڵک

بەربەست بوونی هەندێک ئازادیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی بۆ نموونە، لە مەسەلەی **.بەربەست بوونی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان**
پێوەندی کچ و کوڕ و مافی جنسی و توانای دەربڕینی خواست و مەیلی سروشتیدا، بەشێک لە لاوانی ئەمڕۆی کوردیشی وەک عیراق و
زوربەی وڵاتە عەرەبی و موسوڵمانەکان، لە کۆمەڵگاکە و شێوازی بەڕێوە بەرایەتییەکەی دڕدۆنگ و بەدگومان کردووە. ئەوان لە
کۆمەڵگای هەردەم بگۆڕی ئەمڕۆدا هەست دەکەن مافە سروشتیەکانیان بە ناحەقی لێ زەوت کراوە و نەوەی کۆن خواستی تێگەیشتن لە
نیازەکانی ئەوانی نییە. بەشێکی بەرچاو لە کوڕ و کچانی گەنج دەپرسن بۆچی دەبێ تەنانەت بە ڕادەی لاوانی تورکیا و ئێرانیش لە
هەڵبژاردنی شێوەژیانی خۆیاندا ئازادییان نەبێت. ئەو هەستە لە کۆمەڵگا نەریتییەکەی خۆیان دووریان دەخاتەوە کە بەتەعبیری ئەوان
دواکەوتووتر لە جیهانی دەرەوەیە و وەک ئاکامێکی ئەو بۆچوونە، وەفاداری بە یاسا و پەیڕەوەکانی ناو کۆمەڵگایان تێدا دەفەوتێت؛
ئەوەش زۆرجار دەگاتە ئەنجامی سەرپێچی و تاوان، یان هیچ نەبێت کەس و کار و وڵات بەجێ هێشتن و ڕووکردنە ئەوروپایەک کە
لایان وایە و لە هاوڕێیانی خۆیانی دەبیستن تێیدا دەرەتانی دابین کردنی مافی چارەنووسی شەخسی و لە یەک وشەدا ئازادییەکی ڕێژەیی
لە بەند وبەستی بنەماڵە و کۆمەڵگا زیاتر و مسۆگەرترە. ئەوەش بە واتای لەدەستچوونی هێزێکی زۆری بەرهەمهێنەر، کە لاوەکانمان بن
و تێکچوونی نەزم و نیزامی بنەماڵە و نەمانی سەربەخۆیی ئابووری و بەسترانەوەی زیاتری وڵات بە بەرهەمی لاوەکییەوە، خۆ ئەگەر
ئالوودەبوونی بەشێک هەر لەو پەنابەرانە بە دەرمانخواردن و نەخۆشیی جنسی و قاچاخچییەتی و زەواجی سەرنەکەوتوو و کەوتنەوەی
منداڵی بێ سەرپەرشت و گەلێک کێشەی مەزنی دیکەی کۆمەڵایەتی و خێزانیی تێدا نەگیرێتە بەرچاو، کە نووسەی ئەم توێژینەوەیە
ڕاستەوخۆ لە ماوەی زیاد لە ٢٠ ساڵ کارکردن لەگەڵ پەنابەرانی کورد لە بەریتانیادا گەلێکیانی بەچاوی سەر بینیوە و لە پۆلیسخانە و
.دادگا و زینداندا ڕووبەڕوویان بۆتەوە
هەرچۆنێک بێت، سەیرێکی ساکاری ئەو ئامارەنەی سەرەوە دەریدەخات کە ژمارەی تاوانەکان لەو شوێنانەی وا ئازادییەکی ڕێژەیی
هەیە، کەمترە لەو شوێنانە کە پاشماوەی شێوە ژیانی خێڵەکی تێیاندا بەهێزترە و بەربەست لە سەر ڕێگەی ئازادییە تاکەکەسییەکان
زیاترن. بۆ نموونە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانی ئێمە، لە کەرکووک، کە لەم چەند دەیەی ڕابردوودا پشتگوێ خراوە و بۆتە قوربانیی
ململانێی بەغدا و هەولێر و تەنانەت هەولێر وسلێمانی و متمانە بە ژیان کەمتر و ئاڵۆزی و تێکگیرانی قەومی زیاترە، ڕادەی تاوانیش
بەرزتر لە زۆر شوێنی دیکەیە. هەواڵێکی زۆرمان لە هەورامان و خانەقینەوە پێنەگەیشتووە و بەم پێیە، دەکرێ بە ئیحتیاتەوە بڵێین لەو
.دوو ناوچەیە هێمنایەتییەکی زیاتر باڵی بەسەر ژیاندا کێشاوە
دیارە هەندێک هۆکاری دیکەش هەن کە هەموو بەسەریەکەوە ئەو بارودۆخەیان خوڵقاندووە و لە ناویاندا سەرەڕۆیی و چەک
بەدەستەوەبوونی خەڵک و هەستی تۆڵەسەندنەوەی تاکەکەسی و بنەماڵەیی، هەڕەشە و گوڕەشەی کەس وکاری تاوانباران لە لایەک و
دەرەتانی تکا و ڕجا و ڕیش لەبەر گرتنی ڕیش چەرمگ و ناسیاو بۆ چاوپۆشی لە تاوان و تاوانبار و تەنانەت ترسی گیان و ئاسایشی
دادوەران و پارێزەران و داواکاری گشتیش کە گیان و ژیانی هەرکامیان بە پەلەپیتکەی دەمانچەی خزمێکی دوور و نزیکی تاوانبارەوە
بەندە، هۆکارن بۆ درێژە کێشانی ئەو هەل ومەرجە. بەڕێوەبردنی یاسا تەنیا بە دەزگای دادوەری گونجاو نابێت و هاوکاری و هاوپشتیی

هەموو سیستەمی حکوومەتی پێویستە بۆ ئەوەی تاوانبار و لایەنگرەکانی ئاوی گوێیان دابدرێت کە بە زەبری پارە و پاڕانەوە و دیوەخان و شێخ و وەمەلا و مەسئوول و حزب ناتوانن لە ژێر باری کردەوەی تاوانبارانە دەربچن. تەنیا لە ڕێگەی ئەو کارە هاوبەشەوە دەتوانین دڵنیابین کە ئاسایش و هێمنایەتی باڵی پیرۆزی خۆی بەسەر نیشتمانە خۆشەویستەکەماندا دەکێشێت.

**مەسەلەی ئیعدام.** لە پێوەندی سزای تاوانباراندا، بە تایبەت کاتێ کە باس لە کوشتن دێتەپێشەوە، دەست بەجێ پرسیاری ئیعدامی تاوانباران سەرهەڵدەدات. ئاشکرایە لە ڕووداوی تاوانبارانەی وەک کوشتندا زوربەی هەرەزۆری کەس وکاری قوربانی و خەڵکانی ئاسایی لایەنگری تۆڵە و قەساس و ئیعدامی بکوژ یان بکوژانی کەسەکەن و ئەوە دەرسێکە نەریت و ئایین لە ماوەی هەزاران ساڵدا فێریان کردووین. بەڵام لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم بەدواوە بەشی هەرەزۆری خەڵک لە سەرانسەری جیهان دەرسیان لە ڕابردوو وەرگرتووە و تێگەیشتوون کە ئیعدام نەیتوانیوە بەرگر بێت لە کوشتن و تاوانی زیاتر، هەربۆیەش قەراری ئیعدامیان لە یاساکانی خۆیان دەرهاویشتووە. خۆ ڕێک خستنی کورد لەگەڵ بەشی زۆری گەلانی جیهانی ئەمڕۆ تەنانەت وڵاتانی وەک تورکیا و ئازەربایجان و ئەرمەنستانی دەوروبەرمان نابێ کارێکی ئەستەم بێت. دیارە یاسایەکی ئەوتۆ پێویستی بە هەندێک ئامادەکاری وەک نەهێشتنی چەکی بێ مۆڵەت بە دەست خەڵکەوە و سەربەخۆ بوونی دەزگای دادوەری و دەست تێوەرنەدانی دەزگای ئیجرایی و دام و دەزگا نەریتییەکان بۆ نموونە، دیوەخانی سەرۆک عەشیرەتان لە کاروباری دادوەری هەیە. ئەوانە، ئەگەر خواست و ئیرادەی خەڵکیان لەپشت بێت، کاری نەگونجاو نین وەک بۆ گەلانی دیکەش نەگونجاو نەبوون. ئاشکرایە حکوومەتی هەرێم، لەو بوارەدا جگە لە بەربەستەکانی سەرەوە ڕووبەڕووی کێشەیەکی دیکەش دەبێتەوە ئەویش حکوومەتی ناوەندیی عیراق و یاساکانیەتی. بەڵام لێرەشدا کوردستان دەتوانێ دەورێکی پێشڕەوانە بگێڕێت و هەوڵی هاوڕا کردنی عیراق لەگەڵ خۆی بدات و بەم کارەی مێژوویەکی گەورەیی و سەروەری لە نێو هەموو وڵاتانی عەربی و ئیسلامیدا بۆ کوردستانی پێشڕەو مسۆگەر بکات. ئەوە نە خەون و خەیاڵە و نە ئارەزوویەکی دوورەدەست. حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانی بۆ ئەو کارە گرنگە و بۆ گەلێک کاری پێشڕەوانەی تریش، گوشار بخاتە سەر بەغدا.[11]

**بێ مافیی ژن.** لە بەشێکی بە داخەوە کەم ڕێزی و کەم بایەخیی ژنان لە کۆمەڵگای پیاوسالاری کوردستان دیاردەیەکی ناسراوە. لە بەرچاوی کەیسەکانی ناو ئەم توێژینەوەیەدا، بە تایبەت لەوانەی کە بە ناوی خۆسووتاندنی ژنان یان دۆزرانەوەی تەرمیان بە سووتاوی و خنکاوی ڕادەگەیێنرێن، لە ڕاستیدا کووژراون نەک خۆیانیان کوشتبێت و سووتاندبێت! بە داخەوە، پیاو بە گوێرەی نەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵگای کۆن و دەسەڵاتی زۆری عورف بە سەریەوە، شەریکی ژیانی ژن نییە بەڵکوو خۆی بە ئاغا و گەورە و تەنانەت 'خاوەن'ی ئەو دەزانێت و ئیتاعە و مل دانەواندنی بێ سنووری لێ دەخوازێت. لەئەنجامدا هەرچەشنە لادانێکی ژن لەو 'یاسا' دانراوەی خۆی و کۆمەڵگا، بە تاوان دەژمێرێت و بەشوێن سزادانیدا دەگەڕێت، لە زۆر کەیسیشدا بایەخی پێویست بە دەسەڵاتی دادوەری نادات و نایکاتە حەکەمی نێوان خۆی و ژن یان کچەکەی، لە ئەنجامدا خۆی دەسەڵاتەکە دەگرێت بە دەستەوە و لە تووڕەیی و هەڵچوونی تێپەڕ و کاتییدا سزای ئەو بە خەیاڵ تاوانبار و لە ڕاستیدا بێ تاوانە دەدات و زۆرجاریش بە مەسەلەی ناموسیی دەبەستێتەوە و بە ئاگاداریی لە نزم بوونی ڕادەی 'دیە'ی شەرعی و بڕەوی مەسڵەتی عەشیرەیی، تەوژمی ڕقی بێ مەنتیقی خۆی بەسەریدا دەبارێنێت، کە ئەویش خۆی لە گوللە یان چەقۆیەک یان بتڵێک نەوت و بەنزیندا دەبینێتەوە. ئەوە گەورەترین شەرمەزاریی کۆمەڵگای کوردە و بەداخەوە بێگانان کورد ڕاست بەو دیاردەیەوە دەناسن، واهەیە نەتوانین ناحەقیشیان بگرین.

**کوشتنی ناموسی.** لە درێژەی بابەتی سەرەوەدا، دیاردەیەکی گرنگ و جێگەی داخ هەیە کە لە کۆنەوە لە کوردستان بینراوە و مخابن لە ماوەی ئەم توێژینەوەیەشدا بە ڕادەیەکی زۆر خۆی پیشانداوە، ئەویش قەتڵی ناموسی واتە کووژرانی کچ و ژنی ناو بنەماڵەیەکە لە لایەن کەس وکاری نزیکی خۆیەوە بە "گومان" ی گەلێک جار بێ بنەمای خەیانەت یان دۆستایەتی و پێوەند گرتن لەگەڵ کوڕان! جیا لە مەسەلەی ناموسی و پێوەندی دوو هاوسەر لەگەڵ یەکتر، ژنان تەنانەت لە ماڵەبابی خۆیاندا مەترسی زیاتریان لەسەرە و لە لایەن برا و باوکەوە گیانیان لە مەترسییەکی زیاتردایە. لە ماوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا کچێکی ١٧ ساڵان بە دەست برای خۆی کووژراوە، ژنێک لە سەر نامەیەکی مۆبایل کووژراوە، کچێک خنکێنراوە و باوکەکەی دیار نەماوە، پیاوێک بە یارمەتی کوڕەکەی دایکی حەقی کوڕەکەی کوشتووە، پیاوێکی دیکە هاوسەری خۆی کە خاوەنی ٦ منداڵ بووە کوشتووە و سەمەرە ئەوەیە هەموو ئەو تاوانە چەپەڵانە و دەیانی دیکەش بە خەمساری کراون و هیچ هەواڵێک نەگەیشتۆتە دەستمان کە بکەری کارەکان دواتر لێیان پەشیمان بووبێتەوە، وەک ئەوەی کوشتنی کەسێکی، بە بۆچوونی ئەو، بە لاڕێدا ڕۆیشتوو، ئەرکی سەرشانی ئەو بێت و پۆلیس و دادگایەک و حکوومەتێک نەبن بە ڕاست و چەوتیی کێشەکە ڕابگەن!
ڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢٤ کە هێشتا ئەم لێکۆڵینەوەیە بڵاو نەبووبوەوە، هەواڵێکی جێگەی سەرنجی خەڵک و حکوومەت بڵاو بووەوە.
"بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماری شەش مانگی رابردووی خۆی بڵاوکردەوە." بە پێی ئامارەکە، "لە شەش مانگی ڕابردوودا، کە ماوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەش دەگرێتە بەر، لە هەرێمی کوردستاندا ٢١١ ئافرەت بە هۆکاری جیاواز کووژراو یان سووتێنراون....هەر لەو ماوەیەدا ٤٩٧٢ سکاڵاش تۆمار کراوە." لە هەر ڕوانگەیەکەوە بڕوانیە ئەو ئامارە کە لایەنێکی پێوەندیداری بەرپرسی کارەکە بڵاوی کردۆتەوە، ئامارەکان پێوانەیی و واهەیە نەک لە ناوچەکە بەڵکوو لە جیهاندا بێ وێنە بێت. ئێمە کێین؟ چیمان دەوێ؟ ئایا گورگ و بەرازیش لەگەڵ جنسی خۆیان ئەوە دەکەن کە ئێمە دەیکەین؟
بە حیسابی هەر ئەو ئاماری ٢١١ کەسە، هەموو مانگێک زیاد لە ٣٥ ژن و کچ لە هەرێمی بچووکی کوردستاندا دەکووژین تەنیا بە تاوانی ئەوەی مێیینەن و ئێمەی نێرینە دەرەقەتیان دێین! ئەوە دەکاتە ڕۆژی زیاد لە یەک ژن. لە ناو پێنج ملیۆن دانیشتووی کام وڵاتدا نزیکەی ٥ هەزار سکاڵای کوشتن و توندوتیژی دژ بە ئافرەت تۆمار دەکرێت واتە بۆ هەر هەزار کەس یەک سکاڵا. ئێستا زیاد لە نیوەی ئەو ٥ ملیۆنە منداڵن، ئەوان هیچ؛ دەمێنێتەوە ٢ ملیۆن و نیو. ئەوانەش نیوەیان ئافرەتن و ئەو کارە لەوان نەوەشاوەتەوە، واتە لە ناو ملیۆنێک و ٢٥٠ هەزار کەسی پاشماوەدا، کە نێرینەکانن، ٥ هەزار سکاڵای دەستدرێژی بۆ سەر مافی ژنان تۆمار کراوە، ئەوەش دەکاتە یەک لە ٢٥٠ پیاوی دانیشتووی هەرێم کە بەرتۆمەتی ئەو تاوانە قیزەوەنن. ئایا ئێمە ئەشرەفی مەخلووقاتین؟ ئایا نابێ بەخۆماندا بچینەوە؟

**بێ پەنایی منداڵ.** تەرمی منداڵێکی توندوتیژی دەرحەق بە منداڵ یەک لەو دیاردانەیە کە بەداخەوە لە کوردستان برەوی زۆری هەیە.

١٣ ساڵان لە سلێمانی دۆزراوەتەوە کە شوێنی لێدان بە سەر لەشیەوە دیار بووە، کچێکی تەمەن دوو ساڵان لەبەر سەرما ڕەق بۆتەوە، باپیرەیەک گوتوویەتی زاواکەیان ئاگری لە جەستەی ژن و سێ منداڵی خۆی بەرداوە و هەرسێ منداڵەکە کوژراون، تەرمی منداڵێکی شەش ساڵان بە دەست بەستراوی دۆزراوەتەوە کە دەستدرێژی کراوەتە سەری، منداڵێک بە پەت خنکێنراوە، سێ کەس دەستدرێژییان کردۆتە سەر کچێکی حەوت ساڵان، و...
کێشەیەکی دیکەی ناو بنەماڵەکانی کوردستان هەندێک هەڵسوکەوتی نالەباری دایک و باوکە لەگەڵ منداڵی بێدەسەڵات. نموونەکەی تووڕە بوونی زۆر و لێدانی منداڵە بە دەستی دایک و باوک، بەتایبەت باوک. ئەوە بۆ منداڵی ئەمڕۆ کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هەڵسوکەوتی دایک وباوکان لە وڵاتانی ئەورووپی یان ژاپۆن و کۆریا دەبینێت و لەگەڵ خۆی و بنەماڵەکەیدا بەراوردی دەکات گرێیەکی ڕۆحی دروست دەکات کە واهەیە تا کۆتایی تەمەن بۆی نەکرێتەوە و درز بکەوێتە دیواری پێوەندییەکانی لەگەڵ دایک و باوکی. ئەو منداڵەی وا لە ماڵەوە هەڵسوکەوتی خراپی لەگەڵ دەکرێت، هەمان تەعامول لەگەڵ خوشک وبرای بچووکتری خۆیشی دەکات و بەوشێوەیە کەلەبەری ناو دیواری پێوەندییەکانی بنەماڵە فراوانتر دەبێتەوە.
هەر لەو پێوەندییەدا دەبێ باسی بێ مافیی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بکرێت کە بنەماڵەش و کۆمەڵگاش وەک پێویست بە هانایانەوە ناچن. لەم هەواڵانەدا دەبیسین کە کچێکی خاوەن پێداویستی تایبەت لەجیاتی ئەوەی یارمەتی بدرێت، دەستدرێژی جنسی کراوەتە سەر!

**چەکی بێ مۆڵەت.** وەک هۆکارێکی گرنگی تاوانەکان دەبێ پەنجە بۆ ڕادەی زۆری چەکی بێ مۆڵەت بە دەست خەڵکەوە ڕابکێشرێت. چەکی بێ مۆڵەت بێگومان هۆکارێکە بۆ هاسان کردنەوەی کردەوەی قیزەوەنی کوشتن و بریندار کردن، جا خۆکوژی بێت یان خەڵک کوژی. بە گوێرەی ڕاپۆرتی سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی هەرێم، "٧٠٪ ی تاوانەکانی کوشتن بە چەکی بێ مۆڵەتەوە ئەنجام دراوە" (سایتی ئاوێنە، ٢٠١٨/١١/٢٣). لەو مەسەلەیەدا بارودۆخی گەلی کورد و خەباتی نهێنی دژ بە داگیرکەر لە ڕابردوودا، کە پێویستی بە ڕاگرتنی چەک لە ماڵی خەڵکانی شۆڕشگێڕدا هەبوو، هۆکارێکی سەرەکین. بەڵام سەبەبی گرنگتر دەبێ سەقامگیر نەبوونی دۆخی وڵات و ناوچەکە و بوونی تیرۆریستانی وەک داعش و بەکرێگیراوانی وڵاتانی دراوسێ بێت کە خەڵکەکەیان مەجبوور کردووە بۆ پاراستنی خۆیان چەکی ئامادە لە ماڵیاندا ڕابگرن. لە لایەکی ترەوە، دیارە چەکەکە خۆی تاوانبار نییە و ئەو دەستەی وا کەڵکی نابەجێی لێ وەردەگرێت تاوانبارە. دەستی تاوانبار، ئەگەر چەکی گەرمیشی دەست نەکەوێت واهەیە بە چەقۆ و کەتەر و پاچ و تەشوێ کارەکە بەڕێوە ببات. ئەوە لاوازیی دەزگای دادوەرییە لە کاری سزادانی سەرپێچیکەران و کەسانی خاوەن چەکی بێ مۆڵەتدا کە بۆتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگاکە ببێتە لەشێکی بێ سەر و هەرکەس هەرچییەکی ویست بە بێ ترس و ئەندێش کردن لە سزا دەیکات. کێشەی ناوخۆیی و شەڕەجنێوی ناو حزبە کوردییەکان و دابڕاویی کۆمەڵانی گەل بە سەر لایەنگرانی ئەم حزب و ئەو ڕێکخراوەی چەکداردا، هەروەها دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتی کۆنی نێوان بنەماڵە و عەشیرەتەکانیش دەبێ لە پێوەندیی بەکارهێنانی چەکدا بگیرێتە بەرچاو.

**هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات.** بەشێک لە تاوانکاران دوای بەڕێوەبردنی تاوانەکە، بێ سەروشوێن دەبن و بە ئەگەری زۆر سەر لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەردێنن بۆ ئەوەی لەوێ بە ناوێکی خوازراوەوە داوای پەنابەری بکەن. من خۆم لە لەندەن کەسێکم بینیوە کە دەگوترا ژنی خۆی کوشتبێت و بە یارمەتی حزبەکەی خۆی لە بەریتانیا پەنابەریی تەواوی پێدرابوو. جێگەی داخ ئەوەیە کە دەوروبەرییەکانیشی بەو ڕاستییەیان دەزانی بێ ئەوەی هیچکامیان لە قسەکردن و پێکەنین و قسەی خۆش کردن لەگەڵیدا بپەرموونەوە یان هەستێک بە شەرمەزاری بکەن یا هیچ نەبێ، بۆ ئەو کارە چەپەڵەی کردوویەتی سەرکۆنەیەکی ساکاری بکەن. لە ماوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا چەندەها کەیسی هەڵاتن و خۆ وون کردنی تاوانباران و هەڵاتنیان بۆ دەرەوەی وڵات ڕاگەیێنراون. لە هەولێر کوڕێک دەستدرێژی دەکاتە سەر خوشکەکەی و هەڵدێت، لە سلێمانی کوڕێک باوکی خۆی دەکووژێت و هەڵدێت، لە ڕانیە دووکەس بە چەک باوکێک دەکووژن و کوڕەکەی بریندار دەکەن ئینجا هەڵدێن و...
کێشەیەکی دیکە لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە دوای هەڵاتنی تۆمەتبار و چوونی بۆ دەرەوەی وڵات، لەجیاتی ئەوەی دەزگای دادوەری لە ڕێگەی ئینتەرپۆڵەوە کەسەکە بگەڕێنێتەوە ناو وڵات و پرس وجۆی مەسەلەکەی لێبکات، بنەماڵەکەی کەڵک لە نەریتی مەسڵەت کردن وەردەگرن و دوای ماوەیەک بە مشتێک دۆلار، کە تۆمەتبار لە ئەورووپاوە بۆیان دەنێرێت، سەروبەری کارەکە، تەنانەت ئەگەر مرۆڤکوژیش بووبێت، پێک دێنن و جەنابی بکوژ قیت و قۆز دەگەڕێتەوە ناو شار و گوندەکە و وەک مێشی لێ میوان نەبووبێت بە بەرچاوی بنەماڵەی قوربانییەکەوە دەبێتە بەرزەکی بانی دراوسێکانیان.

**ڕفاندن.** بریتییە لەو کردارە دژە یاساییەی کە کەس یان کەسانێک یان دام ودەزگایەک، بە زۆرە ملی ئەندامێکی کۆمەڵگا بە بێ خواست و ئیرادەی ئەو دەڕفێنن و وەک بارمتە ڕایدەگرن بۆ ئەوەی لە بەرانبەر ئازاد کردنیدا کەسانێک تەڵەکە بکەن و بچەوسێننەوە. بەشێکی دیکە لە ڕفاندنەکان بۆ خواستی چەپەڵی جنسییە و بەتایبەت کچان و ژنان دەگرێتەوە و هەندێک جار بۆ شوێنە گومکی و نەناسرانەوەی دەستدرێژیکاران، دەگاتە ئەنجامی کوشتنی ڕفێنراوەکانیش. لە هەواڵەکانی ناو ئەم توێژینەوەیەدا تووشی هەندێک کەیس دێین کە ڕفێنراوەکان کووژراویشن. لە کەرکووک ٣ کەس لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا دەڕفێنرێن و دەکووژرێن (ڕووداو، ٢٠١٨/١٠/٢٩).

**دەستدرێژی.** لە پێوەندی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، دەستدرێژی بریتییە لە پێشێل کردنی مافی یاسایی تاک و چوونە ناو حەریمی تایبەتی ئەوەوە بە بێ خواست و ئیرادە و مۆڵەتی خۆی. دەستدرێژی لە پلەی یەکەمدا ئەتک کردن و لاقەکردن دەگرێتەوە بەڵام گەلێک دیاردەی ناحەزی دیکەی وەک ناوزڕاندن، سووکایەتی پێکردن، جنێو پێدان، هەڕەشە لێکردن، زەوت کردنی ماڵ و دارایی و بە گشتی تێکدانی ئاسایشی شەخسی و خۆسەپاندن بە سەریدا دەکەونە ناو بازنەی دەستدرێژییەوە. بە داخەوە زوربەی زۆری ئەو دەستدرێژییانە بۆ سەر کچان و ژنان کراون، باوەکوو پیاوان و لاوان و مێردمنداڵان تەنانەت منداڵانی کەم تەمەنیش لە بەرانبەر ئەو کردەوە وەحشییانەیەدا پارێزراو نین. بەشێک لەو دەستدرێژییانە لە لایەن کەسانێکەوە بەڕێوە دەبرێن کە خزمی نزیک و دووری کەسەکەن و لە بارودۆخێکی ئاساییدا چاوەڕوان دەکرێت پارێزەری ماف و ناموسی قوربانییەکە بن، بەڵام بە پێچەوانە بەشێک لەو بەناو پارێزەرانەی ماف دەبنە دەستدرێژیکاری مافی قوربانییەکە.
لە هەواڵەکانی ١٣ مانگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەستدرێژیکردنی ئەندامانی بنەماڵە و خزم و کەس وکار بۆ سەر یەکتر، گەلێک بەرچاوە. کوڕێک باوکی خۆی بە چەقۆ دەکووژێت و دایکی خۆی بریندار دەکات، باوکێک کوڕی خۆی دەکووژێت، باوکێکی تر کوڕی خۆی بە

چەقۆ دەکووژێت، برایەک خوشکی خۆی لە سەر مۆبایل دەکووژێت، پیاوێک بە بەرچاوی منداڵەکانیەوە ژنەکەی خۆی دەکووژێت، بە شەڕە تەقەی سێ برا یەکیان دەکووژرێت، ژنێک بە دەمانچە مێردەکەی خۆی دەکووژێت، دایکی سێ منداڵ لەلایەن خوشک و براکانیەوە دەخنکێنرێت، کوڕێک بە دەست براگەورەکەی دەکووژرێت، کەسێک بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە ئاگری لە جەستەی ژن و سێ منداڵی خۆیان بەرداوە، و...

باوەکوو چەوسانەوەی جنسیی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە و کەم و زۆر لە هەموو کۆمەڵگایەکدا دەبینرێت، بەڵام لەناو ئەو کۆمەڵگا نەریتییانەی وا لە بەرانبەر گۆڕانکارییەکانی ئەم یەک دوو سەدەیەی دواییدا ڕاوەستاون و هاوشان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی نەچوونەتە پێشەوە، تاڕادەیەک زیاتر و توندوتیژترە.

دیارە ناتەباییەکی زۆر لە نێوان ژیانی نەریتیی کۆمەڵگا و ئەو شێوە ژیانەدا هەیە کە لە هەندێک هەواڵ و فیلم و ڤیدیۆ ڕۆژئاواییەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە و شەو وڕۆژ لە تەلەفیزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و ڤیدیۆ و یوتیووب یان فیلمی 'پۆڕن'ی سەر ئینتەرنێتدا دەکەونە بەرچاوی لاوان و بە شێوەیەکی سروشتی، لایەنگر و بینەر و شوێنکەوتووشیان هەیە. پێشکەوتی کەرەسەی پێوەندی بە تایبەت لەو ساڵانەی دواییدا کارێکی کردووە کە بەچرکەیەک دەکرێ لە بەرزایی چیاکانی ئاسیا و قووڵایی دەشتەکانی ئەفریقاوە پێوەندی بە نیویۆرک و لەندەن و پاریسەوە ببەسترێت. لە ئەنجامدا دۆزینەوەی ئەو چەشنە بابەتانەش لە سەر ئینترنێت تەنیا بە دوو سێ کلیک کردن و زۆرجار بە بێ پارە و مەسرەف مسۆگەر دەبێت!

بە داخەوە بەشێک لەوانە دەبنە نموونە و سەرمەشق بۆ هەندێک ئەندامی کۆمەڵگای ئێمەمانان و ئەگەر دەستەبەرکردنیان لە جیهانی واقیع و لە ژینگەی نەریتیی کوردستاندا گونجاو نەبێت، هەوڵ بۆ دابین کردنیان لە ڕێگەی ناسروشتییەوە دەدەن و بەوەش کارەساتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە.

ئەویینداری و خۆشەویستی لە نێوان کوڕ وکچ، لە کۆمەڵگای ڕەسەنی کوردستان واتە لە ناو گوندنشین و کۆچەراندا شێوازێکی مەنتیقی و سروشتی هەبووە و کوڕ وکچ بە هەندێک حەیا و شەرمەوە، بەڵام بە بێ ترس لە توندوتیژیی کەس وکار، یەکتریان خۆش ویستووە و چاویان بە یەکتر کەوتووە. شیعری گۆرانی و بەیت وباوە کۆنەکانمان، بۆ نموونە مەم و زین و لاس و خەزاڵ و خەج و سیامەند، پیشاندەری ئەو پێوەندییە سروشتییانەن. تەنانەت مەم لەگەڵ زیندا پێکەوە لە قوتابخانەیەک دەرسیان خوێندووە و لە منداڵییەوە یەکتریان ناسیوە. دزە کردنی داب و نەریت و ئایینی گەلانی دراوسێ بۆ ناو کۆمەڵگاکەمان، وەک داب و ڕەسمی خۆ شاردنەوەی کچانی عەرەب و ئێرانی لە ناو ماڵ و لەژێر چارشێو و ڕووپۆش، کە لە کۆنەوە لەناویاندا بووە و درەنگتر بەرگی ئایینی لەبەر کراوە، بەداخەوە هاتۆتە ناو ئێمەش و ئەو ئازادییە نەریتییە خۆماڵییە جوانانەیان لەدەست سەندووین. ئێستا کوردەواری بۆتە گۆڕەپانێکی شەڕ لەنێوان نەریتی ڕەسەنی خۆمان و داب و ڕەسمی بێگانان، کە بەداخەوە وێدەچێت ئەوان برەوەی کێبەرکێکە بن و ئێمە داب و ڕەسمەکەی خۆمانیان پێ بدۆڕێنین. دەنا بەشێکی زۆر لە گەلەکەمان هەزار ساڵە موسوڵمانە و لە عەینی کاتدا خۆشەویستی و حەزلێکەری و گۆرانی پێداهەڵگوتن و هەڵپەڕینی ڕەشبەڵەکشی هەر بووە، کچ و ژنیش چارشێوی بەسەردا نەداوە، لە پیاوی بێگانە نەترساوە و خۆی لێ نەشاردۆتەوە.

کوڕانی گوند هەمیشە بوونەتە بەرزەکی بانی ماڵەبابی کچان و کچیش دەسرە و کڵاوی بۆ خۆشەویستەکەی چنیوە؛ یان سێو و مێخەک و گوڵەمێلاقە بە دیاری بەیەکتر دراوە. هەردوو ڕەگەزەکە پێکەوە چوونەتە کارگ و کەما و فریزوو چنین و شەنگە بێری و کوڕەشوان بەبەرچاوی مەلا و فەقێ و مزگەوتەوە ڕۆژانە دەستی ڕەشبەڵەکیان گرتووە و تەنانەت فەقێی حوجرەکانی مزگەوت لە کوڕەلاوی ناوگوندیش دڵتەڕتر بوون. ئێستا کۆمەڵگاکەمان، کورد گوتەنی لە دوو دین بووە! لەلایەک هەموو ئەو نەریتە پاک و خاوێنانەمان لە دەست چووە، لەلایەکی تر، شێوەژیانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاواشمان وەرنەگرتووە کە لەوێشدا بەشێک لە جوانی و ڕازاوەیی ژیانی سوننەتی ئێمە هەیە: کور و کچ لە منداڵییەوە پێکەوە دەخوێنن، دەچنە ماڵی یەکتر و جەژن و پارتی پێکەوە دەگرن و هەڵدەپەڕن، ئیتر لە گەورەییشدا وەک جندۆکە لەیەکتر ڕاناکەن و خۆ ناشارنەوە.

بەربەستی قورس وقایم دانان لەسەر ڕێگەی پێوەندیی کوڕ وکچ و خواست و ئارەزووی جنسییان، نەک هەر داوێنی کۆمەڵگای بە پاکی و چاکی ڕانەگرتووە، بەڵکوو بۆتە هۆکاری گەلێک سەرپێچی و تاوان، ئەوەش نیشانە و نموونەکانی لە ناوهەواڵەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیەدا: هەشت کەس دەستدرێژی دەکەنە سەر کچێکی ١٢ ساڵان، سێ کەس دەستدرێژی دەکەنە سەر کچێکی ٧ ساڵان، پیاوێک دەستدرێژی دەکاتە سەر کچێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت، لاوێکی کورد لە ئاڵمانیا دەستدرێژی دەکاتە سەر کچێکی ١١ ساڵان و ماوەیەک دواتر کچێکی دیکە دەکووژێت کە دەستدرێژیشی کردۆتە سەر ئەویش، کوڕێک دەستدرێژی دەکاتە سەر خوشکی خۆی و هەڵدێت، هەروەها بە گوێرەی هەواڵێکی دژە تیرۆر، لە ماوەی نۆ مانگ [ی ساڵی ٢٠١٨]دا، لە هەرێمی کوردستان دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر ٨٧ ئافرەت. گەلۆ ئەوانە ووشیارمان ناکەنەوە؟ ئەگەر مامۆستاکان لێمان ناگەڕێن ڕەچاوی ئەورووپا و ئەمریکا بکەین، ئایا ئیجازەشمان پێ نادەن لە جیاتی داب و ڕەسمی عەرەب و ئێرانی، بگەڕێینەوە سەر نەریتی کۆنی باو وباپیرانی خۆمان؟

لاوازیی پێوەندەکانی بنەماڵە، دەتوانێ درەنگتر کارەسات بخوڵقێنێت. دایک و باوک **.لاوازیی پێوەندی لە نێوان ئەندامانی بنەماڵە** دوایین پەناگە و داڵدەی منداڵن لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانی ژیانیدا، جا ئەگەر ئەو داڵدەیە شێوا و ئەو پەنایە نەما، ئیتر ئەوان دەمێنن و کۆمەڵگای بێ بەزەیی، کە هەندێک جار چاوی تەماعیان تێدەبڕێت و بە سوودی خۆی کەڵکی نابەجێ و نەخوازراویان لێوەردەگرێت. مخابن، بەشێکی بەرچاو لە تاوانە تۆمارکراوەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە ڕاست لەلایەن کەس وکاری قوربانییەکانەوە بەڕێوەبراون جا باوک یان کوڕ یان برا، یان هاوسەر و مام و برازا و.... ئەوەش، قووڵایی تاوانەکان و دڵنیگەرانی دڵسۆزان لەمەڕ لاواز بوون و شل وشەوێقی پێوەندی بنەماڵەیی لە کۆمەڵگای کوردستاندا زیاتر دەنوێنن. بنەماڵە، جیا لە هەموو هەڵوێستێکی ئایینی، نەتەوەیی و زمانیی ئەندامەکانی، بەدرێژایی مێژوو پیرۆزترین پێکهاتەی مرۆڤ بووە. لە کۆمەڵگایەکدا کە ئەو ئەنستیتوتە پیرۆزە وا بێ بەزەییانە بکەوێتە بەر هێرشی ئەندامەکانی خۆی، چارەنووسی هیچکامیان ناتوانێ بریقەدار بێت. هەر لە هەواڵە تۆمارکراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەبینرێت چۆن کوڕ بە چەقۆ باوکی دەکووژێت و دایکی بریندار دەکات، کوڕێکی تر بە دەمانچە باوکی دەکووژێت، گەنجێک براگەورەی خۆی دەکووژێت، مام دوو برازای خۆی و برازایەک مامی خۆی دەکووژن، برایەکی ٢٩ ساڵان برای ٤٢ ساڵانی خۆی لەسەر دواکەوتنی نوێژەکانی دەکووژێت... و گەلێک هەواڵی دڵتەزێنی هاوچەشن.

لە هەواڵەکاندا دەردەکەوێت هەستی پاک و خاوێنی دڵداری و خۆشەویستی سروشتیی نێوان دوو مرۆڤ **!سۆز و دڵداری وەک تاوان** چۆن بە هۆی هەندێک نەریتی ناحەزەوە تێکەڵ بە تاوان و کارەسات دەبێت و چۆن پاکترین هەستی مرۆڤ بەرانبەر بەیەکتر دەخرێتە چاڵی ڕەشی نەریتی نابەجێ و ملهوڕی کردنی دایک و باوک و برا لە ئەندامێکی بنەماڵەکەیان کە زیاتر کچانن و بەداخەوە یان بە

دەستی ئەو بنەماڵە بێ بەزەییە دەکووژرێن یان خۆیان توانای هەڵگرتنی ئەو بارە قورسەی ژیانیان نامێنێت و خۆیان دەکووژن.

لە سەردەمی ئێمەدا ئەو پرسیارە گەورەیە هەردەم دێتە گۆڕێ بۆچی لاوان و بەتایبەت کچان مافی هەڵبژاردنی چارەنووسی خۆیان نییە و بۆچی دەبێ هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانێک بکەن کە خۆشیان ناوێن و تەنیا لەژێر گوشاری کەس وکاردا مل دادەبەن؟ لە پشت زوربەی زۆری ئەو کەیسانەدا خۆشەویستی و دڵداری دەردەکەوێت:

کچێکی دەسگیراندار خۆی خنکاند، کچێک بە گوللە خۆی کوشت، خۆشەویستەکەیان نەدایێ خۆی خنکاند، کچێک لە شەلتەری ژنان کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، بە سووتان کۆتایی بە ژیانی ژنێک هات، ژنێک لە نێو گەرماوی چاکسازیی ئافرەتاندا خۆی خنکاند، کچێک یەک ڕۆژ پێش دەرچوونی سووتا، ژنێک لە لایەن خۆشک و براکانیەوە خنکێنرا، ژنێک خۆی سووتاند و...

**هەڵوێستی بنەماڵە و کۆمەڵگا لەبەرانبەر قوربانیانی تاوان.**

لە دەزگای دادوەریی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا ڕێکخراوی تایبەت بە پشتگیری کردنی قوربانیان و کەس وکاریان هەیە کە بەشێکی زۆری ئەندامانی بریتین لە خەڵکانی خۆبەخشی ڕاهێنراوی یاسایی. ئەو کەسانە لەباری ڕۆحی و دەروونییەوە یارمەتییەکی زۆری قوربانیان دەدەن بەتایبەت ئەوانەی وا دەستدرێژی کرابێتە سەر مافیان یان نامووس و ژیانیان. پسپۆڕانی دەروونی و سایکۆلۆج و خەڵکانی بە تەمەنی خاوەن ئەزموون، هەروەها کەسانێک کە خۆیان لە ڕابردوودا دەستدرێژییان کراوەتە سەر، لەگەڵ ئەو کچ و ژنانەی وا دەبنە قوربانیی دەستدرێژیی جنسی، دادەنیشن بە ڕێنومایی پسپۆڕانە هەوڵ دەدەن گرێی ناو مێشکیان بکەنەوە، بیری تاڵی ڕووداوەکەی لەبیربەرنەوە بۆئەوەی ببێتەوە ئەندامێکی ئاسایی کۆمەڵگا بە ژیانێکی ئاساییەوە.

من ئاگاداری ئەوە نیم کە ڕێکخراوە یان کەسانی ئەوتۆ لە دەوروبەری دەزگای دادوەریی کوردستاندا هەن یان نا، بەتایبەت کە لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی زور تاوانی لەو چەشنە هەر لە بنەڕەتدا ڕاناگەیێنرێت و ئاشکرا نابێت. ئەگەریش ئاشکرابێت، لەوانەیە کەس وکار و بنەماڵەی قوربانییەکەی تاوان خەتای ئەو بگرن و جارێکی دیکەش سزای بدەن. با گوێ بدەینە ئەم هەواڵە دڵتەزێنە: سێ نەوجەوان دەستدرێژی دەکەنە سەر کچێکی تەمەن ٧ ساڵان و پوورزایەکی خۆی دەستگیر دەکرێت. کچەکە گوتی چوومەوە ماڵێ و بەدایکم گوت، ئەویش یەکسەر داغی کردم! (ڕووداو، ٢٠١٩/٤/١٥)

ئەو کەلتوورە کۆنباوە یارمەتیدەری چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵگای ئەمڕۆیی نییە. ئەو سێ دەستدرێژیکارە و دایکی ئەو قوربانییە هەژارەش تەنیا لە نەبوونی یاسا و بەڕێوەنەچوونیدا دەتوانن دەست بدەنە کاری قیزەوەنی وا. باوەشی دایک بە متمانەترین شوێنە بۆ منداڵ و چەندە جێگەی داخە کە ئەو شوێنە هێمنە دەبێتە گۆڕەپانی دەستدرێژی ئەویش بۆ سەر جگەرگۆشەیەک کە ئەو هەموو ئازارەی بەدەست سێ گورگی دڕندەوە چەشتووە.

**هەڕەشەی تۆڵە سەندنەوەی بێ قانوون.**

لە بەشێکی زۆری ئەو تاوانانەدا کەس وکاری قوربانییەکە هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە دەکەنەوە و هەندێک جار بینراوە کە ئەگەر ڕادەی یاسایی سزا لەلایەن دادوەرەوە جێگەی پەسندی کەس وکاری قوربانییەکە نەبووبێت، ئەوکەسانە دوای چەند مانگ و ساڵ هەڕەشە کردن لە خۆی و کەس وکاری، دەستیان داوەتە توندوتیژیی نواندن و تەنانەت وەک تۆڵە لێکردنەوە، برا یان مام و ئامۆزای کەسەکەیان کوشتووە.

نەفسی هەڕەشە لێکردن لە زۆر وڵاتی ڕۆژئاواییدا تاوانە و ئەگەر لەسەر هەڕەشەکار بسەلمێت، سزای غەرامە و زیندانی بەسەردا دەسەپێت هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەوکەسەی وا هەڕەشەی لێکراوە، ژیانێکی هێمن و دڵنیای نابێت و لە دڵەتەپێ و خەفەتی ئەوەدا دەژی کە واهەیە لە مەجالێکدا بێنە سۆراغی و ژیانی لێ بشێوێنن. لەو وڵاتانەدا، زۆرێک لەو هەڕەشانەی وا بۆ ئێمە ئاساییە، یاساغن بۆ نموونە ناتوانی لە تووڕەییدا بەکەسێک بڵێی "وەڵڵاهی دەتکووژم!" یان "بزانە چیت لێدەکەم!" تەنانەت ئەگەر هەڕەشەکە بەڕێوەش نەبرێت، دیسان چۆنیەتی ژیان لە کەسی بەر هەڕەشە تێکدەدات.

دیارە هەڕەشە بەشێک لەم لێکۆڵینەوەیە نییە و بەگشتی هەواڵە ڕاگەیەنراوەکانیش ئەو بابەتەیان نەگرتۆتەبەر، بەڵام لەو خاڵە گرنگانەیە کە لەپێوەندی ئاڵۆزی نانەوەو خولقاندنی کێشەی زیاتری کۆمەڵایەتیدا دەبێ بگیرێتە بەرچاو. سەیرێکی ئەم ڕاپۆرتانە دەریدەخات پەتا پیسەی ڕق و کین و تۆڵەسەندنەوەی بێ یاسا چۆن بە تان و پۆی کۆمەڵگاکەماندا گەڕاوە و چۆن لە نەبوونی یاسادا تاوانێک تەشەنە دەکات و دەگاتە ئەنجامی تاوانی گەورەتر:

- مێردەکەیان کوشت و ژیانی خۆی و منداڵەکەی لە مەترسیدایە. بکوژ لە ماڵی سەرۆک عەشیرەتێکە. (ڕووداو، ٢٠١٨/٦/٦)

- براکانی هەڕەشەی کوشتن لە خوشکە ٣٥ ساڵانەکەیان دەکەن (ڕووداو، ٢٠١٨/٦/٢٨)

- هەڕەشەی کوشتن لە دەرمانسازێک دەکرێت (لەبەر ئەوەی تەزویرچی و قاچاخچیی دەرمانی بۆ کولیتی کۆنتڕۆڵ ئاشکرا کردووە) (ڕووداو، ٢٠١٨/٧/٢٠)

- ئەو دووکەسەی بە دەمانچە گەنجێکیان بریندار کرد، دەستگیر کران. ئەو کەسەی لێیدراوە مامی ئێمەی کوشتووە (ڕووداو٢٠١٨/١٠/١٢)

- تۆڵەی کوشتنی برا و براژنەکەی خۆیان لە برایەکی بکوژ کردەوە و چوار چەکدار لەبەر دەم ماڵەکەیدا کوشتیان (ڕووداو، ٢٠١٨/١١/٦)

**نەخۆشیی دەروونی.**

نەخۆشیی دەروونی کێشەیەکی گرنگی دنیای ئەمڕۆیە و بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵگا لە هەموو شوێنێکی جیهان تووشی دەبن. ئاڵۆزیی ژیان، بێ هیوایی بە دواڕۆژ و نەبوونی پشتیوان، پشتی هەندێک کەس کە زوربەیان خەڵکانی چاک و هەستیار بەڵام لە بەرانبەر کێشەکانی ژیاندا لاواز و بەرگەنەگرن، دەچەمێنێت و لە شاڕێی ژیانی ئاسایی لایان دەدات. ئەو کەسانە ئەگەر بنەماڵە و کۆمەڵگا بە هانایانەوە نەچن و بە یارمەتیی پسپۆڕانی دەروونی، هەندێک لە قورساییەکانی سەرشانیان لانەبرێت، بۆی هەیە لە قۆناغێکی ژیاندا ئازارێک بە خۆیان یان خەڵکانی تر، بەتایبەت کەسانی دەوروبەریان بگەیێنن.

لێرەدا ئەرکی حکوومەت گەلێک گرنگە. دابین کردنی سەنتەری ڕاوێژ و چارەسەر بۆ دەروونددروستی لە هەموو بەشێکی وڵات، بە دوکتۆر و پسپۆڕ و ڕاوێژکاری شارەزاوە دەتوانێت بەرگر بێت لە گەلێک کارەساتی کۆمەڵایەتی دواڕۆژ، بە تایبەت ئەگەر

خزمەتگوزارییەکانی ئەو سەنتەرانە بۆ خەڵکانی کەم داهات و دەست نەڕۆیشتوو بەخۆڕایی بێت و هەموان، نەک هەر دەوڵەمەندان .بتوانن کەڵکیان لێ وەربگرن

لەو سەنتەرانەدا چارەسەری تووڕەیی دەکرێت و تێیدا بە ٦ یان ١٢ جار دانیشتن و قسەکردن، هەوڵ دەدرێت خەڵکانی تووڕە و تۆسن فێر بکرێن لە کاتی تووڕەبووندا چۆن خۆیان کۆنتڕۆڵ بکەن و پێش ئەوەی کارێکی ناماقووڵ بکەن، هێور ببنەوە. ئاشکرایە بەڕێوەبردنی ئەو ناوەندانە بۆ حکوومەت مەسرەفی دەبێت، بەڵام سەرجەمی تێچووەکان بە سەدان قات کەمتر دەبێت لە مەسرەفی پۆلیس و دادگا و دەیان ساڵ زیندانیکردنی تاوانبارێک کە دەستی دابێتە تاوان و سەرپێچی، ئیتر دابین بوونی سەلامەتی کۆمەڵگا و ئاسایشی .بنەماڵەکان لەولاوە بوەستێت

لەبیرمان نەچێت کە نەخۆشی دەروونی کەسێکی خراپەکار نییە و نەخۆشێکە وەک هەموو نەخۆشەکانی تر، بەڵام نەخۆشییەکەی جەستەیی نییە و لە پێوەندی مێشکدایە. ئەو نەخۆشییە گەلێک تایبەتمەندە و بۆ چارەسەر پێویستی بە چازان و لێزان و پسپۆڕی بابەتەکە هەیە نەک لێدان و شێتخانە و نووشتە و بەستنەوە بە کۆڵەکەی تەویلەی ماڵی شێخەوە. نەخۆشی دەروونی دەبێ لە نەخۆشخانەی دەروونیدا چارەسەر وەربگرێت. ئەرکی حکوومەتەکانە نەخۆشخانەی تایبەتمەند بە پسپۆڕان و پەرستارانی تایبەتمەندەوە دابین بکات کە نەخۆشەکانی تێدا عیلاج بکرێن. بەڵام سەرەتا دەبێ ناوەندی ڕاوێژکاریی دەروونی لە هەموو شوێنێکی وڵات بنیات بنرێت کە ئەندامانی کۆمەڵگا پێش ئەوەی کێشە ئاساییەکانی ژیانیان گەورە ببنەوە و لێیان ببێتە نەخۆشی، بە ڕاوێژ و ڕێگا دۆزینەوە بۆ گرفتەکانی ژیان و یەک لەوان کێشەی تووڕەیی و ڕقبوونەوە، بە قسە و ئامۆژگاری، چارەسەر بکرێن. سەیرێکی هەواڵەکان مەترسیدار بوونی ئەو دیاردەیە و پێویست بوونی بەرەوپیر چوونی لە کۆمەڵگاکەمان دەردەخات: لە کەرکووک کەسێک کە نەخۆشی دەروونی بووە برای خۆی بە ٣٠ چەقۆ کوشتووە، کەسێک لە سەر وەستانی ئۆتومبیل دەکووژرێت، پیاوێک لە سەر دەمەقاڵە بە چەقۆ دەکووژرێت، دوو قاچاخچی ...دوای کێشە و شەڕە جنێوی ناوخۆیان دەکووژرێن، لەسەر سەرچۆپی گرتنی شایی کەسێک تەقەی لێدەکرێت و دەکووژرێت، و

چەند ساڵێکە مادەی هۆشبەر بۆتەیەک لە هۆکارەکانی تاوانی کوشتن و دزی کردن لە کوردستان و بە داخەوە بەشێک **.مادەی هۆشبەر** لە لاوەکانمان تووشی بوون. بۆ نموونە، لە هەواڵێکی مانگی پێنجی ساڵی ٢٠١٩ دا هاتووە: کوڕێک بە بەردەباران دایکی ٥٢ ساڵانی خۆی دەکووژێت؛ ئەو کوڕە کرێکاری گومرک[12] و ئالوودی مادەی کریستاڵ بوو و پێش مانگێک لە سەر مادەی هۆشبەر لە زیندان .ئازاد کرابوو (ڕووداو، ٢٠١٩/٥/٦)

مادەی هۆشبەر دیاردەیەکی نوێ بەڵام گەلێک بەربڵاوی ناو کۆمەڵگای کوردەواری بە تایبەت لە ناو لاواندایە. باشووری کوردستان پێشتر واتە پێش پەیدابوونی کریستاڵ و شیشە و مادەی کیمیایی هاوچەشن، تەنانەت لەگەڵ ڕووەکی وەک تلیاکیشدا ناسیاویی نەبوو کە دیاردەیەکی کۆنی ناوچەکەیە. سەرجەم ئەو مادەماڵوێرانکەرانە، دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ی ئێران تا ئێستا (بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ) .بوونەتە میوانی نەخوازراوی کۆمەڵگاکەمان و بەهۆی پشتگیریی زۆری لاوەکییەوە پەرەیەکی بەرچاو و مەترسیداریان سەندووە

گومان لەوەدا نییە کە هەموو ئەو مادانە لە وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت ئێرانەوە هاوردەی هەرێم دەکرێن و جگە لە سوود و بەرژەوەندیی دارایی قاچاخچیان و چاوچنۆکانی فرۆشیار، هەندێک سیاسەتی گەورەتریشیان لە پشتە و بەگشتی دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ی ئێران [13].لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان پەرەیان سەندووە

ئەو کێشەیە مەحکووم کردن یان لە زینداندا ڕاگرتنی چەند تاکێک چارەسەری ناکات و سەرنجی وردی بەرپرسانی سیاسی و دەسەڵاتدارانی حکوومیی هەرێم و عیراقی پێویستە. چەند ساڵێک پێش ئێستا یەک لە بەرپرسانی پارێزگاکانی ئێران لە سەر سنوورەکانی عیراق (کە بە داخەوە لەبیرم نەماوە کێ بوو)، گوتی هەرکاتێک حکوومەتی هەرێم بەرگر بوو لە بەرانبەر قاچاخی مەشرووبات بۆ ناو ئێران، ئێمەش بەرگر دەبێن لە چوونی مادەی هۆشبەر بۆ ئەودیو! ئەوە ئیفادەیەکی ڕاشکاو و سەمەرەی سیاسی لە لایەن بەرپرسێکەوە بوو کە لە بنی مەنجەڵی دا و هەموو ڕاستییەکی شاراوەی پشت ئەم بازرگانییە قیزەوەنەی ئاشکرا کرد. دوای ئەو قسانە، ئایا گومانێک لە ناسینی سەرچاودا ماوە؟ ئەگەر مابێت سەیرێکی هەواڵی دەروازە سنوورییەکان گومانیان دەڕەوێنێت- ئەو دەروازانەی کە تلیاک و هێرۆئین و شیشە کریستاڵ میوانی هەمیشەییانن. بەرپرسانی هەرێم ئەگەر پێشتریش بەو ڕاستییەیان نەزانیبێت، دەبێ ئێستا بزانن و [14].چارەی بۆ بدۆزنەوە

هەندێک خولقیاتی توندوتیژ هەن کە هیمنایەتی و ئاسایشی ناو ماڵ و شوێنی ئیش وکار و سەرجەم کۆمەڵگا تێکدەدەن و **.سەرەڕۆیی** دەیکەنە گۆڕەپانی شەڕ و هەرا و دژبەرایەتی. تووڕەیی بێ کۆنتڕۆڵ، لەسەر ڕقی کۆن ڕۆیشتن، نەبوون یان کەمبوونی لێبووردوویی، بێ سەبر و تاقەتی، بەهێزبوونی هەستی تۆڵەسەندنەوە، دان بەخۆدا نەگرتن و دەربڕینی ڕق وکینە بەتایبەت دەرحەق بە ژن و ئەندامانی بنەماڵە و خزم و دۆست و برادەر و دراوسێ بەشێک لەو خولقیاتەن. دیارە هەموو ئەندامێکی هیچ کۆمەڵگایەک وەک یەک نین وخراپەکاران لە بەرانبەر ئەوانەدا کە ژیان بە سەرفرازی دەبەنە سەر، ژمارەیان گەلێک کەمترە، بەڵام بەداخەوە ئاسەواری خراپی .کردەوەکانیان گەلێک زۆرە

هەرچۆنێک بێت، خەڵکی ناوچەکەی ئێمە لە چاو خەڵکی ئەورووپا زووتر هەڵدەچن و کەمتر دان بەجەرگی خۆیاندا دەنێن،  ئەو کەسانەی وا بۆ ماوەی زۆر، لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا ژیابێتن  بێگومان سەرنجیان داوەتە سەبر و تاقەت و دان بەخۆدا گرتنی خەڵک. لەم لایانە، زۆرێک لە کێشەکان بە داوای لێبووردنێک چارەسەر دەکرێت و تەواو دەبێت، بەڵام لای ئێمە وانییە و دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و بشێوی نەک لە نێوان دوو کەسدا بەڵکوو تیرە و تایفە و عەشیرەتیشی بەشوێندا دێن. بێ جێ نابێت ئەگەر بۆ نموونە بابەتێک لێرەدا بهێنمەوە کە لە زمان نەمر جەلال تاڵەبانییەوە گێڕاویانەتەوە و ئەو ڕق ئەستووریی و لێنەبووردوویییە لە لای ڕێبەرێکی سیاسی پایەبەرزی وەک ئەو دەردەخات، ئەویش لە کاتی وتووێژێکی گرنگی چارەنووسساز لەگەڵ تاریق عەزیزی وەزیری دەرەوەی حکوومەتی سەددام [15].حسێندا

ئەوە جیاوازییەکی بەرچاوە لە نێوان ئێمە و ئەواندا کە لە سەرەتای هاتنی پەنابەرەوە بۆ ڕۆژئاوا خۆ دەردەخات و دەزانرێت ئێمە چەندە بێ سەبر و ئەوان چەند هێمن و لەسەرخۆن. دیارە ئەوە بەراورد کردنێکی گشتییە و زۆر واهەیە لە ئەزموونی خەڵک سەبارەت بە کەیسی تاقەکەسیدا پێچەوانە بێت؛ بەڵام بە گشتی  لە ناو ئێمەدا هەڵچوون وبەگژدا چوون و دەست بردن بۆ تۆڵەسەندنەوەی شەخسی لە !دەرەوەی یاسا، لەوان گەلێک زیاترە

ئەو ڕۆحە جێگەی وردبوونەوە و سەرنجی زیاترە لەبەر ئەوەی تەنانەت ئەگەر کێشەی چەکی گەرمیش چارەسەر بکرێت، دیسان مەسەلەی چەقۆ و کەتەر و پاچ و فڕێدانە خوار لە سەربان و شتی وادەمێنێتەوە. من لە ماوەی ٢٠ ساڵ کار و ئەرکی ڕۆژانەی خۆمدا

وەک وەرگێڕی کوردی لە بەریتانیا ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی وەرگێڕانی بەڵگە و ئەوراقەوە لە کەیسی کووژرانی ١٠ کەس ئاگادار بووم کە لە شار و شاروچکەکانی ئەم وولاتە بە دەست کورد کووژراون و هەندێکیان بەریتانی و هەندێکی تریان کورد یان بێگانەی نیشتەجێی بەریتانیا بوون. جیا لەوەش، لە سەردانی زیندانەکاندا چاوم بە پێنج مرۆڤکوژی دیکەی کورد کەوتووە کە خەڵکەکەیان بە گشتی بە چەقۆ یان بە تەقاندنەوەی شوێن کوشتووە. هەروەها بە دەیان، ئەگەر سەدان نەبێت، هەواڵی شەڕ و بریندار کردنی خەڵکم زانیوە و بکەرە کوردەکانیانم لە زیندان و دادگا و لای پۆلیس و پارێزەر بینیوە کە لە هەموویاندا کەڵک لە چەقۆ وەرگیراوە و ئاشکراشە کە هەر هەموویان سەرپێچی کردن بوون لە یاسا، جا لە دزی و قاچاخچییەتی و ڕێگریی و تەڵەکە کردنی خەڵک و ڕفاندنی ئوتومبیلەوە بگرە تا دەستدرێژیی سەر ژنان و کچان و تاوانی دیکەی هاوچەشن. بەشێک لەو تاوانانە کەسانێک کردوویانە کە ماوەی ساڵێک و دوان و تەنانەت مانگێک و دوان بووە هاتوونەتە بەریتانیا. ئەوان ئاوێنەی باڵانوێنی هەل ومەرجی ناوخۆی وڵات و خەڵکەکەین.
وەک پێشترگوتم، بارودۆخی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش کەم و زۆر هاوشێوەی باشووری وڵاتە و من هەر لێرە لە بەریتانیا ئاگاداری کەیسی مرۆڤکوژیی و سەرپێچی کردنی کوردی ڕۆژهەڵات و باکووریش بووم، تەنانەت یەکیان ژن و ژنبرای خۆی کوشتبوو و خەسووەکەشی بریندار کردبوو.
ئەوە ئەرکی کۆمەڵناسان و پسپۆڕانی سایکۆلۆگ و عیلاجکارانی نەخۆشیی دەروونییە لەو دیاردە گرنگە و ڕێگای چارەسەری بکۆڵنەوە، کە وەک مۆریانە هەناوی کۆمەڵگای کورد دەخواتەوە و تۆوی دووبەرەکیی دواڕۆژیش دەچێنێت. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئێمە بۆچی وا بێ دەربەست و بێ تاقەت و گوێنەدەرین کە لە شاییدا لەسەر ئەوەی کێ سەرچۆپی بگرێت یان دەمەقاڵەیەکی ئاسایی یان ٢٠ مەتر زەوی، مرۆڤێک دەکووژین؟
جگە لەو خاڵانەی سەرەوە، هەندێک کێشەی ناو کۆمەڵگا هەن کە چارەسەری ئاساییان دەبێ لە لایەن هێزی دادوەرییەوە بێت. ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانە هەرکام بە شێوەیەک دژ بە تەبایی نێوان کۆمەڵانی خەڵک و هێمنایەتی و ئاسایشی وڵات دەوەستن و بەرگرن لە بەرانبەر دامەزرانی کۆمەڵگایەکی ئازادی دیموکرات، کە تێیدا یاسا سەروەر بێت و گەورە و بچووک لەبەرانبەریدا یەکسان بن. ئەوانە هەرکام لە هەواڵە تۆمارکراوەکانی ناو ئەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتوون.

**رووداوی هاتووچۆ.** باوەکوو ئەو بابەتە خۆی لە دەرەوەی بازنەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەنوێنێت، بەڵام بێگومان ئەویش کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە کە تێیدا تاوانی وەک لێخوڕینی بێ مۆڵەت و بێ بیمە (دڵنیایی)، تووڕەیی و خووی شەڕانیی خەڵک و بوونی چەک بەدەست کۆمەڵانی خەڵکەوە دەور دەبینن. بە گوێرەی هەواڵێکی سایتی ڕووداو کە لە ڕۆژی ٢٠١٨/١٢/٣٠ دا بڵاو بووەوە، لە ساڵی ٢٠١٨ دا بە هۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە تەنیا لە هەولێر ٢٦٢ کەس گیانیان لە دەستداوە. ئەوە هەولێرە بە شەقامی ١٠٠ مەتری و ١٢٠ مەترییەوە، دەبێ لە شوێنەکانی دیکە چ ڕوویدابێت؟ لە نموونەیەکی کارەکەدا هەواڵ گەیشتووە کە دوای پێکدادانی دوو ئوتومبیل، کەسێک کووژرا. دیارە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت ئەوکەسە بە دەعمی سەیارەکان کووژرابێت، بەڵام لە درێژەی هەواڵەکەدا تێدەگەین نەخێر، بە تەقەی یەک لە لایەنەکان کووژراوە! واتە چەکی بێ مۆڵەت لە لایەک و زوو هەڵچوونی لایەنەکان لە لایەکی تر، دەبنە سەرباری بێ دەسەڵاتیی دەزگای داوەری و لە ئەنجامدا کەسەکان یاسا دەگرنە دەستی خۆیان و بەڕێوەشی دەبەن ئەویش لەو شێوەبێ بەزەییانەیدا. لە ڕووداوی دیکەدا لەسەر چۆنیەتی ڕاگرتنی ئوتومبیل، فوول لایت، هۆڕن لێدان یان دەست شکاندنەوەی ئوتومبیل خەڵکانێک کووژراون و بنەماڵەیەکی زۆر ئازیەتبار بوون.

**پێشمەرگە.** شەهید پێشمەرگە لە ڕابردووش و ئێستاشدا خۆشەویستترین گرووپی کۆمەڵایەتی بووە و هەیە لە ناو خەڵکی کوردستاندا. بوونی زیاد لە دوو هەزار پێشمەرگە تەنیا لە شەڕی داعش و پارێزگاریکردنی گیان و ماڵ و کەرامەتی خەڵکدا، نموونەی فیداکارییەکانی ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی گەلەکەمانە، ئەویش لە ماوەی دەست تەنگی و بێ بودجەیی سەردەمی نووری مالیکی و دوای ئەویشدا کە زۆرێک لەو قارەمانانەی وا لە سەر سنوورەکان داکۆکییان لە کەس وکاری ئێمە دەکرد، تەنانەت کرێ خانوو و و مەسرەفی ڕۆژانەی کەس وکاری خۆیان بۆ دابین نەدەکرا.
لە ناو هەواڵی کوشتن و کووژران و خۆکوشتندا سەرنجی خوێنەر بەرەو ئەو ڕاستییە ڕادەکێشرێت کە بەشێک لەو تاوانانە خۆمان دەرحەق بە پێشمەرگە کردوومانە یان هەبووە لە لایەن ئەوانەوە دژ بە کەس وکار و خەڵکانی دیکە کراون. هەواڵی پێوەندیدار بەو دیاردەیە لە هەردوو ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ دا بەرچاو دەکەوێت. ئەو دیاردەیە دەتوانێ پیشاندەری قەیرانێکی کۆمەڵایەتی- سیاسی بێت کە پێویستە چارەسەری پسپۆڕانەی بۆ بدۆزرێتەوە. ئایا بارودۆخی دارایی و ناتەواویی ناوماڵ هۆکاری ئەو کردەوانە بوون یاخود ڕاهێنان و فێرکردنەکان ناتەواون؟ هیوایە بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە و هەردوو حزبە سەرەکییەکەی پێکهێنەری هێزی پێشمەرگە لەبیری ئەو مەسەلەیەدا بن و حکوومەت کە بەختەوەرانە بەتەمای یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەیە، پێش ئەوەی ئەندامانی هێزەکە بەرێتە سەر کاروباری ڕۆژانەیان، بیر لە ڕاهێنانێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی، نەک حزبیی، هەموو ئەندامەکانی ئەو هێزە بکاتەوە. من نەمبیستووە لە وڵاتانی دیکەدا پۆلیس و هێزی دابینکەری ئاسایشی خەڵک، لە ژێر گوشارێکی ڕۆحیی ئەوتۆدا بن کە بەو ڕادەیە بکەونە بیری خۆکوشتن یان کوشتنی خەڵک و کەس وکاری خۆیان.

**مێدیای چەواشەکار.** لاوازی و کەم توانایی بنەماڵەکانە لە بەرانبەر هەندێک فێرکردنی چەواشەکارانەی ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن و بەتایبەت میدیای مەجازیدا مەسەلەیەکی نوێی ئەم سەردەمەیە. پێوەندی نزیکی دایک وباوک لەگەڵ منداڵ کلیلی سەرکەوتووبوونی ڕاهێنانی بەڕێ وجێ و دوورخستنەوەی منداڵە لە تاوان و سەرپێچی دواڕۆژ. منداڵی ئەمڕۆ لەچاو جاران هەم ئازادیی زیاتر دەخوازێت و هەم لە چەند لایەنەوە کۆنترۆڵ کردنی زیاتری پێویستە! چارەسەری ئەو دوو دژایەتییە و دۆزینەوەی ڕێبازێک کە هەم ئازادییەکی ڕێژەیی بۆ منداڵ دابین بکات و هەم لاڕێ ڕۆیشتنی لەژێر چاوەدێریدا بێت، کارێکی سانا نییە و زیاتر وەک دیوارێکی باریکە کە ئەگەری بەلایەکدا کەوتنی کەم نییە. کەوتنی زۆر بەلای ئازادیدا واهەیە منداڵ بخاتە داوی عارەق و قومار و دەرمان خواردن و دەستدرێژی و دەیان فێڵ و تەڵەکەی سەر ئینترنێت لە ئەنجامدا نەک هەر سوودێکی بۆ بنەماڵە و گەلەکەی نەبێت بەڵکوو لە هەر پۆست و مەقامێکدا بوو، وەک تەشوێ هەربەرەوخۆی بتاشێت. لایەکەی دیکەش واتە چاوەدێریی زیاد لە ئەندازەی مەعقوول ئەگەر لە ڕابردوودا گونجاو بووە ئەمڕۆ لە سەردەمی ئینتەرنێتدا بێ ئەنجامە و پێوەندی منداڵ لەگەڵ بنەماڵە، بە تایبەت لە سەردەمی لاویەتیدا لەرزۆک و بێ هێز دەکات و هەر ئەوە خۆی واهەیە بەرەو سەرپێچی کردن لە پەیڕەوی بنەماڵە و لە ئەنجامدا یاسای کۆمەڵگا و وڵاتی ببات.
لە پێوەندی ئەم باسەدا پێویستە بگوترێت جگە لە مێدیای مەجازی، مێدیا گرنگە بایەخدارەکانی باشوور، لە چاو وڵاتانی دەوروبەر،

ئازادییەکی بەرچاوی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتنیان هەیە و ئەوە جێگەی شانازی و ڕەزامەندییەکی زۆرە. لە باشوور بە شێوەیەکی
بەردەوام وتار و هەواڵی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە بەرپرسانی باڵای حکوومی لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنە فەرمی و حزبییەکاندا
بڵاو دەبێتەوە کە دەسکەوتێکی مەزنە و پێویستە بپارێزرێن و پەرە بستێنن. بەڵام لە لایەکی دیکەوە نزیک بە هەموو ئەو دەزگا
چاپەمەنییانە یا حزبین یان بودجەیان لە لایەن حزبێکی سیاسییەوە دابین دەکرێت و هەربۆیەش زوربەی جار یەک لایەنە دەڕواننە کێشە
سیاسی- کۆمەڵایەتییەکان. سەرکەوتوویی ئەو دەزگایانە کاتێک مسۆگەر دەبێت کە وەک چاپەمەنییەکانی وڵاتانی دیموکرات، بتوانن بە بێ
ترس لە بڕینی مووچە و تەنیا بە پاڵپشتی خەڵک کەم وکووڕییەکانی ناو کۆمەڵگا بخەنە ڕوو و بەرپرسەکانیان لەقاو بدەن.
بە هەمان شێوە، بەشێکی زۆر لە ڕووناکبیرانی باشوورو ئەوانەی وا بە سەربەخۆ و غەیرە حزبی دەناسرێن، لە کۆتایی کاردا لایەنگری
یەک لەو چەند دەسەڵاتە حزبییەن و تەنیا لایەنەکەی دیکە دەخەنە بەر تیغی قەلەم. ئەوە جێگەی داخێکی زۆرە. ڕووناکبیر لە تەعبیرە
ڕۆژئاواییەکەیدا کەسێکە لە قەید و بەندی حزبی، قەومی و ئایینی ڕزگاری هاتبێت و دیاردەکان بە چاویلکەیەکی بێ لایەنییەوە سەیر
بکات و بە شێوەیەکی ڕەها بەرژەوەندیی خەڵک و و داهاتووی مرۆڤایەتی بەلاوە گرنگ بێت. ئایا ڕووناکبیرانی کورد لەو ئاستەی
ڕووناکبیرانی ڕۆژئاواییدان و بە گشتی ئێمە ڕووناکبیرمان هەیە؟ ئەی ئەو هەموو سمینار و کۆنفەرانس و پیشانگە و سەفەرە بێ کەڵک
و پڕ مەسرەفانە چییە لە هەموو لایەکەوە بەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمیدا دەسەپێنن؟ بانگهێشتنی دەیان کەس لە وڵاتانی جیهانەوە و
میواندارییکردنیان لە ئوتێلی چوار و پێنج ئەستێرە بۆ ماوەی هەفتەیەک و دوان لە ماوەی ئەم ساڵانەدا چ دەسکەوتێکی بووە؟ لە هەل و
مەرجێکدا کە خەڵک کارەبایان نییە و کێشەی ئاو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لە گەورە بوونەوەدایە، ڕێگایەکی ئاسنین لە کوردستان نییە،
جادەکان لەت وکوتن و پارەی مووچەی فەرمانبەران چەند مانگ دوا کەوتووە، ئایا ئەو هەنگاوە کەم بایەخانە بۆ سوودی گەل و نیشتمان
هەڵدەهێنرێنەوە یان بۆ ناو و گیرفان؟ لە هەموو ئەو ساڵانەدا دەیان گرووپی هەڵپەڕکی و مۆسیقای بێ ناو و بێ نرخی فۆلکلۆری بە
مەسرەفێکی نجوومی هێنراونەتە کوردستان بەڵام چوار پیانیست پەروەردە نەکراون، کۆنسێرڤاتوارێک بۆ فێرکردنی دەنگ بێژان
دانەمەزراوە، مامۆستایەکی مەقامات لە ئازەربایجان یان ئێرانەوە نەهێنراوەتە کوردستان کە دەنگ بێژەکانمان فێری ئوسووڵی هونەری
مۆسیقای مەقامی بکات یان قوتابییەک نەنێرراوەتە ئیتالیا و ڕووسیا بۆ ئەوەی فێری ئۆپێرا و سەمای باله بن و لە گەڕانەوەدا خەڵکانی
دیکەش فێر بکەن. ئێستا مۆسیقاکەمان وەک نموونەیەکی بەرچاوی هەموو بەشەکانی هونەر لە قوڕی فۆلکلۆر چەقیوە و نایەتە دەر؛
دەیان حەسەن زیرەک و ماملێ و عەلی مەردانی تەزویری سەریان هەڵداوە کە کاوێژی رابردوو دەکەن بێ ئەوەی هەنگاوێک
مۆسیقاکەمان بەرنە پێشەوە. کێ هەیە بپرسێت ئەو بودجە ملوێنییانەی ئەو سی ساڵە چی لێهاتووە؟ ڕووناکبیرانمان بێ گومان لە بەشێکی
ئەو تاڵان و بڕۆیەدا شەریکن و لە دواڕۆژی حیساب لێوەرگرتنەوەدا دەبێ وەڵامی خەڵک بدەنەوە.

**کۆتایی قسە**

ئەوەی کەوتە بەرچاوی خوێنەر وێنەیەکی ڕەش بوو لە کۆمەڵگای کورد بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەت. هیچ پاساوێک بۆ
کوشتن یان توندوتیژی نواندن لە کوردستان و هیچ کۆمەڵگایەکی دیکەی جیهان نییە. ئەوەی گرنگە بەدواداچوون و دۆزینەوەی
ڕەهەندەکانی سەرپێچی و تاوانە. زۆرێک لەو تاوانانە ڕاستەوخۆ پێوەندیان بە دەسەڵات و حکوومەتی هەرێمەوە نییە و ناکرێت سەرجەم
سیستەمە سیاسییەکە بە بەرپرسی ڕاستەوخۆیان بزانرێت. بەڵام لە کۆتایی کاردا، حکوومەت چەترێکە بە سەر خەڵکەوە و ئەرکی
پارێزگاری و چاودێری کردنی کۆمەڵگای لەسەر شانە. هەر ئەوە کە دەسەڵاتی سیاسی، سوپایی و ئابووریی هەیە و لە ڕێگەی هەندێک
دام و دەزگای مووچەخۆرەوە (دادگا، پێشمەرگە، پۆلیس و ...)، دەبێ ئاسایش و سەلامەتی هەموو تاکێک، بە تایبەت کەسانی چەوساوە و
کەم دەسەڵات لە بەرانبەر زۆردار و ملهوڕ و چەوسێنەر دابین بکات. هەر ئەویشە کە دەتوانێت لەڕێگەی ئەنستیتووتە کۆمەڵایەتییەکان
وەک قوتابخانە و زانکۆ و پەیڕەوی ناو دەزگا حکوومییەکانەوە هەوڵی پەروەردە کردنی کۆمەڵانی گەل و ڕاکێشانی وەفادارییان بە
قانوون و نەزمی کۆمەڵایەتی بدات. بەرگریکردن لە دەست تێوەردانی حزب و هۆز و شێخ و مەلا لە کاروباری یاساییش ئەرکی
سەرشانی حکوومەتە. هەر حکوومەتیش دەتوانێ چەک بە دەست خەڵکانی نابەرپرسەوە نەهێڵێت.
بەڵام تاکی ناو کۆمەڵگا و بنەماڵەش لەو تاوانانەدا بێ لایەن نین. حکوومەت ناتوانێت بەرپرس بێت لە بەرانبەر تاوانی کووژرانی باوکی
١٠ منداڵ کە دوو کەس هەڵدەکوتنە سەری و بە تاوانی ئەوەی کچی خۆی نەداوەتە یەکیان، دەیکووژن. کوشتنی کەسێکی دیکە لەسەر
کۆترێک یان سەرچۆپی گرتنێک یان ٨ هەزار دینار پارە پێوەندی بە حکوومەتەوە نییە. بۆ ئەوەی ئەو تاوانانە بنبڕ بن یان کەم
بکرێنەوە، دەبێ کۆمەڵگاکەمان بەخۆیدا بچێتەوە و میکرۆبی ڕق و کین و تووڕەیی و هەڵچوون و دەست بۆ چەک بردن و هەڵاتن بۆ
دەرەوەی وڵات لە دەمارەکانیدا نەهێڵێت. کچ لە ماڵە باب گوشاری دایک و باوک و برای لەسەرە و لە ماڵە مێرد، کە دەبێ سەردەمی
ئازادی و سەربەخۆیی و هاوبەشی لەگەڵ مێرد بێت، نەک هەر بەو مافە سروشتییانەی ناگات بەڵکوو بە تۆمەتێکی ساکار دەکووژرێت.
ئەوانە ناتەواویی کۆمەڵگاکەمانن، دەسەڵاتدارانی حکوومەتیش هەر لە ناو ئەو کۆمەڵگایە هەستاون و کەم و زۆر هەڵگری هەمان
کەلتوورن. بە بێ چارەسەری بنەڕەتی لە ناخی کۆمەڵگاوە، ئەستەمە دەرهاوێژ و ئاکامەکانیان چارەسەر بکرێن.

ئەدرەسەکانیان:

ڕووداو: https://www.rudaw.net/sorani
ئاوێنە: http://www.awene.com/
سبەی: https://www.sbeiy.com/
ئێن ئار تی: http://www.nrttv.com/default.aspx
لڤین: https://lvinpress.com/default.aspx
کوردستان ٢٤: https://www.kurdistan24.net/so/newslist
شەن ئێکسپرێس: http://www.shanpress.com/Default.aspx

# چەند تێبینی

١. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سەر بنەمای هەواڵی سەر سایتەکان بەڕێوە چووە و نووسەر بەرپرسی ڕاست و چەوتی هەواڵەکان یان تاوانباری و بێ تاوانی کەسەکان نییە. حەقیقەتی ڕووداوەکان دەبێ لە دادگادا ڕوون ببنەوە. بۆی هەیە ئەوەی لە هەواڵێکدا ڕاگەیەنراوە، درەنگتر لە دادگادا پێچەوانەکەی دەر بچێت.

٢. نووسەر لە دوورەوڵاتیدا لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەسەر ئەم بابەتە بەڕێوە نەبردووە، هەروەها دەستی بە سەرچاوە فەرمی و یاساییەکانیش ڕانەگەیشتووە، لە ئەنجامدا تەنیا کەڵک لە هەواڵەکانی سەر چەند سایتی ئینترنێتی وەرگیراوە و ناوی سایتەکانیش لەسەرەوە ڕاگەیێنراون. هەواڵی ئەوەش هەیە کە پێشتر لە زانکۆی سۆران توێژینەوەیەکی پسپۆڕانە لە سەر ئەو بابەتە کراوە، بەڵام بە داخەوە نووسەر چاوی پێی نەکەوتووە. واهەیە گەلێک کاری هاوچەشنیش لە زانکۆکانی دیکەدا بەڕێوە چووبێت.

٣. لە دوومەجالی جیاوازدا تۆماری هەواڵەکان بەهۆی سەفەری نووسەرەوە هەرجارەی بۆ ماوەی هەفتەیەک پچڕاون. کەوابوو، ئامارەکان ڕێژەیین و ژمارەیان دەبێ لەوەی لێرەدا ڕاگەیێنراون هەندێک زیاتربن.

٤. ئەم بابەتە پاش نووسران نێرراوە بۆ چەند کەسایەتی شارەزا و بۆچوونیان لێ خوازراوە. نووسەر بە ئەرکی خۆی دەزانێت سپاسی زۆری ئەو بەڕێزانە بکات بۆ خوێندنەوە و دەربڕینی بۆچوون و زیاد وکەم کردنی هەندیک بەشی وتارەکە. سپاسی تایبەت بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزەی کە جگە لە خوێندنەوە و هەڵەبڕی کردنی وورد، بەشێک لە ئامارەکانی ناو وتارەکەی کرد بە گڕافیک، هەر ئەوانەی وا لێرەدا دەیانبینین. هەموو ئەو بەرێزانە لەبەر دڵسۆزی و خەمخۆریی کۆمەڵگا ئەو زەحمەتەیان کێشاوە، دەستیان خۆش بێت و خواستی خۆیان بووە کە ناویان ڕانەگەیەنرێت. هەروا خەمخۆر و خزمەتکاری گەلەکەیان بن.

[1] لای کەم بەشێک لە حزبە ئیسلامییەکان سەرەڕای هەبوونی هەموو کەرەسەیەکی پڕوپاگەندە وەک تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و سایتی ئینتەرنێتی، زیاتر لە منبەری مزگەوتەکان کەڵک وەردەگرن و ئێستا دەیان کەسی هاوشێوەی مەلا کرێکار هەن کە حکوومەتی هەرێم بە دوژمنی خۆیان و ئەردۆغان و قاسمی سولەیمانی و ئەو سیستەمە سیاسییانەی وا ئەوان نوێنەرایەتی دەکەن، بە ئامانجێکی خۆیان دادەنێن کە بۆ دامەزراندنی دەبێ بە سەر خۆڵەمێشی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هەنگاو هەڵێنن.

[2] سەرۆکی تۆڕی دادپەروەری بۆ بەندییەکان دەڵێ ٧٤٪ ی بەندیخانەکان لە عیراق، شیاو نین بۆ زیندانیەکان." هەواڵی ڕۆژی " ٢٠١٧/١٢/٢٨ ی سایتی شەن ئێکسپرێس: http://www.shanpress.com/Default.aspx

[3] کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵ بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوایین ڕۆژەکانی مانگی پێنجی ساڵی ٢٠١٩ دا کۆتایی پێهاتووە. بەداخەوە لە مانگی ٦ و ٧ و ٨ دا هەوالەکانی سەر سایتە ئینتەرنێتییەکان لەمەڕ تاوان و سەرپێچی لە یاسا نەک کەمتر لە مانگەکانی پێشتر، بەڵکوو زیاتریش بوو. هەر ئەوە خۆی گرنگایەتی چارەسەری ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانە دەردەخات. بۆ نموونە، سایتی سبەی لە ڕۆژی ٢٠١٩/٧/١٧ دا ئەم هەوالەی بڵاو کردەوە: "ئەمڕۆ سێشەممە، ڕێباز زێوەر مستەفا بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێر، رایگەیاند؛ لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا (30) حاڵەتی سوتان و (20) حاڵەتی خۆسوتاندن و شەش حاڵەتی کوشتنی ژنان و (10) حاڵەتی خۆکوشتن تۆمار کراوەن جگە لە تۆمارکردنی (14) حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی و (1846) سکاڵا.سەبارەت بە یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی کە شەلتەرەکانی ژنانە ئەوحاڵەتانەی هەڕەشەیان لەسەرە ئەمساڵ (168) ئافرەت رەوانەکراون و (137) حاڵەت چارەسەر کراون و (31) حاڵەتیش لە شوێنی مانەوەدا ماون." هەر ئەو سایتە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٧/٢١ دا ڕایگەیاند: "ڕۆژانە (20) حاڵەتی توندوتیژی سێکسی لە هەرێم تۆمار دەکرێت."دیارە ئەو ئامارانە کە سەرچاوەیەکی فەری یان پیشەیی بڵاوی دەکاتەوە گەلێک ووردتر و جێگەی بڕوای زیاترن لە ئامارەکانی من کە لە سەرچاوە هەواڵنێرییەکان وەرگیراون، بەڵام بە هیچ شێوەیەک دژ بەو ناوەستن و قووڵایی کێشەکە زیاتر پیشان دەدەن.

[4] بکەرانی تاوان لەو سێ وڵاتەش خەڵکی باشووری کوردستان بوون.

[5] واهەیە لە قۆناغەکانی دوای ئەو ڕاگەیاندنانەدا ناسنامەی کەسەکان ڕوون بووبێتەوە. بەڵام لە ڕاگەیاندنە سەرەتاییەکاندا وەک "تەرم' ناوهێنراون و منیش بەو ناوەوە تۆمارم کردوون".

[6] ڕەنگە هەواڵی کووژرانی ئەفسەرێکی هێزەکانی ناوخۆ بە دەست ئەفسەرێکی فێدڕاڵی، نموونەیەکی باش بێت بۆ دەرخستنی ئەو هەڵچوونە بێ کۆنترۆڵەی مرۆڤ. ڤیدیۆی ئەم ڕووداوە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٧/٢٩ لە سەر سایتی کوردستان ٢٤ دانرا. سەرنجێکی ساکاری ڤیدیۆکە دەریدەخات کە لە سەرەتای هاتنەدەری لایەنێکی کێشەکە لە ئوتومبیلەکەی و دەسپێکی دەمەقاڵەوە تا کووژرانی یەک لە لایەنەکان، سەرجەم ١٦ چرکەی پێدەچێت، واتە لایەنەکان لەو ماوە کورتەدا دەگەنە ڕادەیەک لە تووڕەیی و هەڵچوون کە دەست بۆ چەک دەبەن و گیانی مرۆڤێک دەستێنن. ئەو ڕووداوە ئاوێنەی باڵانوێنی بەشێک لە خەڵکە لە ناوچەیەک کە ئێمەی تێدا دەژین.(ڕێکەوتی ڕووداوەکە هەندێک درەنگترە لە ماوەی تۆمارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەڵام لەو ماوە زەمەنییەدایە کەا ڕاپۆرتەکە ەدەست ئامادەکردنەوە بووە).

[7] باوەکوو لە دەرەوەی مەودای ئەم لێکۆڵینەوەیەدایە، بەڵام بە گوێرەی ڕاگەیاندنی سایتی ئاوێنە، بەرێوبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی لە مانگی حەوتی ساڵی ٢٠١٩ دا رایگەیاندووە "لەشەو و ڕۆژێکدا لەسلێمانی شەش هاووڵاتی بونەتە قوربانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ" (ڕۆژی ٢٠١٩/٧/١١ بینراوە)

[8] ئەو دووبەرەکییەی ناو کۆمەڵگا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەڵوێستی حزبە سیاسییەکان و ناکۆکیی نێوانیان هەیە، کێشەیەکی زیانبار، کە ساڵی ٢٠١٧ لە مەسەلەی کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکاندا بەڕوونی خۆی نواند.

[9] بە گوێرەی ئەنجامی ڕیفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧، ڕێژەی ٩٢,٧٣٪ ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەنگیان بە سەربەخۆیی داوە.

[10]. سایتی ڕووداو ڕاپۆرتێکی پڕواتای سەبارەت بە دەسەڵاتی دیوەخانی سەرۆک عەشیرەتەکانی باشوور لە بەرانبەر دام و دەزگای دادوەریدا بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا سەرەک هۆزێک دەڵێ "دادوەر هەبووە کێشەی خۆی هێناوەتە لای ئێمە." (دیوەخان، دادگای سێبەر لە کوردستان، ڕووداو، ٢٠١٨/٧/٤) بڕوانە:
https://www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=387818

لەوانە، دامەزرانی مافی کۆپی ڕایتس بۆ کتێب و ڤیدیۆ و بەرهەمی هونەری، یان لابردنی یاسای پڕ شەرمەزاریی ناسراو بە [11]
'ژمارەی ئەسپاردن' (رقم الايداع)، کە بە گوێرەی ئەو هەموو مافێکی ئازادی بیروڕا و ئازادیی ڕاگەیاندن پێشێل دەکرێت و دەزگایەکی
نادیاری سانسۆر بە سەر بیر و هزری هونەرمەند و نووسەر و شاعیردا زاڵ دەبێت- کەم و زۆر وەک ئەوەی وا ئایەتوڵڵاکانی ئێران
!دەیکەن
.گرنگە سەرنج بدرێتە سەر پیشەی کوڕەلاوەکە و پێوەندایەتی ئەو بە گومرک و سەر سنوورەوە [12]
پێش ئەو ساڵانە، تەنانەت ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دوور بوو لەو ئالوودەییە و وا هەبوو تاکە شوێنی ئێران بێت کە کەمترین [13]
ژمارەی تێوەتلاوانی مادەی هۆشبەری تێدا دەبینرا. بەڵام هەر لە ماوەی ئەو ٤٠ ساڵەدا ژمارەی موعتاد و تێوەتلاو لەوێش بە سەدان قات
.(خۆ ئەگەر هەزارانیش نەبێت!) زیادی کردووە
پێش ئەوەی ئەم ڕاپۆرتە بێتە کۆتایی، لە هەواڵەکانی ڕۆژی ٢٠١٩/٨/٦ ی سایتی ڕووداودادا هاتبوو: "ڕۆژی ٢٠١٩/٨/١ [14]
ئاسایشی هەولێر ژنە فەرمانبەرێکی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و نەوجەوانانی هەولێر، بەتۆمەتی مامەڵەکردن بە ماددەی
هۆشبەرەوە گرتووە!" دیارە لەبەر ئەوەی تاوانەکە هێشتا لە دادگا یەکلایی نەبۆتەوە لێرەدا ناکرێت کەسەکە بە تاوانبار بناسرێت، بەڵام
هەر نەفسی گیرانی کەسێک کە بەڕێوەبەری "چاکسازی" ژنان و مێردمنداڵانە بە تۆمەتی "خراپسازی"! جێگەی بیر کردنەوەیە. ئەوە چ
کۆمەڵگایەکە و ئێمە چ خەڵکێکین کە لە جیاتی نۆشداڕوو، ژەهر دەدەینە نەخۆشەکەمان؟

لە باسی وتووێژی مام جەلال و وەفدی کورددا لەگەڵ تارق عەزیز، بە ئامادەبوونی دوکتۆر قاسملوو: "...تاریق عەزیز گوتی [15]
دوای ڕێکەوتن هەرکەسێ پەیوەندی بە قەزافیەوە بکات وای لێدەکەین! منیش بە ڕاستی زۆر تووڕەبووم، هەموو شتەکانی بەردەمم
کۆکردەوە، عەینەکەکەم لە چاوم کردەوە و کورسییەکەم وەرگێڕا و گوتم ئەمن قسە لەگەڵ تۆ ناکەم. گوتی بۆ؟ گوتم ئایا ئێمە بەندیی
شەڕین یان وەڤدین و هاتووین بۆ کفتگۆکردن؟ بۆیە ئێمە ئەو شێوەیە ڕەت دەکەینەوە. ئێمە وەکوو دوو حیزب مامەڵە لەگەڵ یەک
دەکەین، ئەو لەهجانەش لە گفتگۆدا ڕەت دەکەینەوە. ئەویش گوتی برام، من گاڵتە دەکەم! منیش گوتم نەخێر ئەوە گاڵتە نییە، چۆن
عیبارەتی وا بەکار دێنی، ئەسڵەن لەگەڵ تۆ هەر دانانیشم و قسە ناکەم. گوتیەوە برام داوای لێبووردن دەکەم. گوتم لێبووردن قبووڵ ناکەم.
گوتی باشە قسەکانم سەحب دەکەمەوە، گوتم ئەوەش قبووڵ ناکەم. گوتی داوادەکەم کە لە مەحزەرەی کۆبوونەوەکە بیسڕنەوە، گوتم ئەوەش
قبووڵ ناکەم. گوتی باشە چیتان دەوێت؟ دەڵێم قسەکەم سەحب دەکەمەوە، داوای لێبووردن دەکەم، داوادەکەم قسەکە لە مەحزەرەی
کۆبوونەوەکە بسڕنەوە، من بە ڕاستیم نەبووە، تۆ هەزار جار دەڵێیت "بەعسی فاشی" و حکوومەتی دیکتاتۆر، ئێمە عاجز نابین...
لەوکاتەدا دوکتۆر قاسملووکە لە کۆبوونەوەکەدا بوو،نامەیەکی بچووکی دامێ ونووسیبووی بە ڕای من لێبووردنەکەی تاریق عەزیز
قبووڵ بکە. ڕاوێژی برادەرانم کرد. مەلا بەختیار و مولازم عومەر و ئەوان گوتیان ئێمەش پێمان باشە قبووڵی بکەیت. منیش گوتم باشە
قبووڵم کرد. جەلسەکە نەختێک تێکچوو بەڵام دوایی دەستمان پێکردەوە..." ( مام جەلال، دیداری تەمەن، لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی
کۆماری، ئامادە کردنی سەلاح ڕەشید، بەرگی دووهەم، ناشر ؟،شوێن ؟، ساڵی ٢٠١٧، لاپەڕە ١٥٥ و ١٥٦)

## بەشی دووهەم

# ئەو هەواڵانەی وا سەرچاوەی هەڵسەنگاندنەکە بوون

ئەوەی لێرەدا دەبینرێت سەرجەم ئەو هەواڵانەی سەر سایتە کوردییەکانن کە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سەر بنەمای ئەوان بەڕێوە چووە. وەک
لە دەقی وتارەکەدا گوتراوە، هەواڵەکان لە ماوەی ١٣ مانگی نێوان ٢٠١٨/٥/١ و ٢٠١٩/٥/٣٠ دا گردوکۆ کراون. لە سەرەتای
هەواڵەکاندا هەواڵێک سەبارەت بە ئاماری شەش مانگەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان و وتارێکی پسپۆڕانەی
مامۆستا عارف قوربانی ڕادەگەیەنرێت کە هەر لەو بڕگە زەمەنییەدا بڵاو بوونەتەوە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەڕێوەبراوە. بە شوێن ئەودا
.سەرجەم ئەو هەواڵانە ڕادەگوێزرێن کە پاڵپشت و دەستاوێژی توێژینەوەکە بوون

**ئاماری شەش مانگی رابردووی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بڵاوکرایەوە**
| هەولێر Kurdistan24
خولەك لەمەوپێش 8

.لە شەش مانگی رابردوو لە هەرێمی کوردستان، 211 ئافرەت بە هۆکاری جیاواز کوژراو یان سووتێنراون
بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی
.کوردستان، ئاماری شەش مانگی رابردووی خۆی بڵاوکردەوە
بەگوێرەی ئامارەکان، 22 ژن کوژراون، 32 ژن خۆیان کوشتووە، 99 ژن سوتاون و 58 ژنیش سوتێنراون. هەروەها، 47 ژنیش
.دەستدرێژی سێکسی کراوەتەوە سەر
ئاماژە بەوەشدراوە، چوار هەزار و 972 سکاڵا لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان تۆمار کراوە. ( (2019/8/24

## ئاماری توندوتیژیەکانی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان

### کۆی (٦) مانگی ساڵی (٢٠١٩)

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سوتان | خۆسوتان | سکاڵا | سێکسی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٥ | ٧ | ٢٨ | ١٨ | ١٧٥٤ | ١١ |
| دهۆک | ٧ | ١٣ | ٢١ | ١٠ | ١٢١٦ | ١٢ |
| سلێمانی | ٧ | ١١ | ٣٣ | ١٧ | ١٢٤٣ | ١٦ |
| گەرمیان | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٣٨٢ | ٣ |
| ڕاپەڕین | ٣ | ٠ | ١١ | ٦ | ٢٥١ | ٥ |
| سۆران | ٠ | ١ | ٥ | ٧ | ١٢٦ | ٠ |
| کۆی گشتی | ٢٢ | ٣٢ | ٩٩ | ٥٨ | ٤٩٧٢ | ٤٧ |

لینک:
https://www.kurdistan24.net/so/news/fbc9301f-3e5c-4652-841c-421518e6af0c

## گەورەترین هەڕەشەی سەر کوردستان

لەلایەن عارف قوربانی 2019/5/8 (سایتی ڕووداو، بەشی بیروڕا)

کورد دوژمنی زۆرە و هەڕەشەی بەردەوام و جۆراوجۆری لەسەرە، بەڵام ئێستا گەورەترین مەترسی کە هەڕەشە لە داهاتووی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێکەوەیی دەکات وەك کۆمەڵگەیەکی پێکەوە گونجاو، دۆخی ناوخۆی خۆیەتی. مەبەستم لە دۆخی ناوخۆ ململانێی سیاسی و ناتەبایی نێوان هێزە سیاسییەکانی نییە کە ئەوە بەشێکی کەمی هۆکارەکەیە، بەڵکوو مەبەستم لە پێکەوە نەگونجانی کۆمەڵایەتییە کە ئێستا بە دیاردەی کوشتنی ڕۆژانە سەرەتاکانی دەرکەوتوون.

ئاین تەنیا بۆ ناسینی خواوەند بەسەر مرۆڤەکاندا نەسەپێنراوە، بەڵکوو یاسا و ڕێسای ژیان بووە تا مرۆڤ پابەندی بەهاو خەسڵەتە ئینسانییەکەی بکات و لە توندوتیژی و ڕەفتاری دڕندانە دووری بخاتەوە، بەرانبەر بە هەر تاوانێك سزای توندی داناوە. یاسا دانراوەکانی مرۆڤیش هەر بۆ ڕێکخستنی ژیان و ڕێگری بووە لە چەوساندنەوە و زوڵمی بەهێزەکان بەسەر لاوازەکاندا، سزای یاساش وەك جۆرێك بووە لە تۆڵە لە لادەر و تاوانکارەکان. لە هەر سات و زەمینێکدا ئەو حوکمانە چەسپابن، مرۆڤ بە بەختەوەری ژیاوە، هەر سەردەمێکیش ئەو چوارچێوانەی ئاین و یاسا وەك (سزای دیار و نادیار) بۆ مرۆڤ دایناون فەرامۆش کرابن، ژیانی مرۆڤەکان پڕ بووە لە تاوانی جۆراوجۆری دڕندانە.

ئێستا کوردستان خەریکە پێ دەنێتە ناو قۆناغێکی مەترسیدارەوە کە سزا دیار و نادیارەکان کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە نامێنێ، ئەمەش دەرگا بۆ تاوانکاری و ڕەفتاری ناجۆر دەکاتەوە. تەماشا بکەن ئەو تاوانانەی لەم چەند ساڵەی دوایی لە کوردستان ڕوویانداوە ئەگەر بەراوردی بکەین بە هەموو مێژووی کورد، تاوانی هاوشێوە لە هەزاران ساڵی ڕابردووی ئەم میللەتەدا نابینی. کوڕ دایکی خۆی سەردەبڕێت، دایك ئاگر لە منداڵەکانی بەردەدات، باوك هەموو جگەر گۆشەکانی ژەهرخوارد دەکات، کوڕ باوکی خۆی دەکوژێت، برا خوشك و براکانی دەکوژێت و ژن مێردی دەخنکێنێ و پیاو ژنەکەی هەڵدەواسێ. تاوانکار دان بە تاوانەکەیدا دەنێت و نەك پەشیمانی دەرنابڕێت، بگرە ئامادەی دووبارەکردنەوەشیەتی. دراوسێ لەسەر شەڕی منداڵ، شۆفێر لەسەر فوللایتی سەیارە، قوتابی لەسەر کەمیی نمرە، کاسبکار لەسەر سڵاو، گەنج لەسەر نووکەی مۆبایل و سەتان نموونەی تر، هەمووی هەر یەکتری دەکوژن. پاساو و هۆکارە تایبەتییەکانیان هەرچییەك بن، هۆکارە گشتییەکە تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگەی کوردییە کە سەرچاوەی لە سەروەرنەبوونی یاساوە گرتووە.

مرۆڤ لە کاتێکدا دەست بۆ تاوان یان ڕەفتاری ناجۆر نابات کە ترسێك لەناخیدا هەبێت. (ترس لە خواوەند، ترس لە یاسا، ترس لە ویژدانی خود، ترس لە کۆمەڵگە، ترس لە کاردانەوەی تاوانلێکراو).

زۆرن ئەو مرۆڤانەی پابەندن بەو ترسانەوە، دەرفەتی بۆ دروست دەبێت بتوانێت تاوانێك بکات، یان ئارەزووی ئەنجامدانی دەکات و دەشزانێ کەس ئاگای لە تاوانەکەی نییە، بەڵام لە ترسی خوا خۆی لەو تاوانە دووردەخاتەوە. یان ویژدانی خۆی ڕێگەی نادات. یان لە ترسی کۆمەڵگە کە وەك نەنگییەك لێی بڕوانن. بەڵام ئەوانەش زۆرن کە ترسیان لەو سزا نادیارانە نییە و دەربەستی هیچکام لەو سنوور و چوارچێوانە نایەن کە لەناخی مرۆڤدا بۆ خۆپارێزی لەتاوان دروستکراون. هەر کۆمەڵگایەك ترسی سزا نادیارەکانی تێدا نەما پێویستە سزا دیارەکان کە خۆی لە سزای یاسادا دەبینێتەوە، توند بکرێن تا ڕێگە لە تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگە بگیرێت.

ئێستا لە کوردستان خەڵکانێك پەیدا بوون کە ترسی هیچکام لەو بنەما و بەهایانەیان نەماوە (نە خوا، نە ویژدان، نە کۆمەڵگە) تەنانەت ترسی سزای یاساشیان نییە. چونکە لە بنەڕەتدا یاسا لە کوردستان لاوازە و تەنها بۆ کەسانی لاواز و بێدەسەڵاتەکانە. بۆیە دەبینی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەی تاوان و جۆرایەتی تاوان لە زیادبووندان. کە یاساش سەروەر نەبوو، کاردانەوەی تاوانلێکراو دەبێتە دیوێکی تری تاوان، تۆڵەکردنەوە لە کەسوکار و خزم و بنەماڵە و وردە وردە سەر دەکێشێ بۆ خێڵ و عەشیرەتی ئەنجامدەری تاوان. بەمەش شیرازەی کۆمەڵگە بە ئەندازەیەك تێکدەچێت کە مانایەك بۆ ژیان نامێنێتەوە.

دەسەڵات لە کوردستان بەهۆی ڕەگوڕیشەی ململانێی سیاسی و ناتەبایی و ناکۆکی حیزبەکانییەوە چاوپۆشی زۆری کردووە لە ئەنجامدەری ئەو تاوانە جۆراوجۆرانە و زەمینەی خۆشکردووە بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی ئەو عەقڵیەتانەی باوەڕیان بە کوشتن و تۆڵەکردنەوەیە. تا یاساش لاوازتر بێت، دیاردەکە زیاتر پەرەدەستێنێ. دەبێت ئەوانەی دەربەستی ئایندەی کوردستانن، لە شوێنێکدا سنوورێك بۆ ئەم مەترسییە دابنێن. ڕەنگە قۆناغی پێش بیرکردنەوە و دەستبردن بۆ پەروەردە، توندکردنی سزا دیارەکانی وەك حوکمی یاسا (پەیڕەوکردنی سزای لەسێدارەدان) گرنگترین کارێك بێت کە دەسەڵات لە کوردستان پەنای بۆ بەرێت.

زۆر لەوانەی تاوانی کوشتن دەکەن، دەبیستین کە پێشتریش تاوانی هاوشێوەیان کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی زیندان لە کوردستان شوێنی چاکسازی نییە، بۆیە کاتێك دێتەوە ناو کۆمەڵگە تاوانی دیکە دەکاتەوە، کەواتە بۆ ئەوەی سزای تاوانکار بدرێت و پەندێك بێت بۆ کەسانێکی تریش کە بیر لە تاوان دەکەنەوە، دەبێت ساڵانێك کوردستان پەنا بۆ لەسێدارەدان ببردرێت. بەڵام ئێستا کەسێك کە ئارەزووی تاوان دەکات دڵنیایە لەوەی یان ئازاد دەکرێت یان لە زینداندا بەباشی بەخێودەکرێت. بۆ ڕێگری لە تاوان پێویستە ترسێك هەبێت لە سزا، کە سزای یاسا هەبوو ڕێگری لە تۆڵەکردنەوەی کۆمەڵایەتیش دەگرێت.

دڵنیام کەسانێکیش بەپاساوی مافی مرۆڤ و ئازادی و چەند دروشمێکی رووکەش دژ بەوە دەبن کە سزای لەسێدارەدان پەیڕەو بکرێت. بەڵام با ئەو کەسانە بۆ یەك چرکە خۆیان بخەنە شوێنی ئەو دایك و باوکەی تەرمی کوڕەکەیان دەدۆزنەوە و تاوانکار دان بەوەدا دەنێت کە تەنها لەبەر ئەوە کوشتوویەتی جۆری مۆبایلەکەی جوان بووە. یان ئەگەر کەسانێك پێیانوایە پابەندبوون بە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان و جیاواز دەرخستنی کوردستان لە وڵاتانی ناوچەکە گرنگترە لەوە، دەبێت بەرچاویان ڕوون بێت لەوەی ئەم دیاردەیە کۆتایی پێ نەهێنرێت، بە زیادبوونی تاوان و بەرزبوونەوەی ژمارەی کوشتن سومعەی کوردستان زۆر لەوە زیاتر دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە کە سزای لە سێدارەدان بەسەر تاوانکار و بکوژدا جێبەجێ بکات.

لینک: http://www.rudaw.net/sorani/opinion/08052019

# هەواڵەکانی ٥ مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠١٩

**له دو رۆژدا سێ ژن بەهۆی سوتانەوە گیانیان لەدەستداوە**

(سبەی): لەماوەی دو رۆژی رابردودا، لە سنوری پشدەر و بتوێن سێ ژن بەهۆی سوتانەوە گیانیان لەدەستدا.
پۆلیسی راپەڕین بڵاوی کردەوە؛ دوای ئەوەی شەوی شەممەی رابردو ژنێکی تەمەن (33) ساڵ بەناوی (س.ع.م) کە پیشەی مامۆستا و دانیشتوی گەڕەکی راپەڕینی شاری قەڵادزێ و دایکی سێ منداڵ بو، گەیەندرایە نەخۆشخانە کە لە حەمام بە ئاگر (80%)ی جەستەی سوتابو بەهۆی سەختی برینەکەیەوە دوای بەرێکردنی بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی، دوێنێ گیانی لەدەستدا.
پۆلیس ئاشکرای کردوە؛ لەسەر سکاڵای کەسوکاری ژنەکە دادوەر بڕیاریداوە بە راگیرتنی هاوسەری ژنەکە بەناوی (س.ع.م)، پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ روداوەکە کراوەتەوە و لێکۆڵینەوە بەردەوامە.
پێشتریش (سبەی) بڵاوی کردەوە، دو ژن لە سنوری قەڵادزێ بەهۆی سوتانەوە گەیاندراونەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی قەڵادزێ و دەستبەجێ یەکێکیان گیانی لەدەستدا و ئەوی دیکەش بەهۆی رێژەی زۆری سوتاوییەکەوە رەوانەی سلێمانی کراوە.
بەپێی زانیارییەکان ئەو کەسەی گیانی لەدەستداوە کچێکی تەمەن (17) ساڵ بو بەناوی (ب.م.ر) و دانیشتوی گوندی گرتکی سەر بە ناحیەی سەنگەسەر بو، کە بەوتەی خۆی لەکاتی ئامادەکردنی خواردن بەهۆی گڕگرتنی بوتڵی غاز سوتاوە.
ئێوارەی دوێنێ یەکشەممەش، تەرمی ژنێک بەناوی (م.خ.ک) لەدایکبوی ساڵی (1934) دایکی دو کوڕ و سێ کچ، دانیشتوی گەڕەکی ئاشتی قەزای قەڵادزێ لەلایەن مەفرەزەکانی فریاکەوتنی پشدەر گەیەندرایە نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ. 2019/05/27

**قەڵادزێ.. لە شەڕی نێوان باوک و کوڕێکدا پۆلیسێک بریندار دەبێت**

شادان قادر2019/05/23 - 23:13 بڵاوکراوەتەوە لە کوردستان،ماڵپەڕی سبەی
شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی راپەڕین بە(باسنیوز)ی ڕاگەیاند: "کاتژمێر(٧:١٥)خولەکی ئێوارەی ئەمڕۆ لە گەڕەکی ڕاپەڕین-ی شاری قەڵادزێ لە ماڵێکدا دەمەقاڵێ لە نێوان کوڕ و باوکێک دروست بووە و دەستبەجێ مەفرەزەکانی پۆلیسی فریاکەوتنی پشدەر گەیشتوونەتە شوێنی ڕووداوەکە بەمەبەستی ئاساییکردنەوەی گرژی نێوان ئەم کوڕ و باوکە، بەڵام کوڕەکە بە چەکی جۆری کڵاشینکۆف تەقەی کردووە و گوللـەیەک بەر دەستی ڕاستی کارمەندێکی پۆلیسی فریاکەوتنی پشدەر بەناوی ( دیدار قادر محەمەد) کەوتووە و بریندار بووە و، پاشان دەستبەجێ تەقەکەرەکە دەستگیر کراوە".
ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ڕووداوەکە لەکاتێکدا بووە کە مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی فریاکەوتنی پشدەر ویستویانە بچن بەدەم کێشەکەوە و پەیوەندی ئەم کوڕ و باوکە ئاسایی بکەنەوە، بەڵام بریندار بوونی کارمەندێکی پۆلیسی لێ کەوتووەتەوە.
گوتیشی: "کارمەندی پۆلیسەکە لە نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ چارەسەری پێویستی بۆ کراوە، مەلەفی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە و تەقەکەرەکەش بەبڕیاری دادوەر و بە ماددەی 406 بڕگەی 31 ڕاگیر کراوە". ٢٠١٩/٥/٢٤

**ژنێك لەنێو ماڵی خەزووریدا سووتا**

لەلایەن شکار ئەحمەد دوێنێ کاژێر 09:40 رووداو – هەولێر

لە کەرکووك لەنێو ماڵی خەزووریدا سووتا، دوای رۆژێك مانەوە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوا لە هەولێر، بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی گیانی دەرچوو، هەرچەندە ماڵی خەزووری دەڵێن خۆی سووتاندووە، بەڵام کەسوکاری ژنەکە دەڵێن مێردەکەی و خەسووی سووتاندوویانە، بۆیە سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکەین.
سەهەند دڵشاد، 23 ساڵ، تاقانەی سێ برا و کچی گەورەی ماڵەوە بوو، نزیکەی دوو ساڵ و نیو بوو لەگەڵ محەممەد، تەمەن 22 ساڵ، هاوسەرگیری کردبوو، خاوەنی دوو منداڵ بوون.
لەیلا عاسی، دایکی سەهەند باسی ژیانی کچەکەی کرد و گوتی: "زاواکەم  کە کوڕی برازامە، لەگەڵ سەهەند یەکدییان خۆشدەویست، ئەوکاتەی هاوسەرگیرییان کرد کچەکەم پۆلی سێی ناوەندی بوو، بە مەرجی تەواوکردنی خوێندنی دامان بە محەممەد، خەسووی گوتی خواردن لەپێشی دادەنێم با بخوێنێ، بەڵام هێشتا مانگی هەنگوینی نەچووبوو کە  تەلەفۆنی کرد و گوتی ناهێڵن بخوێنم، منیش بۆ ئەوەی ژیانی نەشێوێت هێورم کردەوە و گوتم بۆ ئەوە ژیان لە خۆت تێکمەدە". ٢٠١٩/٠٥/٢٣

**ژنێکی دووگیان لەلایەن هاوژینەکەیەوە بە توندی ئەشکەنجە دەدرێ**

لەلایەن دیمەن بورهان 11 کاژێر لەمەو بەر  رووداو - هەولێر

کاتێك گەیەنرابووە نەخۆشخانەی منداڵانی هەولێر، کەس باوەڕی نەدەکرد بژی، ئەو هێندەی لە خەمی منداڵەکەی نێو سکیدا بوو، لە خەمی چارەسەرکردنی خۆیدا نەبوو، بەڵام پزیشکەکان نەیانتوانی منداڵەکەی رزگار بکەن و بە مردوویی لە نێو سکیان دەرهێنا.
ئەژین، تەمەن 17 ساڵ، ساڵێك و پێنج مانگ لەمەوبەر هاوسەرگیری لەگەڵ (ح) تەمەن 19 ساڵ کرد، ئەوان خاڵۆزا و پوورزای یەکدین، ئەژین دەڵێت رۆژی 13ی ئەم مانگە بە توندی لەلایەن مێردەکەی و خوشکی مێردەکەیەوە لێیدراوە و پاشان داغ کراوە. دواتر تووشی خوێنبەربوون بووە و خەسووی بردوویەتی بۆ نەخۆشخانە، لەوێ گوتوویەتی بووکەکەی لەسەربان کەوتووەتە خوارەوە، بەڵام پزیشکەکان کە جەستەی شین و مۆر هەڵگەڕاوی ئەژینیان بینیوە، گومانیان کردووە، بۆیە چارسەریان نەکردووە. ئەژین دەنێردرێ بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوای هەولێر، لەوێ پۆلیس ئیفادەی لێوەردەگرێ و هەموو شتێك ئاشکرا دەبێ.
ئەژین دەنێردرێتەوە نەخۆشخانەی لە دایکبوون و منداڵانی هەولێر، لەوێ منداڵە تەمەن نۆ مانگەکەی کە کچ بوو، بە مردوویی لە سکی دەردەهێنرێ.

ئەژین بە دەم ناڵینەوە باسی خۆی کرد و گوتی: "ماوەی ساڵێك و پێنج مانگە لەگەڵ (ح) خێزانمان پێکهێناوە و لە ماڵی باوکی (کە خاڵمە) دەژیاین، حەوت مانگی سەرەتا بێ کێشە بووین، بەڵام دواتر بەهۆی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی هەڵەوە تووشی کێشە بووم، (ح) بە کێبڵ لێیدام و پاشان بە ئوتوو داغی کردم، منیش لە ترسی ئەوەی ماڵی باوکم بە هەڵە لێم تێنەگەن بێدەنگ بووم".

ئەژین بێدەنگ دەبێ و مێردەکەشی رۆژ لە دوای رۆژ رقئەستوور دەبێ بەرامبەری. ئەو دەڵێت "(ح) بە بەرچاوی خەسوومەوە کە پووریشمە ئەشکەنجەی دەدام، ئەو نەك هەر بەرگری لێنەدەکردم، بەڵکو دەرگای لەسەر دادەخستم و دەیگوت قابیلتە. (ح) فەلاقەی دەکردم و دەشیگوت دەنگ بکەی دەتکوژم. لە هەموو شوێنێکی دەدام تەنیا دەموچاوم نەبێ، بۆ ئەوەی خزمەکانم هەست نەکەن".

ئەژین تا سەر بەرگە ناگرێ و دەتۆرێ و دەچێتەوە ماڵی باوکی، بەڵام باوکی ئامۆژگاری دەکات و دەڵێت ئەو جۆرە کێشانە لە نێوان ژن و مێرد هەر دەبێ. بۆیە دەگەڕێتەوە لای هاوژینەکەی.

ئەژین دەڵێت دوای گەڕانەوەی، ئەمجارەیان منداڵەکەی نێو سکیان کردووە بە بیانوو. ئەو دەڵێت: "(ح) و خوشکەکەی پێیاندەگوتم منداڵەکەی نێو سکت کوڕە یان کچ ؟ منیش نەمدەزانی ، چونکە لە سۆنار دەرنەکەوتبوو، گوتم نازانم دکتۆر گوتوویەتی منداڵەکەت دانیشتووە و جارێ دەرناکەوێت کچە یان کوڕ، دشەکەم گوتی تۆ ناتەوێت ئێمە بزانین، دیسان منی بە لێدان دا. مێردەکەم بە کاویەی لەحیم داخی کردم و هەموو گیانی کردم بەخوێن". ٢٠١٩/٥/٢١

**براکەی بە (30) چەقۆ کوشت**

(سبەی): پۆلیسی کەرکوک ئاشکرای کرد، هاوڵاتیەک بە چەقۆ برایەکی خۆی کوشتوە و تەرمەکەشی لەسەر رێگای ناوچەی نوێی پیشەسازی فرێداوە.

پۆلیسی کەرکوک لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوەکردوە، ئەمڕۆ سێشەممە (2019/5/21) کەسێک کە نەخۆشی دەرونی لەگەڵدا بوە، بە چەقۆ براکەی خۆی کوشتوە و تەرمەکەشی لەسەر رێگای ناوچەی نوێی پیشەسازی شارەکە فڕێدراوە.

بەپێی بەیاننامەکەی پۆلیسی کەرکوک، ئەو کەسە (30) چەقۆی لە براکەی داوە و لە بەردەمی دادوەریشدا دانی ناوە بە تاوانەکەیدا.
سەبارەت بە هۆکارەی روداوەکەش، پۆلیس ئاماژەی بە خراپی دۆخی دەرونی بکوژەکە کردوە و دەڵێت: ئەو کەسە بەدەست نەخۆشی دەرونییەوە دەناڵێنێت و ئەوەش پاڵنەر بوە بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە. 2019/05/21

**مێردمنداڵێك زڕخوشکەکەی بە پەت دەخنکێنێ**

لەلایەن دیمەن بورهان 12 کاژێر لەمەو بەر   رووداو- هەولێر

ئێوارەی رۆژی 2019/4/29 لە ناحیەی قوشتەپەی سەر بە شاری هەولێر، ئافرەتێکی تەمەن 22 ساڵ، لەلایەن زڕبرایەکییەوە بەناوی دڵدار، خنکێنرا. دڵدار دوای تاوانەکە رایکرد، بەڵام دوای ئەوەی باوکی لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر کرا، ناچار بوو خۆی رادەستی پۆلیس بکات.

منداڵێکی بەدبەخت

کاتێك دایك و باوکی بووکە لە یەکدی جیابوونەوە، ئەو تەمەنی تەنیا دوو ساڵ بوو، تاقانەی دایك و باوکی بوو. سامی (باوکی بووکە) هێشتا مامەڵەکانی جیابوونەوەی لە شیلان (دایکی بووکە) تەواو نەکردبوو، ژنێکی دیکەی هێنا. بۆیە نەنکی نەیهێشت بووکە بکەوێتە بن دەستی زڕدایك و بردییە لای خۆی.

باوکی بووکە لە هاوژینی دووەمی دەبێتە خاوەنی دوو کوڕ و سێ کچ. بەهۆی تاوانێکەوە دەکەوێتە زیندان. بووکە تەمەنی 14 ساڵان بوو کە شووی بە گەنجێك کرد 13 ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو.

زولەیخا، زڕدایکی بووکە، سەبارەت بە شووکردنی بووکە گوتی: "بانگهێشتی ئاهەنگی خوشکەزایەکم کراین لە کەرکووك، بووکەشم لەگەڵ خۆم برد، لەوێ ژنێك داوای بووکەی کرد. هاتن بۆ زیندان داوای بووکەیان لە سامی کرد".

مانگێك بەسەر هاوسەرگیریی بووکە و سەرتیپدا تێپەڕیبوو، رۆژێك بووکە بە سەردان دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی. بە گوتەی دڵدار کە ئەوکات تەمەنی تەنیا 10 ساڵ بووە، شەوێك بووکەی لە حەوشەی ماڵەوەیان لەگەڵ پیاوێك بینیوە.

دڵدار بە (رووداو)ی گوت: "شەوێکیان لەگەڵ دەنگی دایکم بە ئاگا هاتم، بینیم قسەی بە پیاوێك دەگوت کە هاتبووە ماڵمان و لەگەڵ بووکە قسەی کردبوو. ئیدی لەو شەوەوە لە مێشکمدا چەسپی و گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ بووکە لەسەر ئەو کارەی بکوژرێ".

دوای ئەوەی سامی لە زیندان دێتە دەرەوە، ماڵەکەی بووکە لە کەرکووکەوە دەهێنێتە قوشتەپە. لە تەنیشت خۆی خانووی بۆ دەگرێ. دوای سێ ساڵ بووکە دەبێتە خاوەنی کچ و کوڕێك.

دڵدار دەڵێت: "نیوەشەوێك هاوژینی بووکە کردی بە هاوار، دواتر زانیمان بووکەی لەگەڵ گەنجێك بینیوە، ئەوکات نەنکم نەیهێشت بووکە بکوژن و گوتی بوختانی پێ دەکەن، پاشان باوکم و مێردی بووکە بە پارە سوڵحیان لەگەڵ گەنجەکە کرد".

لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا، رقی دڵداریش زیاتر بەرامبەر بووکە هەڵدەکشێ، بە تایبەتی دوای ئەوەی بۆ جاری سێیەم بووکە لەگەڵ پیاوێك دەبینرێ.

دڵدار دەڵێت: "دوای رووداوەکەی قوشتەپە، ماڵی بووکە باریان کرد بۆ بازیان لە سلێمانی، تەمەنم 15 ساڵ بوو، رۆژ لە دوای رۆژ رقم بەرامبەر بووکە زیاتر دەبوو. شەوێك زەنگی مۆبایل لێیدا، شووبرای بووکە بوو بە باوکمی گوت ئەگەر پیاون وەرن کچەکەتان ببەنەوە و بیکوژن، سەرتیپ لە دەوامە و پیاوێکمان لە ژووری خەوتنی بووکەدا گرتووە".

بە گوتەی دڵدار، ئەو پیاوە کە ناوی (ع) بووە، پێشتر لە قوشتەپە دراوسێیان بووە. دڵدار دەڵێت: "مۆبایلەکەم لە باوکم وەرگرت و بە شووبرای بووکەم گوت، بەس مەهێڵن بڕوات بە دوو کاژێر دەگەمە سلێمانی، دوای دە خولەك تەلەفۆنی کردەوە و گوتی هەردووکیانم رادەستی ئاسایش کرد، بەڵام راست نەبوو، دیسان بە پارە سوڵحیان کرد".

دوای ئەو رووداوە، ماڵی باوکی سەرتیپ داوا لە کوڕەکەیان دەکەن لە بووکە جیاببێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بووکەی زۆر خۆشدەویست، رازی نەبوو لێی جیاببێتەوە، لەگەڵ بووکە و منداڵەکانی سەری خۆیان هەڵدەگرن و خۆیان دەشارنەوە.

دڵدار گوتی: "دوو ساڵ بوو شوێن ئەما بە دوایدا نەگەڕێم، دەمویست بیدۆزمەوە و بیکوژم ، چونکە خەڵک تانەی لێدەدام، تەنانەت ماڵیشم جێهێشت. هەتا مانگی دووی ئەمساڵ باوکم ماڵەکەی دۆزییەوە کە لە بەحرکە بوو، ماڵی لە تەنیشت ماڵی ئەو کەسە دانابوو کە لە بازیان ".بەیەکەوە گیران
بووکە دەهێنرێتەوە قوشتەپە و هەتا نەورۆز لەلای ماڵی باوکی دەمێنێتەوە، پاشان دەچێتە ماڵی پوورێکی لە رواندز. سەرتیپ بڕیار دەدات .لێی جیاببێتەوە و لەلای مەلایەك تەڵاقی دەدات. بڕیار دەدات لە دادگاش لێی جیاببێتەوە
رۆژی 28ی نیسان رۆژی دادگایی جیابوونەوەی سەرتیپ و بووکە بوو، بووکە گەڕایەوە هەولێر، بەڵام رۆژی دواتر لەلایەن دڵدارەوە .خنکێنرا
دڵدار ساتەوەختی خنکاندنی خوشکەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ئێوارە بوو لە کار دەگەڕامەوە، لە رێگا پەتێکم دۆزییەوە، کە گەیشتمەوە ماڵەوە، یەکسەر بانگی بووکەم کرد بۆ ژووری دانیشتن. یەکسەر دەرگام لەسەر داخست. گوتی: چیت دەوێ. گوتم: بێدەنگ بە. یەکسەر پەتەکەم لە ملی توند کرد و دەستم خستە سەر دەمی، کەوتە سەرزەوی، پاشان هەتا ماندوو بووم، بە لەقە لە ملیم دا، ملی ورد بوو، کە زانیم گیانی دەرچوو، یەکسەر هەڵاتم. سەعات 10ی شەو براکەم تەلەفۆنی کرد و گوتی باوکم گیراوە، بۆیە سەعات دووی شەو گەڕامەوە و خۆم رادەستی پۆلیس کرد". 2019/05/17

**باوکی و مامی دەیکوژن و تاوانەکەش دەشارنەوە**

لەلایەن تریسکە شێرزاد 2019/5/16 رووداو-هەولێر

زانا مانگێك و نۆ رۆژ بوو ون بووبوو، ئەویش دوای ئەوەی شەڕی لەگەڵ برایەکی کردبوو. بەڵام رۆژی پێنجی ئەم مانگە پۆلیس .تەرمەکەیان لەنێو چاڵێکدا لە گوندێکی سەر بە ناحیەی لەیلان دۆزییەوە. پاش ئەوەی مام و باوکی زانای دەستگیر کرد
زانا نەوزاد، تەمەن 29 ساڵ و باوکی دوو منداڵ کە دانیشتووی گەڕەکی حوڕییەی شاری کەرکووك بوو، هەر دوای ونبوونی، دایکی .پۆلیسی ئاگادارکردەوە، بەڵام دوای 39 رۆژ پۆلیس تەرمەکەی دۆزییەوە
عەقید هەڤاڵ بەرزنجی، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عروبە بە (رووداو)ی راگەیاند: "دوای ئەوەی دایکی زانا ئاگاداری کردینەوە کە ".کوڕەکەی ون بووە. دەستمان بە لێکۆڵینەوە کرد، سەیری کامێراکانی چاودێریمان کرد و گوێمان لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی گرتەوە
پۆلیس سەرەداوێکی ئەوتۆی لەبارەی ونبوونی زانا دەستنەکەوت تا ئەو کاتەی دایکی زانا دووبارە پەیوەندی بە پۆلیسەوە کرد و پێیگوتن .کە گومانی لە باوك و مامێکی زانا هەیە دەستیان لە ونبوونی کوڕەکەیدا هەبێ
عەقید هەڤاڵ دەڵێت: "بە فەرمانی دادوەر هەردووکیان دەستگیرکران، باوکی زانا لە لێکۆڵینەوەدا ئیعترافی کرد کە بە هاوکاریی براکەی، ".کوڕەکەی خۆی کوشتووە. شوێنی شاردنەوەی تەرمەکەشی نیشاندابن
سەبارەت بە هۆکاری تاوانەکە، باوکی زانا لە ئیفادەکەیدا گوتبووی: "کوڕەکەم خراپ بوو، کێشەی زۆر بۆ دروست دەکردین، زۆر هەوڵمان لەگەڵ دا خۆی چاك بکات، سوودی نەبوو، تەنانەت مادەی هۆشبەریشی بەکاردەهێنا. لەگەڵ براکەم بردمانە ئەو شوێنە، ".ویستمان قسەی لەگەڵ بکەین، بەڵام ئەو گوێی لێنەگرتین، بۆیە کوشتمان
باوکی زانا تۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەداتە پاڵ کوڕەکەی و بە هۆکاری سەرەکی کوشتنەکەشی دادەنێ. ئەفسەرەکەی پۆلیسیش دەڵێت: "تەرمی زانامان ناردووە بۆ پەیمانگەی پزیشکی دادوەریی کەرکووك، چاوەڕێی راپۆرتی پزیشکین بۆ ئەوەی بزانین بە چی کوژراوە؟ هەروەها ئەو قسەیەی باوکی راستە یان نا کە دەڵێت کوڕەکەی ماددەی هۆشبەری بەکارهێناوە". هەرچەندە ئەوە روون .نییە کە پاش 40 رۆژ لە مانەوەی ئەو تەرمە لەژێر گڵ، دەتوانرێ ئاسەواری مادەی هۆشبەر لەجەستەیدا بدۆزرێتەوە یان نا
(رووداو) پەیوەندی بە کەسوکاری زاناوە کرد، بەڵام بە پاساوی ئەوەی کە کێشەیەکی نێوخۆی خێزانەکەیانە ئامادەنەبوون قسەی لەسەر .بکەن
.زانا خێزانی پێکهێنابوو، باوکی دوو منداڵ بوو، بەڵام دوو ساڵ لەمەوبەر لە ژنەکەی جیابووەوە و باوکی منداڵەکانی بۆ بەخێو دەکرد
سەرچاوەیەك کە ئاگاداری ژیانی زانایە و نەیویست ناوی بهێنرێ، بە (رووداو)ی گوت: "زانا کەسێکی سەر بە کێشە بوو، بەو هۆیەوە ژنەکەی چەند جارێك رۆیشت و چووەوە ماڵی باوکی. ئەو بەو مەرجە دەگەڕایەوە لای زانا کە خۆی چاك بکات، زانا ماوەیەك چاك ".دەبوو، دواتر دەستی پێدەکردەوە، بۆیە دوو ساڵ لەمەوبەر هاوژینەکەی بە یەکجاری لێی جیابووەوە
بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، دوای جیابوونەوەی لە هاوژینەکەی، زانا لەسەر رەفتارەکانی پێشووی بەردەوام بووە، تەنانەت رووی لەبەکارهێنانی ماددەی هۆشبەریش کردبوو. ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: وای لێهاتبوو هەموو رۆژێك کێشەیەکی نوێی دەنایەوە، هەموو ".کەسێك دەیزانی کە خێزانی زانا کێشەیان لەگەڵ ئەو هەیە
ئەو سەرچاوەیە باس لە رۆژێك پێش ونبوونی زانا دەکات و دەڵێت: "رۆژێك پێش ئەوەی زانا دیار نەمێنێت لەگەڵ برایەکی خۆی کردیە شەڕ لە کۆڵانەکەیان، باوکی هات و ئەوانی بردەوە ژوورەوە، ئیدی لەو رۆژەوە زانا ون بوو، هەر کەسێکیش دەیپرسی زانا لە ".کوێیە، ئەوان دەیانگوت نازانین بەبێ پرسی ئێمە لە ماڵ دەرچووە
عەقید هەڤاڵ دەڵێت: "گومان دەکەین سەرەتا بە چەقۆ لە زانا درابێت، دواتر بە بۆری لێیانداوە تا مردووە، پاشان تەرمەکەیان فڕێدابووە نێو چاڵێك لە گوندێکی نزیك ناحیەی لەیلان". 2019/05/16

**دادگای تاوانەکانی سلێمانی سزای 15 جار لەسێدارەدان بەسەر سێ تاوانباردا دەسەپێنێت**

لەلایەن هەڵۆ کاکەوەیس 2019/5/12 رووداو - هەولێر
دادگای تاوانەکانی سلێمانی سزای 15 جار لەسێدارەدان بەسەر سێ تاوانبار دەسەپێنێت، بە تاوانی رفاندن و کوشتنی 18 شۆفێری تاکسی .لەماوەی نۆ مانگدا لە ساڵی 2013 لە کەرکووک
دادگای تاوانەکانی سلێمانی لە رۆژی 9-5-2019 بڕیارەکەی داوە و ئەمڕۆ بەشی راگەیاندنی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە .راگەیەندراوێکدا هەواڵەکەی ئاشکرا کرد

لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە "هەرسێ تاوانباران: ئەحمەد مستەفا عەبدولمەهدی، حوسێن شەعلان فەزاع و حەمدان سەرحان فەرز بە سزای 15 جار لەسێدارەدان بۆ هەریەکێکیان بەپێی ماددەی دووی برگەی دوو بە دەلالەتی ماددەی 10ـی یاسای بەرەنگاربوونەوەی ژمارە سێی ساڵی 2006 (سزادران). 2019/05/15

**لە چوارقوڕنە کچێک "بەهەڵە" لەلایەن براکەیەوە دەکوژرێت**

لەلایەن راوچی حەسەن 10 کاژێر لەمەو بەر رووداو - هەولێر
پۆلیسی راپەڕین رایدەگەیەنێت، لە چوارقوڕنە کچێکی تەمەن 13 ساڵ بەهۆی بەرکەوتنی گوللە گیانی لەدەستدا. کەسوکارەکەیشی دەڵێن "براکەی گوللە لەدەستی دەرچووە و بەهۆیەوە گیانی لەدەستداوە".
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین لە هەواڵێکدا کە ئەمڕۆ (دووشەممە 13-5-2019) بڵاویکردووەتەوە رایدەگەیەنێت: "شەوی 12/13-5-2019 تەرمی کچێکی تەمەن 13 ساڵ بەناوی (هـ.د) دانیشتووی گوندی قەمتەرانی سەر بە شارۆچکەی چوارقوڕنە هێنرایە نەخۆشخانەی گشتی رانیە کە شوێنەواری گوللە بە جەستەیەوە دیاربوو. تەرمەکەی گواسترایەوە پزیشکی دادوەری رانیە و دوای ئەنجامدانی توێکاری بۆ تەرمەکەی، رادەستی کەسوکاری کرایەوە".
پۆلیسی راپەڕین ئاماژە بەوەش دەکات "بەگوتەی کەسوکارەکەی، رووداوەکە لەکاتێکدا بووە کە براکەی بەناوی (م،د) تەمەن 10 ساڵ لە ماڵی خۆیان لە گوندی قەمتەران دەستکاری چەکی جۆری EM4 ی کردووە و لەوکاتەشدا گوللە لە چەکەکە دەرچووە و بەر خوشکەکەی کەوتووە و بەم هۆیەوە گیانی لە دەستداوە". ٢٠١٩/٠٥/١٣

**لە کۆمەڵگەی چرە بەهۆی کێشەی زەوی لە نێوان دوو بنەماڵە شەڕ روویدا**

لەلایەن مەهدی فەرەج دوێنێ کاژێر 02:53 رووداو-هەولێر
بەهۆی ناکۆکی لەسەر زەویی کشتوکاڵی لە کۆمەڵگەی چرەی سەر بە شارۆچکەی قەسرۆک لە سنووری شێخان، ماوەی کاژێرێک شەڕ لەنێوان دوو بنەماڵە دروستبوو، دەنگۆی بریندار بوونی چەند کەسێک هەیە بەڵام تاوەکو ئێستا لایەنە فەرمییەکان هیچ زانیارییەکی پشتڕاستکراوەیان نەدرکاندووە.
دەربارەی زیانەکان، مێهران نێرەویی، بەڕێوەبەری ناحیەی قەسرۆک رایگەیاند "هێشتا نازانین زیانەکان چەندن، چەند رۆژێک بوو ئەو دوو بنەماڵەیە لەبەریەکدا بوون و ئێمە بەردەوام لە هەوڵ بووین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان، بەڵام هەردوو لایەن لەگەڵ چارەسەری کێشەکەدا نەبوون، هەرچەندە هەردوو بنەماڵە خزمی یەکدین". 2019/5/9

**لە هەولێر باوکێک لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی کچەکەی خنکاند**

لەلایەن سەرباز سیامەند دوێنێ کاژێر 09:52 رووداو- هەولێر
"بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر رایگەیاند"باوکێک کچە 22 ساڵانەکەی خۆی خنکاندووە و دەستگیرکراوە".
رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند "لە گەڕەکی ئایینده سیتی شاری هەولێر کچێکی لەدایکبووی 1997 لەلایەن باوکییەوە خنکێندرا".
باسی لەوەشکرد، رووداوەکە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی روویداوە و دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی رووداوەکە باوکەکە دەستگیرکراوە و تەرمی کچەکەش رەوانەی پزیشکی دادوەری کراوە.
گوتیشی "ئەمڕۆ سێشەممە 7-5-2019 هەر لەسەر رووداوەکە پۆلیس کەسێکی دیکەی دەستگیرکردووە کە پەیوەندی بە رووداوەکەوە هەیە و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە".
بەگوێرەی دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، لەماوەی سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، 10 ژن کوژراون و 13 ژنیش خۆیان کوشتووە. زۆربەی کوشتن و خۆکوشتنەکانیش لە مانگەکانی کانوونی دووەم و شوباتی 2019 لە پارێزگاکانی سلێمانی و دهۆک بوونە. 2019/05/08

**کوڕێك دایکی خۆی بە بەرد دەکوژێت**

لەلایەن رووداو 56 خولەک لەمەوبەر رووداو - هەولێر
لە گوندی تورەقی سەر بە هەولێر، کوڕێك دایکە 52 ساڵەکەی بەردباران دەکات و دەیکوژێت، پۆلیسی هەولێر دەڵێت گەنجەکە ماوەی کەمتر لە مانگێکە لە زیندان ئازاد کراوە کە بەتۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر کرابوو.
(م.بەکر) تەمەنی 22 ساڵ، تاقانەی شەش خوشکە، تاوەکو قۆناغی ناوەندی خوێندووە و وازی لە خوێندن هێناوە. کەسوکارەکەی دەڵێن گەنجێکی دەستڕەنگین و سەرتاشێکی کارامە بووە، بەڵام دواتر ئاڵوودەی ماددەی هۆشبەر بووە.
بۆچی دایکت کوشت؟ (م) لەژێر لێوەوە گوتی: "ئیشم کرد، دەمویست بە پارەکەی مزگەوت دروست بکەم، بەڵام دایکم پارەکەی لێخواردم، "ریشم هێشتەوە تاوەکو ببمە دەروێش، بەڵام مامم بە زۆر ریشی تاشیم، ئەوان خەونەکانی منیان لەنێوبرد".
ئەو دەڵێت کاری خۆی هەبووە و هیچ کێشەیەکی نەبووە "بەڵام بەهۆی هاوڕێی خراپ فێری کێشانی ماددەی هۆشبەر بووم، سەرەتا حەب و دواتریش کریستاڵم دەکێشا، دوای ساڵێك هاوڕێیەکەم بەگرتنیدام. شەش مانگ لە ئاسایشی هەولێر بووم، بەڵام نەك هەر حەب و کریستاڵم لەبیرنەکرد، بەڵکو زیاتر شەیدایان بووم و خەونم پێوە دەبینی".

(م) دوای ئازادکردنی لە گومرگی هەولێر کرێکاری دەکرد. لەوبارەوە دەڵێت: "دەمویست بە پارەکەی گومرگ، مزگەوتێك دروست بکەم، پارەکەم لەلای دایکم دانابوو، دوای پارەکانی خۆمم لە دایکم کرد، بەڵام ئەو نەیدامەوە و لێی خواردم". ٢٠١٩/٥/٧

**بەهۆی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیەکی رووت خۆی کوشت**

لەلایەن تریسکە شێرزاد 1 کاژێر لەمەوبەر  رووداو - هەولێر

نەوزاد لەگەڵ هاوڕێکانی دەچێتە دەرەوەی شار. ئەوان داوای مۆبایلەکەی لێدەکەن و ئەویش کە متمانەی پێیانبووە، مۆبایلەکەیان دەداتێ، بەڵام دوو رۆژ دواتر تووشی شۆکی دەکەن کاتێك پەیوەندی پێوە دەکەن و پێیدەڵێن ئەگەر پارە و کارتمان بۆ نەنێری، گرتە رووتەکانت بڵاودەکەینەوە. نەوزاد بەرگەی تانە و تەشەری خەڵکی نەگرت و خۆی کوشت.
ئەگەرچی پێنج مانگ و سێ رۆژ بەسەر خۆکوشتنی ئەودا تێپەڕیوە، بەڵام ئەوانەی بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکەی نەوزاد گیراون، هێشتا نکۆڵی لەو کارە دەکەن. (نەوزاد ع)، تەمەنی 38 ساڵ، دانیشتووی ناحیەی تەقتەق بوو.
بارزان کە برای نەوزادە، بە (رووداو)ی گوت: "هەشت مانگ لەمەوبەر نەوزاد لەگەڵ هاوڕێکانی چووبووە دەرەوە، ئەوان بەناوی وێنەگرتنەوە داوای مۆبایلەکەی دەکەن، ئەویش مۆبایلیان دەداتێ، ئەوان گرتەیەکی رووتی نەوزاد لە نێو مۆبایلەکەی دەبینن، بەبێ ئەوەی نەوزاد هەستی پێ بکات، بۆ خۆیانی دەنێرن".  ٢٠١٩/٥/٦
باوکێک کوڕەکەی خۆی کوشتووە
خولەک پێش ئێستا  دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕ تی، کەرکوک، ئاسۆ ئەحمەد 44
پۆلیسی کەرکوک ڕایگەیاندووە، باوکێک کوڕەکەی خۆی کوشتووە، دوای سێ هەفتەش بەسەر رووداوەکەدا باوکەکە و مامێکی بە تۆمەتی کوشتنەکەی دەستگیرکراون.
پەیامنێری دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕ تی رایگەیاند، بە وتەی پۆلیس ماوەی سێ هەفتەیە گەنجێکی تەمەن ٢٩ ساڵە لە شاری کەرکوک شوێن بزربووە، دواتر تەرمەکەی لە گوندێکدا دۆزرایەوە، هێزە ئەمنییەکانی کەرکوکیش دوای لێکۆڵینەوەی لە رووداوەکە باوک و مامێکی ئەو کوڕەیان بە دەست هەبوون لەو کارەدا تۆمەتبارکردووە.
ئەوەشی خستەڕوو، هێزە ئەمنییەکانی کەرکوک لە راگەیەندراوێکدا باسی ئەوەیانکردووە کە باوک و مامی ئەو کوڕە دوای کوشتنی، لە گوندێکی سنوری ناحیەی لەیلان تەرمی کوڕەکەیان فڕێداوە.
باسی لەوەشکرد، هێزە ئەمنییەکانی کەرکوک تۆمەتبارەکانیان دەستگیرکردووە و لێکۆڵینەوەش لە رووداوەکە بەردەوامە.  2019/5/6

**وەستا کۆنەکەی خۆی کوشت و تەرمەکەشی سووتاند**

لەلایەن رووداو 18 کاژێر لەمەو بەر   رووداو-پشدەر

سەدرەدین سەعات هەشتی شەو لە ماڵ چووە دەرەوە و رۆژی دواتر پۆلیس تەرمەکەی دۆزییەوە. پۆلیس و کەسوکارەکەی هۆکاری کوشتنی ناڵێن، کەسوکاری بکوژەکەی دەڵێن ئێمە دەزانین بۆ کوژراوە، بەڵام ئامادەشین بۆ سوڵح.

سەدرەدین، تەمەن 50 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی خانەقا لە قەڵادزێ، سەعات هەشتی شەوی 2019/4/13 لە ماڵ دەرچوو، بەرەبەیانی رۆژی دواتر تەرمەکەی لە رۆخی رووبارێك دۆزرایەوە. پۆلیس گەنجێکی تەمەن 20 ساڵانی بەناوی (ك.ح) دەستگیر کردووە، دەگوترێ گەنجەکە هاوڕێی سەدرەدین بووە، لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی پۆلیسیشدا دانی بەوەدا ناوە کە ئەو سەدرەدینی کوشتووە.    2019/5/4

**براکەی خۆی لەسەر "دواخستنی نوێژەکانی" کوشت**
لەلایەن تریسکە شێرزاد دوێنێ کاژێر 07:20  رووداو-هەولێر

دوای تەواوبوونی کارەکەیان، جەمال و براکەی بەرێدەکەون بۆ ماڵەوە، بەڵام لە رێگا لەسەر نوێژکردن دەبێتە دەمەقاڵەیان، (ئا) بە چەقۆ پەلاماری براکەی دەدات و دەیکوژێ و تەرمەکەشی بەجێدێڵێ. سەرەتا کەسوکارەکەی نەیاندەزانی بکوژی جەمال کێیە، بەڵام پۆلیس زوو دۆزییەوە و دەستگیری کرد.

جەمال مستەفا، تەمەن 42 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی ئازادیی شاری کەرکووك، شەوی 2019/4/13 لەلایەن برا تەمەن 29 ساڵانەکەیەوە بە چەقۆ کوژرا. جەمال دووکانی فیتەری هەبوو لە ناوچەی پیشەسازیی کەرکووك، براکەشی شاگرد بوو لەلای خۆی. سەرچاوەیەك لە بنکەی پۆلیسی عرووبە لە کەرکووك بە (رووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی تەرمەکەمان دۆزییەوە، ناردمان بۆ پزیشکی دادوەریی کەرکووك، دوای پشکنین دەرکەوت بە چەقۆ کوژراوە".   2019/5/3

**بەتۆمەتی خنکاندنی کچێك 4 کەس دەستگیر دەکرێت**
ئاوێنە 2019-05-02
بەتۆمەتی خنکاندنی کچێك 4 کەس دەستگیر دەکرێت، لەمبارەیەوە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی راگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە کە تێدا ئاماژەبەوە دەکات کچەکە لەسەر رێگەی چەمچەماڵ – تەکیە خنکێنراوەو فەرمانی دەستگیرکردن بۆ باوکی کچەکەش دەرچوە.
ئاوێنە: ئەمرۆ "پێنج شەممە" بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی راگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتوە "رۆژی 3ی

4ی2019 ، لەسەر ڕێگای چەمچەماڵ – تەکیە تەرمی کچێك دۆزرایەوە، دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس و تیمەکانی بەشی پۆلیسی بەڵگەی تاوان کەشف و هێڵکاری بۆ شوێنی ڕوداوەکە کراو تەرمی (ك.ح.ق) تەمەن 24 ساڵ ، ڕەگەز مێ بۆ پزیشکی دادوەری لەشاری سلێمانی گواسترایەوەو دەرکەوت کە کوژراوەکە بە پەت خنکێنراوەو کراوەتە ناو تورەکەیەکەوەو لەسەر ڕێگای چەمچەماڵ – تەکیە فڕێدراوە".

ڕاشیدەگەیەنێت هێزەکانی بنکەی پۆلیسی تەکیە بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەری بەشی پۆلیسی چەمچەماڵ لێکۆڵینەوەکانیان دەستپێکردو و توانرا ڕۆژی 4ی4ی 2019 تۆمەتبار (ر.ع.م) دەستگیربکرێت و ڕۆژی 8ی4ی 2019 تۆمەتبار (ح.ق.ح) دەستگیربکرێت و شەش ڕۆژ دوای ئەو تۆمەتبارەش هەریەکە لە (ە.ح.ق) و (ە.ح.ق) دەستگیربکرێن و سەرجەمیان بەفەرمانی دادوەرو بەپێی ماددەی 406 لەیاسای سزادانی عیراقی ڕاگیراون، باس لەوەش دەکات تا ئێستا باوکی کچە خنکێنراوەکە دەستگیر نەکراوە. ٢٠١٩/٥/٢

**بیلالی کوشت و لەسەر تەرمەکەشی قورئانی دەخوێند**
لەلایەن دیمەن بورهان دوێنێ کاژێر 09:10 ڕووداو – هەولێر

عەدنان زوو زوو داوای ئاوی دەکرد، وەك ئەوەی تینوێتی بە خوێنی بیلال نەشکابێ. کاتێك لێم پرسی ئەگەر کات بگەڕێتەوە دواوە دەیکوژی؟ عەدنان گوتی: "ئەوانەی پلانی کوشتنی کەسێکیان هەیە، ئەگەر پێش تاوانەکە بۆ یەك شەو بچنە زیندان، هەرگیز بیر لە کوشتن ناکەنەوە".

ڕۆژی 2018/4/12 تەرمی بیلال عەبدولڕەحمان، تەمەن 28 ساڵ، لەنێو ئۆتۆمبێلەکەی خۆی لە زوورگەکانی کەسنەزان دۆزرایەوە. دواتر بکوژەکەی کە هاوڕێیەکی خۆی بووە بەناوی (عەدنان.ئ) دەستگیر کرا.

عەدنان، تەمەن 45 ساڵ کە خاوەنی دوو ژن و نۆ منداڵە، باسی ناسینی بیلالی کرد و گوتی: "من خەڵکی دهۆکم، چواردە ساڵ پێش ئێستا هاوژینی دووەمم هەڵگرت و چووم بۆ سلێمانی، دوو ساڵ لەمەوبەریش ماڵەکەم گواستەوە بۆ کۆیە، لەوێ لەگەڵ ماڵی باوکی بیلال تێکەڵ بووم کە خەڵکی هەمان گوندی خۆمان بوون". ٢٠١٩/٥/٢

**حاکم گۆران لە پەخشی ڕاستەوخۆی فەیسبووک تەقەی لە خۆی کرد**
لەلایەن مەهدی فەرەج 19 کاژێر لەمەو بەر ڕووداو - دهۆک

حاکم گۆران لە پەخشی ڕاستەوخۆی تۆڕی کۆمەڵاتی فەیسبووک بە چەکی کلاشینکۆڤ تەقەی لە خۆی کرد.
چەند گەنجێک لە نزیکی حاکم گۆران فریای دەکەون و ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوە.
لیوا تاریق ئەحمەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "حاکم گۆران چەند گوللەیەکی لە خۆی داوە و بریندار بووە، ئێستا لە نەخۆشخانە چارەسەر وەردەگرێت".
حاکم گۆران لافیتەیەکی لە پشتی خۆی داناوە و بە گەورەیی لەسەری نووسراوە "یەکڕیزیی، چاکسازی و سەربەخۆبوون".
حاکم گۆران لەکاتی گشتپرسیی بۆ سەربەخۆیی کوردستان چووە سەر شاخ و ڕایگەیاندبوو، تاوەکو سەربەخۆیی ڕانەگەیێندرێت نایەتە خوارەوە، هەر بەو هۆیەشەوە لەنێو خەڵکدا ناسرا. 2019/5/1

**لە هەولێر ژنێك لەسەر نامەیەکی مۆبایل دەکوژرێ**
لەلایەن دیمەن بورهان 23 کاژێر لەمەو بەر ڕووداو – هەولێر

ناز، ڕۆژی 26ی ئەم مانگە بە ماکسییەکەی بەربیەوە بردرایە دەرەوەی هەولێر و لە ناوچەی زرارەتی بە دەستی کەسوکارەکەی ژیانی لێ سەندرایەوە. ناز کە ناوی خوازراوی ئافرەتێکە و دایکی دوو منداڵە، لەلایەن ناسیاوێکی خۆیانەوە نامەیەکی مۆبایلی بۆ هاتبوو، دوای ئاشکرابوونی نامەکە، لەلایەن کەسوکارەکەیەوە کوژرا.

(ر.س)، تەمەن 20 ساڵ، دانیشتووی ناحیەی کەسنەزان کە نامەکەی بۆ ناز ناردبوو، کاتێك هەواڵی کوشتنی نازی پێدەگات، بە گوللـەیەك کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ. پرسەی (ر) زۆر بێدەنگ بوو، وەك ئەو پرسانە نەبوو کە دەنگی قیژە و لەخۆدانی ژن لە دوورەوە دێت. کاتێك داوامان لە خێزانەکەی کرد باسی ڕووداوەکە بکەن، تەنیا گوتیان "بەردێکمان لەسەر داناوە و ئێوەش وازبێنن"، بەڵام کەسێکی ئاگادار لە ڕووداوەکە گوتی: "(ر) پەیوەندی لەگەڵ ئەو ژنەی خزمیان هەبوو، ناز هەرچەندە هاوژین و دوو منداڵیشی هەبوو، بەڵام لەگەڵ (ر) یەکدییان خۆشدەویست". 2019/04/30

**لە سۆران تەرمی گەنجێک دۆزرایەوە**
لەلایەن سەرباز سیامەند 13 کاژێر لەمەو بەر ڕووداو- هەولێر

گوتەبێژی پۆلیسی سۆران ڕایگەیاند، لە گوندێکی شاری سۆرانی سەر بە هەولێر تەرمی گەنجێک دۆزراوەتەوە.

سەعدون هاودیانی، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند، کاژێر 6ی ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە 28-4-2019 تەرمی گەنجێکی 22 ساڵان بەناوی عەزیز فازڵ لە ماڵەکەی دۆزرایەوە.

سەعدون هاودیانی گوتی: "بەگوتەی مامی گەنجەکە، عەزیز فازڵ لە دایکبووی ساڵی 1997یە و قوتابی بووە، لە ماڵەوە بە تەنیا بووە و بە کلاشینکۆف خۆی کوشتووە".

گوتەبێژی پۆلیسی سۆران باسی لەوەکرد:"بەپێی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی، رووداوەکە خۆکوژییە و تەرمی گەنجەکە رەوانەی پزیشکی دادی سۆران کراوە بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دواین هۆکاری گیانلەدەستدانەکە، تاوەکو بگەینە ئەنجام و بزانین رووداوەکە خۆکوژییە یان کوژراوە." 2019/04/29

**پۆلیسی سلێمانی زانیاری لەبارەی منداڵە کوژراوەکەی کەنەکەوە بڵاوکردەوە**

لەلایەن فەلاح نەجم 2019/4/26 رووداو- هەولێر

پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند، بەیانی ئەمڕۆ تەرمی منداڵێکیان دۆزیوەتەوە کە شوێنی لێدان بە سەرییەوە دیاربووە.

سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند "بەیانی ئەمڕۆ تەرمی منداڵێکیان لە گەڕەکی کەنەکەوەی شاری سلێمانی دۆزیوەتەوە کە تەمەنی 13 ساڵانە و شوێنی لێدان بە سەرییەوە دیاربووە".

بە گوتەی سەرکەوت ئەحمەد، ئەو منداڵە ناوی (ر. س) ە و لە رەگەزی نێرە، دوێنێ لەماڵ دەرچووە و ئەمڕۆ تەرمەکەی دۆزراوەتەوە.

گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی باسی لەوەشکرد، چەند کەسێک بانگ کراون بۆ لێکۆڵینەوە، بەڵام هیچ کەسێک بە تۆمەتی کوشتنی ئەو کەسە دەستگیر نەکراوە. 2019/4/26

**پۆلیسی هەولێر: ئەو پیاوەی لە کەسنەزان گەنجێکی کوشت، دەستگیرکرا**

لەلایەن رووداو 2 کاژێر لەمەو بەر رووداو - هەولێر

پۆلیسی کۆیە تۆمەتبارێکی رادەستی پۆلیسی هەولێری کرد و کە تۆمەتبارە بە کوشتنی گەنجێکی تەمەن 28 ساڵ.

شەوی 10ی ئەم مانگە، تەرمی گەنجێک بەناوی "بیلال عەبدولڕەحمان" لە رێگەی کەسنەزان لە هەولێر دۆزرایەوە. هەشت رۆژ دواتر و لە 18ی ئەم مانگە تۆمەتباری سەرەکی تاوانەکە دەستگیرکرا.

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە تۆڕی میدیایی رووداو-ی راگەیاند "دوای ئاگادارکردنەوەمان بە بوونی تەرمێک لە رۆژی 11-4-2019 لە سنووری بنکەکەمان دەستبەجێ تیمێکی لێکۆڵەر چووە شوێنی رووداوەکە، دەرکەوت کە کەسێک بە ناوی بیلال عەبدولڕەحمان، تەمەن 28 ساڵ بەهۆی بەرکەوتنی زەبرێکی بەهێز بەسەریدا گیانی لەدەستدا. 2019/04/19

**باوکی حەوت منداڵ خۆی دەخنکێنێ**

دوێنێ کاژێر 10:01 رووداو- هەولێر Fahad Sabri لەلایەن

کەسوکارەکەی چەند جارێك تەلەفۆنیان بۆ کرد، بەڵام خالید وەڵامی نەبوو، تا دواجار هاوڕێیەکی تەرمەکەی لە نێو گەراجێکدا بە هەڵواسراوی دۆزییەوە. کەسوکارەکەی دەڵێن خالید قەرزدار بووە بۆیە خۆی خنکاندووە.

ئێوارەی رۆژی 2019/3/21 پیاوێکی تەمەن 51 ساڵ بەناوی (خالید، د)، دانیشتووی گوندی قۆڕیتانی سەر بە شاری هەولێر کە باوکی حەوت منداڵ بوو، لە نێو گەراجێکدا خۆی خنکاند.

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە(رووداو)ی راگەیاند: "لەلایەن بنکەی پۆلیسی شەمامك لە رووداوێکی خۆکوشتن ئاگادار کراینەوە، دوای ئەوەی هێزەکانی پۆلیس گەیشتنە شوێنی رووداوەکە تەرمەکەیان رەوانەی پەیمانگای پزیشکی دادوەریی هەولێر کرد".

سەبارەت بە هۆکاری خۆخنکاندنی ئەو پیاوە، رائید هۆگر گوتی: "بە گوێرەی ئیفادەی هاوژینەکەی، ئەو پیاوە هیچ کێشەیەکی خێزانی نەبووە. هەندێك پارە قەرزدار بووە، گەڵابەیەکیان هەبووە فرۆشتوویانە، بەڵام پارەکەی بەشی هەموو قەرزەکانی نەکردووە. بەهۆی ئەوە باری دەروونیی تێکچووبوو، هەمیشە دەیگوت چۆن دووبارە بتوانم گەڵابەیەك بکڕمەوە، چۆن بتوانم قەرزەکانم بدەمەوە".

19.04.2019

**ژنەکەی و منداڵەکانی بە پاچ کوشتیان**

لەلایەن تریسکە شێرزاد 5 کاژێر لەمەو بەر رووداو- هەولێر

یونس لە خەودا بوو کاتێك هاوژین و منداڵەکانی بە هاوکاریی خۆشەویستی کچەکەی، پەلاماریان دا و کوشتیان، دواتر تەرمەکەیان لە

.چۆڵەوانییەك فڕێدا

شەوی 2019/4/9، پیاوێکی تەمەن 48 ساڵ، دانیشتووی گوندی قەرەبەگی سەر بە ناحیەی پردێ، لەلایەن هاوژین و منداڵەکانییەوە .کوژرا. یونس پاسەوانی بارەگای حیزبی شیوعی کوردستان بوو لە ناحیەی پردێ

عەقید عابدین نەجمەدین، بەڕێوەبەری پۆلیسی ناحیەی پردێ بە(رووداو)ی راگەیاند: "شەوی 2019/4/9 پۆلیسی ناحیەی پردێ تەرمی پیاوێکیان لە نزیك گوندی نەبیاوە دۆزییەوە کە لەنێو بەتانییەك دانرابوو، پێڵاوی لە پێ نەبوو، بە پاچ لێیدرابوو، هەموو جەستەی خوێن بوو، تەرمەکەمان نارد بۆ پەیمانگەی دادوەریی کەرکوك".   2019/04/16

**لە قەڵادزێ کەسێک بە چەقۆ کوژرا و ئۆتۆمبێلەکەشی سووتێنرا**

لەلایەن فەلاح نەجم 2 کاژێر لەمەو بەر   رووداو-هەولێر

.پۆلیسی راپەڕین رایگەیاند، هاونیشتمانییەکی دانیشتووی قەڵادزێ بە چەقۆ کوژراوە و ئۆتۆمبێلەکەشی سووتێنراوە

لە راگەیێندراوێکدا، پۆلیسی راپەڕین رایگەیاند، بەیانی ئەمڕۆ تەرمی کەسێک بەناوی "س، ع، ئـ" لەدایکبووی ساڵی 1969 کە پیشەی .کاسب بووە و دانیشتووی گەڕەکی خانەقا قەڵادزێ بووە، گەیێندراوەتە نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ

پۆلیسی راپەڕین دەڵێت، کوژراوەکە شوێنی چەقۆ بە جەستەیەوە دیارە. لە دوێنی (یەکشەممە)ـەوە لە ماڵەکەی چووەتە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە. دواتر هێزە ئەمنییەکان لەلایەن کەسوکاری ئاگادارکرانەوە. پاش بەدەستهێنانی زانیاری، هێزەکانی نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی پشدەر و بنکەی پۆلیسی فریاکەوتن و بنکەی پۆلیسی راپەڕین تەرمەکەیان دۆزییەوە.   2019/15.04

**لە هەولێر سێ کەس دەستدرێژی دەکەنە سەر کچێکی تەمەن 7 ساڵان**

لەلایەن سیداد لەشکری 1 کاژێر لەمەوبەر   رووداو - هەولێر

.لە هەولێر سێ نەوجەوان دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر کچێکی تەمەن حەوت ساڵان، کە قوتابی پۆلی دووەمی بنەڕەتییە پوورزایەکی دەستگیرکراوە.. باوکی کچەکە دەڵێت، زڕدایکی کچەکەش هاوکاری کردوون

سێ نەوجەوانەکە رۆژی 3ـی ئەم مانگە لەڕێگەی گەڕانەوەی لە قوتابخانە ئەو منداڵەیان رفاندووە، دوای بێهۆشکردنیشی لە چۆڵەوانییەکی گەڕەکەکەی خۆیاندا دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەری. دوای سێ کاژێر هەر بە بێهۆشی لە نزیک ماڵی خۆیان و لەژێر .ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگردا فڕێیدەدەن

کچەکە چیرۆکی رفاندنی بۆ رووداو باسدەکات و دەڵێت "منیان خستە نێو ئۆتۆمبێل و حەبیان پێدام، چەقۆشیان خستە سەر ملم، دواتر لەژێر لۆرییەک منیان فڕێدابوو. چوومە ماڵەوە بە دایکمم گوت، ئەویش یەکسەر داخی کردم و لێیدام".  15.04.2019

**پۆلیس روونکردنەوە لەبارەی سێ رووداوی کوشتن دەدات لە سلێمانی**

لەلایەن رووداو 25 خولەک لەمەوبەر ڕووداو - سلێمانی

لەماوەی هەفتەیەکدا سێ حاڵەتی کوشتن لە شاری سلێمانی تۆمار کراون، پۆلیسی شارەکە روونکردنەوە لەبارەی رووداوەکان دەدات و ."دەشڵێ "هیچ رووداوێک بە شاراوەیی نامێنێتەوە

ئەمڕۆ (دووشەممە، 15-4-2019) گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا رایگەیاند "رووداوەکانی کوشتن لە شاری ."سلێمانی پەیوەندییان بە کێشەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی گوتی "لە ماوەی هەفتەیەکدا سێ حاڵەتی کوشتن لە سنووری پارێزگای سلێمانی روویان داوە، بەڵام رووداوەکان لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی بوون و هیچ پەیوەندییەکییان بە ئارامیی شاری سلێمانییەوە نییە. ."هێزەکانی پۆلیسی سلێمانی هەوڵی دەستگیرکردنی بکوژی تاوانەکانی کوشتن دەدەن و هیچ رووداوێک بە شاراوەیی نامێنێتەوە

لە بەشێکی دیکەی گوتەکانیدا نەقیب سەرکەوت ئەحمەد جەختی کردەوە لەوەی "ئێستا هیچ تاوانبارێک داڵدەنادرێت. ئەگەر بزانین تاوانبارێک داڵدەدراوە، راستەوخۆ هێزەکانی پۆلیس تاوانبارەکە و داڵدەدەرەکە دەستگیردەکەن. هاووڵاتییانی شاری سلێمانی ."دڵنیادەکەینەوە، هێزەکانی پۆلیس بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدەن شاری سلێمانی لە رەوشێکی ئارامدا بێت

لە کۆنگرە رۆژنامەڤانییەکەدا نەقیب سەرکەوت رایگەیاند بنکەی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان 29 کەسیان بە تۆمەتەکانی: دزیکردن، ساختەکردنی پارە و مادەی هۆشبەر دەستگیرکردووە، لێکۆڵینەوەش لەسەر ئەو دۆسیانە بەردەوامە، هەروەها حاڵەتەکانی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر زیادیان کردووە.  2019/04/15

**لە کافتریایەکی سلێمانی تەقە لە گەنجێک کرا و کوژرا**
لەلایەن نەوزاد مەحموود 2019/4/9 رووداو - سلێمانی
جەمال ئەحمەد جەمیل، پەیامنێری رووداو لە شوێنی تەقەکردنەکە
لە ناو کافێیەک لە شەقامی سالم لە سلێمانی تەقە لە گەنجێک کرا، دوای گەیاندنیشی بە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.
سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەم ئێوارەیە لە نزیک دووکانەکانی سەهۆڵەکە لە شەقامی سالم تەقە لە کەسێک کراوە، لە لایەن خەڵکەوە گەیێندراوەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، بەڵام لەوێ گیانی لەدەستداوە.
رووداوەکە لەناو یەکێک لە کافێیەکانی سەهۆڵەکە روویداوە و بە دەمانچە گەنجەکە کوژراوە.
گوتەبێژی پۆلیس دەڵێت، هێزە ئەمنییەکان پەڕاوی لێکۆلینەوەیان کردووەتەوە و سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن. 2019/04/15

**هاونیشتمانییەک لە کەورگۆسک کوژرا**
لەلایەن سەرباز سیامەند 2019/3/11 رووداو- هەولێر

لە شارۆچکەی کەورگۆسکی سەر بە قەزای خەبات لە پارێزگای هەولێر، هاونیشتمانییەک کوژرا.

سوارە ئەکرەم، بەڕێوەبەری شارۆچکەی کەورگۆسک بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "ئێوارەی ئەمڕۆ رووداوێکی کوشتن لە کەورگۆسک روویدا. کەسێک بە چەک کوژراوە کە خەڵکی ناوچەکەیە. تۆمەتبارەکە دەستگیرنەکراوە و هێزە ئەمنییەکان لە هەوڵی دەستگیرکردنیدان".

سوارە ئەکرەم گوتیشی "ئەوەی کە دەگوترێت کوشتنەکە گوایە لەسەر وەستانی ئۆتۆمبێل بووە یان هەر بابەتێکی دیکە، راست نییە و زانیاری سەرەتاییە. جارێ هۆکاری سەرەکی کوشتنەکە روون نییە، تیمەکانی پۆلیس و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەو بارەوە دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە". 2019/04/15

**پیاوێك لەسەر پرووشكی جۆگە دەكوژرێ**
لەلایەن شکار ئەحمەد 1 کاژێر لەمەوبەر رووداو – هەولێر

پیاوێكی 38 ساڵان لە كەناری زێی كەڵەك لەكاتی نوێژكردن دەستڕێژی گوللـەی لێكرا و كوژرا، كەسوكاری كوژراوەكە دەڵێن بكوژەكان ئامۆزای كوژراوەكەن و دوای تاوانەكەش تەقەی خۆشییان كردووە.

حاجی جەواد کەمال، 38 ساڵ و باوکی چوار منداڵ، رۆژی 2019/4/6 کوژرا، کەسوکارەکەی هۆکاری کوشتنی بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئامۆزاکانیان دەگەڕێننەوە. فوئاد کەمال برای حاجی جەواد، بە (رووداو)ی راگەیاند: "ساڵی 2016 ئافرەتێکی دراوسێمان کچی ئامۆزایەکمی لە پرسەیەکدا بینیبوو، پرسیاری لە براکەم کردبوو، ئەویش پێیگوتبوون کچێکی بەڕەوشت و باشە، ئیدی کچەکەیان خواست".

بەڵام لە بەختی حاجی جەواد، ژن و پیاوەکە کێشە دەکەوێتە نێوانیان، کچەکە دەچێتەوە ماڵی باوکی. باوکی کچەکەش سێ بە سێ تەڵاقی خواردووە کە کچەکە نەنێرێتەوە ماڵی مێردی، بۆیە دەبوو یان ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات یان کچەکەی تەڵاق بدرێ، لەبەرامبەر تەڵاقدانی کچەکەشی بڕە پارەیەکی لە زاواکەی وەرگرت، بەڵام (ر) کە باوکی کچەکەیە، هەڕەشەی لە حاجی جەواد کردووە کە ئەو بووەتە هۆی ئەوەی کچەکەی تەڵاق بدرێ". 2019/04/15

**بەڤیدیۆ؛ لە هەولێر گەنجێک هەوڵی خۆکوشتنی دا و رزگارکرا**
لەلایەن راوچی حەسەن 2019/4/6 رووداو - هەولێر
ئەو گەنجەی هەوڵی خۆکوشتن دەدات و رزگاردەکرێت، کوردە و خەڵکی قەزای خەباتە
ئەفسەرێک لە بنکەی پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێر بە رووداوی راگەیاند، "دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ گەنجێک ویستی لەسەر باڵەخانەیەکی 21 نهۆمی خۆی فڕێبداتە خوارەوە و کۆتای بە ژیانی خۆی بهێنێت، بەڵام تیمەکانی پۆلیس بەهانایەوە چوون و رزگارکرا".

هاوڕێ عەبدوڵڵا، ئەفسەر لە بنکەی پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێر بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند: "کاژێر 1:40 خولەکی ئەمڕۆ (شەممە 6-4-2019) لەلایەن کۆنتڕۆڵی 104 ئاگادارکراینەوە لە بوونی رووداوێک کە گەنجێک چووەتە سەر باڵەخانەیەکی 21 نهۆمی و هەوڵی خۆکوشتن دەدات، دوای گەیشتنی تیمەکانمان خۆشبەختانە توانرا گەنجەکە رزگاربکرێت". 2019/04/12

**بەدەستی برا گەورەکەی دەکوژرێت**
لەلایەن شکار ئەحمەد 2019/3/9 رووداو – هەولێر

لە هەولێر برایەك برا بچووكەكەی خۆی دەكوژێ و لەگەڵ هاوژینەكەی دەستگیر دەكرێن. بەگوتەی پۆلیس كێشەكە لەسەر ئەوە بووە كە هاوژینی بكوژەكە پەیوەندی لەگەڵ كوژراوەكەدا هەبووە.

(ش.ی) تەمەنی تەنیا 14 ساڵ بوو كاتێك براكەی بەزۆر دەیدات بە یەكێك لە ئامۆزاكانی بەناوی (م.ئەنوەر) بەڵام ئەو دەڵێ برای

مێردەکەی خۆشویستووە: "براکەم بە زۆر منی دا بە (م)ی ئامۆزام، بەڵام من بەهیچ شێوەیەك ئەوم نەدەویست، بۆیە دوای هاوسەرگیریشم لەگەڵ (م)، من و ئەحمەد یەکدیمان هەر خۆشدەویست، وەکو ژن و مێرد وابووین". 2019/04/12

**لە سلێمانی کەسێک کوژرا و یەکێکی دیکەش برینداركرا**

:(سبەی)

.لە گەڕەکی مامەیارەی شاری سلێمانی بە دەستڕێژی گوللە هاوڵاتییەک کوژرا و یەکێکی دیکەش برینداربو

پەیامنێری (سبەی) لە سلێمانی رایگەیاند؛ ئێوارەی ئەمڕۆ هەینی (2019/4/12) لە گەڕەکی مامەیارەی سلێمانی بە دەستڕێژی گوللە .هاوڵاتییەک گیانی لەدەستداوە و یەکێکی دیکەش برینداربوە. ٢٠١٩/٤/١٢

**پۆلیسی سلێمانی: گەنجێک بە چەقۆ باوکی خۆی کوشت**

لەلایەن سامان بەشارەتی 12 کاژێر لەمەو بەر رووداو - سلێمانی

."گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە رووداوی راگەیاند، لە گەڕەکی چوارباخ "کوڕێک بە چەقۆ باوکی خۆی کوشت و هەڵات

سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند: " لە گەڕەکی چوارباخ کوڕێک باوکی خۆی . "کوشتووە و هەڵاتووە، پۆلیس لە لێکۆڵینەوەدایە و تاوەکو ئێستا نەزانراوە هۆکاری کوشتنەکە چییە

.تیمەکانی پۆلیس چوونەتە شوێنی رووداوەکە و لێکۆڵینەوەیان کردووە و تەرمەکەیان گواستووەتەوە بۆ پزیشکی دادی سلێمانی

**لە شەقامی سالم گەنجێک کوژرا**

:)سبەی(

.لە شەقامی سالمی شاری سلێمانی گەنجێک بە دەستڕێژی گوللە کوژرا

نەقیب سەرکەوت ئەحمەت، وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (سبەی) راگەیاند؛ ئێوارەی ئەمڕۆ لە شەقامی سالم لە سلێمانی لەسەر مامەڵەی .ئۆتۆمبێل دەمەقاڵێ لەنێوان دو کەسدا دروست بوە و یەکێکیان دەستڕێژی گوللەی لەوی دیکە کردوە

.وتیشی: پێش ئەوەی کەسەکە بگەیەندرێتە نەخۆشخانە، بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستداوە

وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی رونیشیکردەوە، هێزەکانیان تەرمەکەیان رەوانەی پزیشکی دادی سلێمانی کردوە بۆ توێکاری تەرمەکەی و هەروەها تومەتبارەکەش هەڵاتوە. 2019/04/09

**پیاوێک دوای پێنج مانگ لە دیارنەمانی، بە کوژراوی دۆزرایەوە**

لەلایەن سامان بەشارەتی 18 کاژێر لەمەو بەر رووداو - سلێمانی

لە سلێمانی باندێک دەستگیرکرا، کە بەڕێوەبەری ئاسایش بە "مەترسیدار" ناوی بردن. دوای دەستگیرکردنیان ئاسایش رایگەیاند، ئەو .بەقاڵەی مانگی 12ی ساڵی رابردوو رفێندرابوو، لەلایەن ئەوانەوە کوژراوە و کراوە بەژێر خۆڵەوە

ژمارەی باندەکە پێنج کەسن و چەند تاوانێکی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە. ٢٠١٩/٤/٦

**ئەو کەسەی دەستڕێژی گوللەی لە دووکاندارێکی هەولێر کرد: تۆڵەی باوکم کردەوە**

لەلایەن راوچی حەسەن 12 کاژێر لەمەو بەر رووداو - هەولێر

تۆمەتبارەکە قسە بۆ رووداو دەکات و دەڵێت: ساڵی 1994 غەدری لە باوکم کردووە

ئەو کەسەی ئێوارەی رۆژی هەینی دەستڕێژی گوللـەی لە دووکاندارێکی شەقامی 40 مەتری هەولێر کرد، دەستگیرکراوە و دەڵێت: "ئەوەی کوژراوە کوڕی پوورمە و لە تۆڵەی باوکم ئەوم کوشتووە و پەشیمان نیم". 2019/4/6

**پۆلیسی هەولێر: کەسێک دەستڕێژی گوللە لە دووکاندارێک دەکات و دەیکوژێت**

لەلایەن راوچی حەسەن دوێنێ کاژێر 07:51 رووداو - هەولێر

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە رووداوی راگەیاند "ئێوارەی ئەمڕۆ کەسێکی دەمامکدار دەستڕێژی گوللـە لە دووکاندارێک دەکات و ."دەیکوژێت

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند: "کاژێر 5:30 خولەکی ئێوارەی ئەمڕۆ (هەینی 5-4-

2019) کەسێکی دەمامکدار بە چەکی جۆری کلاشینکۆڤ دەستدرێژی گوللە لە دووکاندارێک دەکات و دەستبەجێ گیان لەدەستدەدات".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت: "ئەو کەسەی دەستڕێژی گوللەی لەو دووکاندارە کردووە رایکردووە، پۆلیس سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە و تاوەکو ئێستاش تۆمەتبارەکە دەستگیرنەکراوە". 19/4/5

**تەرمی ژنێک دۆزرایەوە**
(سبەی):

تەرمی ژنێک لە سەر رێگای سەرەکیی سلێمانی چەمچەماڵ دەدۆزرێتەوە، کە پێدەچێت خنکێندرابێت.

ئەیوب حەمەغەریب، جێگری بەڕێوەبەری تەندروستی چەمچەماڵ بە (سبەی) راگەیاند: پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ تەرمی ژنێک لەسەر رێگای سەرەکی (سلێمانی-چەمچەماڵ) و نزیک ناوەندی قەزاکە دۆزرایەوە و تەرمەکەی رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید پێشڕەو کرا، دوای رێکارە تەندروستی و یاساییەکان، تەرمەکەی رەوانەی پزیشکی دادوەریی سلێمانی کرا.

وتیشی :"ژنەکە تەمەنی لەنێوان (20-25) ساڵدایە و پانتۆڵێکی شین و بۆدییەکی رەشی لەبەردا بوە و بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەگەری زۆرە خنکێندرابێت". ٢٠١٩/٤/٤

**کوڕێك دەستدرێژی دەکاتە سەر خوشکەکەی**
لەلایەن دیمەن بورهان 16 کاژێر لەمەو بەر رووداو – هەولێر

(ك.م) لە نیوە شەودا خۆی دەکات بە ژووری خوشکەکەیدا، دەم و دەستی دەبەستێتەوە و دەستدرێژی دەکاتە سەری. ئەو رووداوە بە نهێنی مایەوە تا ئەو کاتەی (ك.م) چووە دەرەوەی وڵات. خێزانەکەی کاتێك ویستیان پشکنین بۆ پەردەی کچێنی کچەکەیان بکەن، پزیشك داوای رەزامەندی پۆلیسی لێکردن، بۆیە ناچار بوون کێشەکە بۆ پۆلیس باس بکەن. ئێستا (ك.م) کە برای کچەکەیە، لەلایەن پۆلیسەوە بە هەڵاتوو ناوی تۆمار کراوە. 2019/03/20

**گۆران بەدەستی پارێزەرێک کوژرا**
لەلایەن دیمەن بورهان 15 کاژێر لەمەو بەر رووداو - هەولێر

شەوی 2019/3/12 لە هەولێر هاونیشتمانییەک بەناوی "گۆران یونس" بەدەستی پارێزەرێک دەکوژرێ کە مامی هاوژینەکەیەتی، بنەماڵەکەشی پرسە بۆ کوڕەکەیان دانانێن. هەروەها سەندیکای پارێزەران ئیدانەی کوشتنی هاونیشتمانییەکە بەدەستی پارێزەرەکە دەکات و داوا لە دادگاش دەکەن لەسەر ئەم دۆسیەیە بێنە سەرهێڵ.

شوکریە باپیری 19 ساڵان، هاوژینی گۆران یونسە، لە ماڵی خەزووری جلوبەرگی پرسەباری پۆشیوە و کوڕە یەک ساڵانەکەی لەباوەش گرتووە، گرتە ڤیدیۆیی و وێنەکانی گۆرانی هاوژینی پیشاندەدا، ئەویش دەست بۆ مۆبایلەکە دەبات و دەڵێ بابە، هەر کە مۆبایلەکەشی لێوەردەگرن دەست بە گریان دەکات".

شوکریە باپیر بە (رووداو)ی گوت: "سێ ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ گۆران هاوسەرگیریمان کرد و منداڵێکم بەناوی ئەدیب لێی هەیە، تاوەکو باوکم لە ژیاندا بوو هیچ کێشەیەکمان نەبوو، بەڵام پارساڵ باوکم بەهۆی نەشتەرگەری گیانیلەدەستدا، منیش هەرچەندە خاوەنی پێنج خوشک و دوو برام، بەڵام دوای مردنی باوکم بێکەس کەوتم، دایکم لەسەر دابەشکردنی میرات کردی بە کێشە لەگەڵم، بەڵام هاوژینەکەم و بنەماڵەکەی بۆ ئەوەی لە کێشەکە بەدووربم، نەیاهێشت میراتەکە وەربگرم، ئێستا ماڵی دایکم هاتوچۆم ناکەن، و ماڵی خەزوورم بوون بە هەموو کەسوکارم".

بەگوتەی شوکریە زەریبەی دوکانێک و دەسوەردانی مامێکی خۆی دەبێتە هۆی دەمەقاڵێ لەنێوان شوکریە و دایکی و دواتریش بە کوژرانی گۆرانی هاوژینی هاوژینی تەواودەبێت، شوکریە دەڵێ: "هەشت ساڵ لەمەوبەر برایەکی گۆران لە دوکانێکدا کاریدەکرد کە بەناوی هاوژینەکەم بوو، بەڵام دواتر فرۆشتیان، دواتر گۆرانیان ئاگادارکردووەتەوە کە دەبێت زەریبەی ئەو دووکانە بدات، ئەویش پارەکە دەدات کە بڕی 530 دۆلار بوو، بەڵام ئەوەی ئەو کارەی کردووە مامێکمە بەناوی (ر. ک) کە پارێزەرە و هۆکاری کێشەکان و هەڵدانەوەی فایلی زەریبەکە بوو، بۆیە پەیوەندیم بە دایکمەوە کرد و گوتم بۆچی مامم فایلی زەریبەی هاوژینەکەمی دەرکردووە و خەڵکی ناردووەتە سەر هاوژینەکەم بۆ زەریبە؟، لەگەڵ دایکم بووبە دەمەقاڵێمان، ئەویش پەیوەندی بە (ر. ک)ـەوە کردبوو، بۆیە (ر. ک)ی مامم لەگەڵ مامێکی دیکەم بەناوی (غ. ک) و ئامۆزایەکیان بەناوی (ج) هەڵیان کوتایە سەر ماڵمان".

شوکریە باس لە شەوی رووداوەکە دەکات و دەڵێ: "کاژێر هەشتی شەو لە دەرگا درا، دوو مامم و ئامۆزایەکی باوکم بوون، چەکیشیان پێبوو، (غ. ک)ی مامم کە تەمەنی 37 ساڵە بە جوێنێکی ناشیرین پێیگوتم سەربکەوە لەگەڵمان، بەڵام من ترسام و گوتم نایەم، ئەوان ویستیان بەزۆر پەلکێشم بکەن، بەڵام گۆران نەیهێشت و بووبە شەڕیان، گۆران پێیگوتن وەرنە ژوورەوە قسە دەکەین، بەڵام (غ. ک)ی

مامم کە ئەویش بەشی یاسای تەواوکردووە لە پشتەوە ڤوندا‌غێکی کلاشینکۆفەکەی لە سەری گۆران دا و کەوتە سەر زەویەکە، (ر. ک)ی مامیشم کە تەمەنی 48 ساڵە فیشەکێکی پێوەنا، ئینجا هەرشەی کوشتنی لە من کرد و گووتی بۆ کوێ دەچی تازە لە دەستم رزگارت نابێ، ئەوان بە ئۆتۆمبێلەکەیان هەڵاتن، من و خوشکی گۆرانیش دەستمان لە ئۆتۆمبێلێک راگرت و بردمان بۆ نەخۆشخانە". 2019/3/20

**گەنجێك لەسەر دروستکردنی تاسەیەك دەکوژرێ**
لەلایەن دیمەن بورهان 21 کاژێر لەمەو بەر، رووداو-هەولێر
گەنجێك لە نێو بازاڕی ناحیەی کەورگۆسکی سەر بە شاری هەولێر، لەلایەن کۆنەدراوسێیەکییەوە دەستڕێژی گوللەی لێکرا و کوژرا.
.کوشتنی گەنجەکە بەهۆی دروستکردنی تاسەیەك بووە لە بەردەم ماڵی بکوژەکەدا

رووداوەکە رۆژی 2019/3/11 لە نێو بازاڕی ناحیەی کەورگۆسك روویدا، کە تێیدا سەمیری تەمەن 34 ساڵ و خاوەنی پێنج منداڵ .کوژرا

موئمین عەبدوڵڵا، کە برای سەمیرە، بە (رووداو)ی گوت :"ئەو رۆژە براکەم چووبوو یارمەتی براکەی بدات، کە خەریکی کێڵانی زەوی بوو، ئێوارە کە گەڕابووەوە، لەلایەن کۆنە دراوسێیەکیان لەنێو بازاڕی کەورگۆسك تەقەی لێکرا". ٢٠١٩/٣/١٩

**لە رۆژێکدا دو ژن لە دەڤەری راپەڕین سوتان**
:)سبەی(
.لە یەک رۆژ و لە دو روداودا ژنێک لە رانیە ئاگر لەخۆی بەردەدات و لە پشدەریش ژنێک دەسوتێت

راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین بڵاویکردەوە، ئەمشەو سەعات (9)، ژنێک بەناوی (ن . ئـ . ع) لەدایکبوی ساڵی (2000) کە دانیشتوی ناحیەی هەڵشۆ سەر بە قەزای پشدەرە، بە سوتاوی لە لایەن هاوسەر و کەسوکارەکەیەوە گەیەندرایە نەخۆشخانەی گشتی .قەڵادزێ
بە وتەی خۆی لەکاتێکدا سوتاوە ویستویەتی (پەرەمێز)ی نەوت هەڵکبات و دواتر پەرەمێزەکە گڕی گرتوە و بەهۆیەوە ئاگر لە دەست و دەموچاوی بەربوە، بەڵام دوای وەرگرتنی چارەسەری سەرەتایی، بەهۆی سوکی برینەکەیەوە رەوانەی ماڵەوە کراوەتەوە و لێکۆڵینەوەش .لە روداوەکە دەستپێکردوە
هەر ئەمڕۆ پێنجشەممە ژنێکی تەمەن (49) ساڵ بەناوی (غ،ل) لەماڵەکەی خۆیان لە رانیە لە گەڕەکی کێوەڕەش دوای ئەوەی ئاگری لە .جەستەی خۆی بەردا، بەوهۆیەوە گیانی لە دەستدا
بە وتەی کەسوکاری ئەو ژنە ماوەیەکە نەخۆشی دەرونی لەگەڵ بوە و هەروەها دوای ئەوەی لە پزیشکی دادوەری رانیە توێکاری پزیشکی بۆ تەرمەکەی کرا، رادەستی کەسوکاری کرایەوە و لێکۆڵینەوەش لە روداوەکە دەستپێکردوە. 14.3.2019

**بە پیلانی ژنەکەی کوژرا**
لەلایەن دیمەن بورهان 22 کاژێر لەمەو بەر، رووداو - هەولێر

ساڵ بوو پێکەوە دەژیان، کەچی دەستی لەگەڵ گەنجێك تێکەڵ کرد کە 13 ساڵ لە خۆی بچووکترە، دواتر بە پیلانێکی هاوبەش 20 .لەگەڵ گەنجەکە، مێردەکەی لەبەردەمی ماڵەکەیدا کوژرا

شەوی 2019/3/4 پیاوێك بەناوی فەرهاد ئیبراهیم، دانیشتووی گەڕەکی هاوکاریی شاری هەولێر، لەبەردەم ماڵەکەیدا کوژرا، بۆ بەیانی هەواڵەکەی لە میدیاکانەوە بڵاوکرایەوە، بەڵام کەس نەیدەزانی ئەو پیاوە بۆچی کوژراوە و بکوژەکە کێیە. دوای چەند رۆژێکی کەم پۆلیس بکوژەکەی دۆزییەوە و دەستگیری کرد. 2019/3/12

**دو پۆلیس لەلایەن پێشمەرگەیەکەوە لە هەڵەبجە کوژران**
(سبەی): پۆلیسی هەڵەبجە بڵاوی کردوەتەوە، بەهۆی دەمەقاڵە و تەقەوە لە بازاڕی شارەکە دو کارمەندی پۆلیس گیانیان لەدەستدا و .پێشمەرگەیەکیش بە برینداری دەستگیر کراوە

لە راگەیەنراوێکدا پۆلیسی پارێزگای هەڵەبجە رایگەیاندوە؛ شەوی رابردو سەعات (12:00)، لەنێو بازاڕی شارەکەدا دەمەقاڵێ لەنێوان .چەند کەسێکدا رویداوە و دواتر تەقەی لێکەوتوەتەوە و لە ئەنجامدا دو پۆلیس گیانیان لەدەستداوە

پۆلیسی هەڵەبجە رونی کردوەتەوە؛ یەکێک لە پۆلیسە کوژراوەکان ناوی (أ.ج.ح) و تەمەنی (35) ساڵ بوە، کارمەندی بنکەی پۆلیسی شەهید سەرکار و دانیشتوی گەڕەکی بامۆک لە هەڵەبجە بوە و کوژراوەکەی دیکەش (ب.ص.ق)ی تەمەن (34) ساڵانە و کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پاسەوانییەکانی پۆلیسی سلێمانی بوە لەسەر میلاکی (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان) و دانیشتوی گەڕەکی شێخ .ئیسماعیلی هەڵەبجە بوە

لە راگەیەنراوەکەی پۆلیسدا ئاماژە بەوەکراوە، تۆمەتباری رووداوی تەقەکردنەکەش ناوی (أ.ن.أ) بووە تەمەنی (32)ساڵ بوە کە پیشەی پێشمەرگەیە لە هێزەکانی (70) و دانیشتوی گەڕەکی کانی شێخ-ە لە هەڵەبجە و بە برینداری لە لایەن پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیر کراوە. 19/03/10

**بەدەستی برا گەورەکەی دەکوژرێت**

لەلایەن شکار ئەحمەد 19 کاژێر لەمەو بەر رووداو – هەولێر

لە هەولێر برایەك برا بچووکەکەی خۆی دەکوژێ و لەگەڵ هاوژینەکەی دەستگیر دەکرێن. بەگوتەی پۆلیس کێشەکە لەسەر ئەوە بووە کە هاوژینی بکوژەکە پەیوەندی لەگەڵ کوژراوەکەدا هەبووە.

(ش.ی) تەمەنی تەنیا 14 ساڵ بوو کاتێك براکەی بەزۆر دەیدات بە یەکێك لە ئامۆزاکانی بەناوی (م.ئەنوەر) بەڵام ئەو دەڵێ برای مێردەکەی خۆشویستووە: "براکەم بە زۆر منی دا بە (م)ی ئامۆزام، بەڵام من بەهیچ شێوەیەك ئەوم نەدەویست، بۆیە دوای هاوسەرگیریشم لەگەڵ (م)، من و ئەحمەد یەکدیمان هەر خۆشدەویست، وەکو ژن و مێرد وابووین". 2019/03/10

**لەلایەن هاوپۆلەکەیەوە بە چەقۆ کوژرا**

لەلایەن عومەر چاوشین دوێنێ کاژێر 09:10 رووداو – رانیە

چەند قوتابییەکی قوتابخانەیەکی بنەڕەتی لە شارۆچکەی قەڵادزێ لە نێو قوتابخانەکەیان بە کێشە دێن، دواتر شەڕەکە دەبەنە دەرەوەی قوتابخانەکە و بە چەقۆ پەلاماری یەکدی دەدەن، یەکێك لە قوتابییەکان کە چەند چەقۆیەکی لێدەدرێ، دوای 13 رۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە، کۆتایی هەفتەی رابردوو مرد.

ئەو شەڕە ئێوارەی رۆژی 2019/2/14 لە بەردەم قوتابخانەی بڵفەتی بنەڕەتی لە شارۆچکەی قەڵادزێ روویدا، بەو هۆیەوە قوتابییەکی تەمەن 16 ساڵ بە ناوی دژوار حەسەن ئەحمەد بووە قوربانی.

بەگوتەی شایەتحاڵەکان، قوتابییەکان سەرەتا لە نێو قوتابخانە بەشەڕ هاتوون، لەوێ کۆتایی بە شەڕەکەیان هێنراوە، بەڵام دوای تەواوبوونی دەوامی قوتابخانە، جارێکی دیکە لە دەرەوەی قوتابخانە بە شەڕ هاتوون.

رائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی راپەڕین بە (رووداو)ی گوت: "لە بەردەم قوتابخانەی بڵفەت، خوێندکارێك بە چەقۆ هێرشی کردە سەر هاوپۆلێکی خۆی و بە سەختی برینداری کرد، هەر ئەوکات دادوەر بەپێی مادده 413 لە یاسای سزادانی عێراقی، فەرمانی گرتنی بۆ خوێندکارەکە دەرکرد، بەڵام لەبەرئەوەی خوێندکارە بریندارەکە مرد، دادوەر مادده یاساییەکە دەگۆڕێت بۆ ماددەی 406 لەیاسای سزادانی عێراقی". 2019/3/8

**کچی خۆی نەدانێ و کوشتیان**

لەلایەن عومەر چاوشین 16 خولەک لەمەوبەر رووداو – رانیە

(ئا) و (ر)ی کوڕی بە کلاشینکۆف و دەمانچە هەڵیانکوتاوەتە سەر محەممەد و شۆڕش، محەممەد کوژرا و شۆڕشیش برینداربوو

(ئا) چەند جارێك چووە داخوازیی کچەکەی محەممەد بۆ ئەوەی ببێتە بووکی، بەڵام محەممەد رازی نەبوو کچەکەی بداتە کوڕی (ئا). دواجار محەممەد لەسەر ئەو هەڵوێستەی کوژرا و کوڕەکەشی بریندار بوو.

رۆژی 2019/2/23 لە کۆمەڵگەی شکارتەی سەر بە قەزای راپەڕین، پیاوێك بەناوی محەممەد ئیسماعیل مەحموود، باوکی 10 منداڵ، لە نزیك ماڵەکەی خۆی لەلایەن دوو کەسەوە تەقەی لێکرا و کوژرا، شۆڕشی کوڕیشی هەر لەوێدا بریندار بوو. 2019/3/5

**لە هەولێر کەسێک لەبەردەم ماڵەکەی دەکوژرێت**

لەلایەن ئاسۆ سەراوی دوێنێ کاژێر 10:38 رووداو - هەولێر

شەوی رابردوو لە گەڕەکی هاوکاریی شاری هەولێر، کەسێك کە پێشمەرگە بووە بە گوللـە دەکوژرێ و گوتەبێژی پۆلیسی هەولێریش دەڵێ "بۆ زانینی هۆکاری رووداوەکە، بە چڕی دەستمان بە لێکۆڵینەوە کردووە".

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند "کاژێر 08:45ـی شەوی رابردوو لە گەڕەکی هاوکاری، کەسێکی تەمەن 43 ساڵ کە پێشمەرگە بوو بە گوللـە کوژراوە. ئەو کەسە لەبەردەم ماڵی خۆی کوژراوە و هێشتا هۆکاری کوشتنەکەی نەزانراوە". 2019/3/4

**ژنێک لەلایەن خوشك و براکانییەوە دەخنکێنرێ**
لەلایەن تریسکە شێرزاد 2019/2/28 ڕووداو - هەولێر

خوشك و براكانی دەچنە لای میدیا بۆ ئەوەی قەناعەتی پێ بهێنن كە بگەڕێتەوە ماڵی خۆیان و لەگەڵ دایكی بژی، بەڵام میدیا ڕازی نابێت، پاشان لەلایەن دوو برا و خوشكێكییەوە دەخنكێنرێ. دایكیان ڕەتیدەكاتەوە كە میدیا خنكێنرابێ و دەڵێت: "ئەوان چووبوون میدیا بهێننەوە لای من، بەڵام ئەو دەریکردبوون."

شەوی 2019/2/9 ئافرەتێكی تەمەن 30 ساڵ بەناوی میدیا ئەحمەد، دایكی سێ منداڵ، لەنێو ماڵەكەیدا لە قەزای دووزخورماتوو لەلایەن دوو برا و خوشكەكەیەوە خنكێنرا. پۆلیس دەڵێت تۆمەتبارەكان هەڵاتوون بۆ كەلار. ٢٠١٩/٣/٣

**ڕۆژێك پێش شووكردنی خۆشەویستەكەی، خۆی كوشت**
لەلایەن تریسکە شێرزاد دوێنێ کاژێر 10:22 ڕووداو - هەولێر

خەلیل هەموو هەوڵێكی لەگەڵ ماڵی باوكی ئەو كچە دا كە خۆشیدەویست، بەڵام ڕازی نەبوون كچەكەیان شوو بە خەلیل بكات و لە جیاتی ئەو لە ئامۆزایەكی خۆی مارە كرا. دوای ئەوە خەلیل بە گوللـەیەك كۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

شەوی 2019/2/13 گەنجێكی تەمەن 36 ساڵ بە ناوی خەلیل محێدین، دانیشتووی گەڕەكی یەكی حوزەیرانی شاری كەركووك كە پۆلیس بووە، دوای ئەوەی دەزانێت كەسوكاری ئەو كچەی خۆشیدەویست كچەكەیان بەشوداوە، گوللـەیەك لە خۆی دەدات و دەمرێ. 2019/2/27

**"لە چەمچەماڵ كچێک بە "گوللە خۆی كوشت**
لەلایەن ڕاوچی حەسەن 2 كاژێر لەمەو بەر ڕووداو - چەمچەماڵ

قایمقامییەتی قەزای چەمچەماڵ ڕایگەیاند، لە گوندی خەربەندەلووی سەر بە شارۆچكەی ئاخجەلەر "كچێكی تەمەن 21 ساڵ بە گوللە خۆی كوشت."

قایمقامییەتی قەزای چەمچەماڵ لەبارەی ڕووداوەكە دەڵێت "ئێوارەی ئەمڕۆ (یەكشەممە 24-2-2019) لە گوندی خەربەندەلووی سەر بە شارۆچكەی ئاخجەلەر لە سنووری قەزای چەمچەماڵ كچێک بەناوی (ك.ئـ.م) تەمەن 21 ساڵ بە گوشیەک كۆتای بە ژیانی خۆی هێنا". ٢٠١٩/٢/٢٤

**پۆلیسی ڕاپەڕین: باوكێک كوژرا و كوڕەكەشی بریندار كرا**
لەلایەن سەرباز سیامەند 3 كاژێر لەمەو بەر ڕووداو- هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕایگەیاند، لە كۆمەڵگەیەكی سەر بە شاری ڕانیە لەلایەن دووكەسەوە باوكێک كوژراوە و كوڕەكەشی بریندار كراوە.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕایگەیاند: "ئێوارەی ئەمڕۆ شەممە 23-2-2019 لە كۆمەڵگەی شكارتەی سەر بە قەزای ڕانیە، دوو كەس تەقە لە باوک و كوڕێک دەكەن. لە ئەنجامدا باوكەكە گیان لەدەستدەدات و كوڕەكەشی بە سەختی بریندار دەبێت. هۆكاری كێشەكە تاوەكو ئێستا نادیارە. هاوكات دوو تەقەكارەكەش بۆ شوێنێكی نادیار هەڵاتوون." ٢٠١٩/٢/٢٣

**دوو "قاچاخچی" لە هەولێر دەكوژرێن**
لەلایەن ڕووداو دوێنێ كاژێر 05:08 ڕووداو – هەولێر

لە شاری هەولێر كێشە لەنێوان چەند قاچاخچییەك دروست دەبێ و دوو لە قاچاخچییەكان دەكوژرێن، یەكێك لەو قاچاخچیانە كە هانی براكەی داوە بۆ كوشتنی ئەو دوو كەسە، دەڵێت ئەو كەسانە سووكایەتیان بە كەسوكاری ئێمە كردووە، بۆیە بە براكەی گوتبوو لەهەر كوێ بینیتن دەستیان لێ مەپارێزە.

حیسام یاسین، لەلایەن بنەماڵەی دوو كوژراوەكەوە وەك سەرۆكی باندێكی كوشتن و بازرگانی بە مرۆڤ ناوی هێنراوە و لە هەولێر سكاڵایان لەسەر تۆمار كردووە، بەڵام ئەو نكۆڵی لەوە دەكات كە هیچكام لەو دوو كەسە بە دەستی ئەو كوژرابن و دەڵێت ئاگاداری كوشتنیشیان نەبووە. ئەو دەڵێ لە یۆنان تەنیا كاری قاچاخچێتی دەكات، سەرۆكی باندی كوشتن و بازرگانیكردن بە مرۆڤ نییە. 2019/2/23

**هاوكاری پیاوێك دەكات بۆ كوشتنی مێردەكەی**
لەلایەن تریسکە شێرزاد دوێنێ کاژێر 05:02   رووداو-هەولێر

(ن) لەگەڵ خۆشەویستەکەی رێككەوتبوو بۆ ئەوەی یوسفی مێردی بكوژن، پلانەكەیان جێبەجێ کرد، بەڵام پۆلیس هەردووكیانی دەستگیر كرد.

یوسف عەبدوڵڵا، تەمەن 60 ساڵ، دوو هاوژینی هەبوو، دانیشتووی كۆمەڵگەی دۆمیزی سەر بە شاری دهۆك بوو. شەوی 2019/2/12 لەلایەن پیاوێكەوە بە سێ چەقۆ كوژرا. پیاوەكە كە ئاوارەیەكی رۆژئاوای كوردستانە، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ یەكێك لە ژنەكانی یوسف هەبوو.

موقەدەم هێمن سلێمان، بەرپرسی راگەیاندنی پۆلیسی دهۆك بە (رووداو)ی راگەیاند: "پاش ئەوەی هێزەكانی پۆلیسی سێمێل لە تاوانێكی كوشتن ئاگادارکرانەوە، دەركەوت كەسێكی نەناسراو هێرشی كردووەتە سەر ماڵێك و سێ چەقۆی لە خاوەن ماڵەكە داوە و هەڵاتووە. تەرمەكە رەوانەی پزیشكی دادوەریی دهۆك كرا".

بە گوتەی پۆلیس، بكوژەكە دەستی لەگەڵ یەكێك لە ژنەكانی قوربانییەكە تێكەڵ كردووە و پێشتر پلانی كوشتنەكەیان داناوە. موقەدەم هێمن گوتی: "دوای ئەوەی هاوژینی قوربانییەكەمان بۆ لێكۆڵینەوە بانگی بنكەی پۆلیس كرد، گوتی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ بكوژەكە هەبووە، ماوەی ساڵێكە پێكەوە پلان بۆ كوشتنی مێردەكەی دادەنێن. دواتر بكوژەكەشمان دەستگیر كرد كە خەڵكی رۆژئاوای كوردستانە". 2019/2/22

**دوای ساڵێک لە کوشتنی هاوسەرەکەی دەستگیرکرا**
(سبەی):

پۆلیسی سلێمانی دەستگیرکردنی پیاوێکی تەمەن (51) ساڵ بە تۆمەتی کوشتنی هاوسەرەکەی رادەگەیەنێت.

بەپێی راگەیەندراوێکی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی کە وێنەیەکی بۆ (سبەی) نێردراوە، بنکەی پۆلیسی بەختیاری تۆمەتبارێکیان دەستگیرکردوە کە ساڵی رابردو هاوسەرەکەی خۆی کوشتوە.

بەپێی راگەیەنداوەکە رۆژی (2018/4/17)، هاوڵاتییەک بەناوی (ش،ر،أ) تەمەن (45) ساڵ، رەگەزی مێ لە گەڕەکی زەرگەتەی شاری سلێمانی بەفیشەک کوژرا، دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس و تیمەکانی بەشی پۆلیسی بەڵگەی تاوان کەشف و هێڵکاری شوێنی رووداوەکە کرا و بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیس دەرکەوت کە هاوسەرەکەی تاوانەکەی ئەنجامداوە .
پۆلیس بڵاوی کردەوە؛ دوای رووداوەکە تۆمەتبارەکە هەڵاتوە و خۆی حەشاردا، دوای گەڕان و پشکنین و چاودێریکردنی چەند ناوچەیەك کە گومان دەکرا تۆمەتبار خۆی تێدا حەشار دابێت، سەرەنجام هێزەکانی بنکەی پۆلیسی بەختیاری توانییان ئەمڕۆ (2019/2/20) تۆمەتبارەکە دەستگیر بکەن و بەفەرمانی دادوەر تۆمەتبار (أ، ف، س) تەمەن (51) ساڵ بەپێی ماددەی (405) لەیاسای سزادانی عیراقی راگیراوە و دانی ناوە بە تاوانەکەیدا کە هاوسەرەکەی خۆی کوشتوە. 2019/2/21

**رۆژێك پاش خۆكوشتنی كچەكەی بە جەڵتەی دڵ دەمرێ**
لەلایەن تریسکە شێرزاد دوێنێ کاژێر 05:15   رووداو – هەولێر

عەیشان لەوە بێئومێد دەبێ كە باوكی رازی ببێ شوو بە خۆشەویستەكەی بكات، بۆیە بە دەمانچەی باوكی گوشێەك لە خۆی دەدات و خۆی دەكوژێ. رۆژێك دواتریش باوكی عەیشان لە خەفەتی كچەكەی، جەڵتە لێی دەدات و دەمرێ.

رۆژی 2019/2/3 كچێكی تەمەن 20 ساڵ، بەناوی عەیشان عەلی دانیشتووی كەمپی كەبەرتوو لە قەزای سێمێلی سەر بە دهۆك، بە دەمانچەی باوكی، خۆی كوشت. عەیشان خەڵكی گوندی بارای باكووری چیای شنگال بوو، لەدوای پەلاماری داعش بۆ سەر شنگال لە ئابی 2014، ئاوارە بوون.
كەرەم سلێمان، جێگری بەڕێوەبەری كەمپی كەبەرتوو بە (رووداو)ی گوت: "باوكی كچەكە رازی نەبوو شوو بەو كوڕە بكات كە خۆشیدەویست، بۆیە خۆی كوشت". كەرەم گوتیشی: "رۆژێك دوای رووداوەكە، باوكی كچەكە لە خەفەتی كچەكەی تووشی جەڵتەی دڵ هات و مرد  ". 2019/2/26

**لەسەر دەمەقاڵێ هاوڕێکەی بە چەقۆ کوشت**
(سبەی):
بەهۆی دروست بونی شەڕ و دەمەقاڵەی نێوان دو هاوڕێ، کەسێکی (40) ساڵ بە چەقۆ کوژرا.

لە گوندی مێخاسی سەر بە قەزای خانەقین، تەرمی پیاوێکی دانیشتوی گوندەکە دۆزرایەوە کە شوێنەواری چەقۆ بە جەستەیەوە بوە، دوای دو سەعات لە رودوامەکە، بکوژەکەی دەستگیر کرا.

دیار شەوکەت، بەڕێوبەری پۆلیسی خانەقین بە (سبەی)ی راگەیاند: سەعات (9:30)ی شەوی رابردو تەرمی پیاوێکی تەمەن (40) کە شوێنەواری چەقۆ بە جەستەیەوە بوە، لە گوندی مێخاسی سەر بە قەزای خانەقین دۆزرایەوە.

وتیشی:" کوژراوەکە دانیشتوی گوندەکە بوە، دوای تێپەڕبونی دو سەعات بەسەر دۆزینەوەی تەرمەکەیدا، پۆلیسی خانەقین توانیان بکوژەکە دەستگیر بکەن".

رایگەیاند: ئەو کەسەی بە تۆمەتی کوشتنی ئەو پیاوە دەستگیر کراوە، هاوڕێی کوژراوەکە بوە و دانی بە تاوانەکەیدا ناوە، کە لەکاتی دروستبونی شەڕ و دەمەقاڵێ لە نێوانیاندا هاوڕێکەی بە چەقۆ کوشتوە.

خانەقین/ پاڤێل عەبدولڕەحمان ، سیروان خورشید 2019/2/14

**لە دهۆک ژنێک بە هاوکاریی گەنجێکی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بە چەقۆ هاوسەرەکەی خۆی کوشت.**
دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕ تی، دهۆک، بێوار حیلمی
هێمن سلێمان بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دهۆک بە دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕ تی ڕاگەیاند، "کاتژمێر دووی شەوی ڕابردوو دووشەممە (١١ی شوباتی ٢٠١٩)، گەنجێکی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان دەچێتە ماڵی هاوڵاتییەک و، بە هاوکاریی ژنەکە بە چەقۆ هاوسەرەکەی دەکوژن".
ڕاشیگەیاند، تەمەنی گەنجەکە ٢٣ ساڵە، خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و دانیشتووی کۆمەڵگەی دۆمیسە.
ئەوەشی خستەڕوو، ئەو هاوڵاتییەی کە کوژراوە تەمەنی ٥٤ ساڵە و ئەفسەر بووە بە پلەی موقەدەم لە هێزەکانی پێشمەرگە و ژنەکەش بە ڕەگەز عەرەبە و تەمەنی ٣٢ ساڵە 12.02.2019

**پۆلیسی سلێمانی: ئەو کەسەی ژن براکەی کوشتبوو، دەستگیرکرا**

لەلایەن رووداو 46 خولەک لەمەوبەر رووداو - هەولێر

پۆلیسی سلێمانی دەستگیرکردنی چەند تۆمەتبارێکی راگەیاند، کە یەکێکیان تۆمەتبارە بە کوشتنی ژن براکەی کە شەوی رابردوو کوشتوویەتی.

لە راگەیێندراوێکدا، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ئاشکرای کرد، شەوی رابردوو کەسێک بە چەقۆ کوژراوە، دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس بۆ شوێنی رووداوەکە و وەرگرتنی فەرمانی دادوەر توانرا لەماوەیەکی کەمدا کەسێك دەستگیربکرێت کە تۆمەتبارە بە کوشتنی ژن براکەی.

تۆمەتبار (م، ع، ح) کە کوردی رۆژئاوای کوردستانە بە فەرمانی دادوەر، بەپێی مادەی 405 لە یاسای سزادانی عیراقی راگیراوە. 2019/2/12

**سلێمانی؛ گەنجێك کوژراو بکوژەکەی دەستگیرکرا**
ئاوێنە 0 673 2019-02-07
پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند ئێوارەی ئەمڕۆ پێنجشەممە ٧-٢-٢٠١٩ لەگەڕەکی سەرچناری شاری سلێمانی دوای ئەوەی گەنجێکی ١٨ ساڵ دەکوژرێ دەستبەجێ بکوژەکە دەستگیر دەکرێ.
ئاوێنە: بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی لەراگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە بکوژەکە لەگەڕەکی سەرچنارو لەماڵی خۆیانداو بەچەکی جۆری تاپڕ تاوانەکەی ئەنجامداوە، دەستبەجێ هێزەکانی پۆلیسی سلێمانی گەشتنە شوێنی ڕوداوەکەو تەرمەکەیان ڕەوانەی پزیشکی دادوەری سلێمانی کردو، تۆمەتباری ڕوداوەکەیان دەستگیرکرد.
هێمای بۆ ئەوەش کرد کە تۆمەتباری ڕوداوەکە لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەدا دانی ناوە بە تاوانەکەیدا کە بەچەکی جۆری تاپڕ تاوانەکەی ئەنجامداوەو لە ئێستادا بەپێی ماددەی ٤٠٦ لەیاسای سزادانی عێراقی ڕاگیراوە. ٢٠١٩/٢/٨

**ئافرەتێکی بەساڵاچوو لە کەلاوەیەکدا خۆی دەسووتێنێ**
لەلایەن عومەر چاوشین 8 کاژێر لەمەو بەر رووداو - پشدەر

کەسوکارەکەی دەیانزانی ئایش دواساتەکانی ژیانیەتی لەم دونیایە، بەڵام بەر دەرگای نەخۆشخانەیان بەرنەدا، تا ئەو کاتەی پزیشکەکان هەواڵی مردنی ئەویان دانێ.

بەرەبەیانی رۆژی 2019/1/26 ئافرەتێکی تەمەن 75 ساڵ بەناوی (ئایش خالید ئەحمەد)، دانیشتووی گوندی تووەسوورانی سەر بە ناحیەی سەنگەسەر لە قەزای رانیە، لە کەلاوە خانوویەکی نزیك ماڵی خۆیاندا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. ئایش 100%ی جەستەی سووتا، تەنیا 10 کاژێر لە نەخۆشخانە مایەوە و مرد. 2019/2/8

**براکەی خۆی لەسەر زڵەیەك دەکوژێ**

لەلایەن تریسکە شێرزاد 22 کاژێر لەمەو بەر رووداو – هەولێر

فەرمان زڵەیەك لە براکەی دەدات لەسەر ئەوەی کە شەڕی کردووە، نەیزانی ئەو سەرزەنشتکردنە لەسەر دڵی براکەی دەبێتە گرێ تا دواتر چەقۆیەك لە فەرمان دەدات و دەیکوژێت.

رۆژی 2019/1/29 گەنجێکی تەمەن 28 ساڵ بە ناوی فەرمان لەتیف، دانیشتووی گەڕەکی زەرگەتەی شاری سلێمانی، دوای ئەوەی لە دەوام دەگەڕێتەوە، لەلایەن برا بچووکەکەیەوە چەقۆیەك لە پشتی دەدرێ و دەکوژرێ. 2019/2/7

**پۆلیسی کەرکووک: باوکێک کوڕەکەی خۆی کوشت**

لەلایەن راوچی حەسەن 1 کاژێر لەمەوبەر رووداو – هەولێر

گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک بە رووداوی راگەیاند، ئەمڕۆ لە گەڕەکی غەرناتەی کەرکووک باوکێک بە چەقۆ کوڕەکەی خۆی کوشت.

عەمید ئەفراسیاو کامیل وەیس، گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند: " کاژێر 9:40 خولەکی بەرەبەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە 6-2-2019، باوکێک بە چەقۆ لە کوڕەکەی خۆی دەدات و دەیکوژێت".

گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک لەبارەی هۆکاری رووداوەکە دەڵێ، رووداوەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بووە.

بەگوتەی ئەفراسیاو کامیل، باوکەکە ناوی (جەبار سابر تۆفیق)ـە و لە دایکبووی ساڵی 1974ـە و پیشی پۆلیسی شارستانی کەرکووکە و کوڕەکەیشی ناوی وەلیدە، لە دایکبووی ساڵی 1997ـە و خێزاندارە و پیشەی کاسبە. 2019/2/6

**لە کەمپێکی کەرکووک سێ منداڵ بەهۆی ئاگرکەوتنەوە گیانیان لەدەستدا**

لەلایەن ئاسۆ سەراوی 2 کاژێر لەمەو بەر رووداو - کەرکووک

گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووك رایگەیاند "بەهۆی کەوتنەوەی ئاگر لە کەمپێکی ئاوارەکانی سنووری پارێزگای کەرکووك سێ منداڵ گیانیان لەدەستدا.

ئەفراسیاو کامیل، گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووك بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند "شەوی رابردوو (4-2-2019) لە کەمپی نزاراوە لە شارۆچکەی لەیلانی کەرکووك، ئاگرێك کەوتووەتەوە، بەو هۆیەوە سێ منداڵی ئاوارە گیانیان لەدەستداوە و دایك و باوك و منداڵێکی دیکەشیان بریندار بوون و بۆ چارەسەر رەوانەی نەخۆشخانە کراون".
گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووك، باسی لەوەش کرد هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە شۆرتی کارەبا بووە، کە بەهۆی هیتەرێکی کارەبا بووە. 2019/2/5

**هەولێر.. ئۆتۆمبێلێک لە ژنێکی بەتەمەن دەدات و شۆفێرەکەی هەڵدێت**

لەلایەن رووداو 7 کاژێر لەمەو بەر رووداو-هەولێر

لەسەر رێگەی هەولێر-کەرکووک ئۆتۆمبێلێک لە ژنێکی بەتەمەن دەدات، ژنەکە دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە و شۆفێرەکەش هەڵهاتووە.
فازڵ حاجی، گوتەبێژی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێر رایگەیاند: "سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لەسەر ریگەی سەرەکی هەولێر-کەرکوك لەبەرامبەر بەشە ناوخۆیی شەهید شەوکەت، ئۆتۆمبێلێکی جۆری جی ئیم سی ستەیشن خۆی کیشا بەئافرەتیکی بەتەمەن لەکاتی پەرینەوەی لەشەقامەکەدا و دەستبەجێ ئافرەتەکە گیانی لەدەستداوە".

بەگوتەی گوتەبێژی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێر، شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەش رایکردووە، بەڵام ئۆتۆمبێلەکەی بەجێهێشتووە. 2019/2/4

**کەرکوك: ژنێك خۆی سوتاند**

(سبەی) ئێوارەی ئەمڕۆ (شەممە) لەشاری کەرکوك ژنێك بەهۆی تێکچونی باری دەرونییەوە ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداو بۆ چارەسەرکردن رەوانەی نەخۆشخانەی ئازادی شاری کەرکوك کرا.

سەرچاوەیەك لەنەخۆشخانەی ئازادی شاری كەركوك بە(سبەی) راگەیاند:"ئێوارەی ئەمڕۆ ژنێك كە ئاگری لەجەستەی خۆی بەردابو، گەیەنراوەتە بەشی فریاكەوتنی نەخۆشخانەی ئازادیی شاری كەركوك و بەشێك لەجەستەی سوتاوە و لەبەشی فریاكەوتنی نەخۆشخانەكە چارەسەری پێویستی بۆ دەكرێت".

وتیشی:" ژنەكە ناوی (هـ، ز، ف)ەو لەدایكبوی ساڵی (١٩٩٥)ەو هاوسەرگیریی كردوە و ژنی ماڵەوەیە".

لەبارەی هۆكاری خۆسوتانی ژنەكە، سەرچاوەكەی نەخۆشخانەی ئازادی وتیشی: "بەپێی لێكۆڵینەوە سەرەتاییەكان، قوربانیەكە لەژێر كاریگەریی تێكچونی باری دەرونیدا پەنای بۆ خۆسوتان بردوە و لەئێستاشدا لەژێر چاودێریی وردی پزیشكیدایە". كەكوك/ ئارام جەمال 2019/2/3

**پۆلیسی هەولێر: لە عەنکاوە کەسێک کوژرا**
لەلایەن راوچی حەسەن 7 کاژێر لەمەو بەر  رووداو - هەولێر

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە رووداوی راگەیاند، لە شارۆچکەی عەنکاوە تەرمی کەسێک بە کوژراوی دۆزراوەتەوە و شوێنەواری چەقۆش بە سەر جەستەیەوە دیارە.

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند: "کاژێر 3:30 خولەکی ئەمڕۆ هەینی 1-2-2019، هێزەکانمان لە رووداوێکی کوشتن لە شارۆچکەی عەنکاوەی هەولێر ئاگادارکرانەوە و دەرکەوت، کە کەسێک شوێنەواری چەقۆ بە سەر جەستەیەوە دیارە و کوژراوە".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت، ئەو کەسەی کوژراوە کوردە و ناوی (هـ.م.ش)ـە.   19.02.01

**لە سلێمانی گەنجێک برا گەورەکەی "بە چەقۆ" کوشت**
لەلایەن حەکیم داود 47 خولەک لەمەوبەر رووداو - هەولێر

پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە گەڕەکی زەرگەتەی شاری سلێمانی گەنجێک برا گەورەکەی خۆی بە چەقۆ کوشتووە.

لە راگەیێندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی دەڵێت، "بەهۆی کێشەی خێزانییەوە" شەڕ و دەمەقاڵە لەنێوان دوو برادا دروستبووە، لە ئەنجامدا برا بچووکەکە برا گەورەکەی خۆی کوشتووە.

کوژراوەکە ناوی "ف. ل. ا" تەمەنی 28 ساڵ بووە، تۆمەتبارەکە ناوی (ف. ل. ا) تەمەنی 20 ساڵە. 2019/1/29

**لە سلێمانی پیاوێک لەلایەن هاوژین و زڕکوڕەکەیەوە لە سەربان فڕێدەدرێتە خوارەوە**
لەلایەن هاوکار یاسین 29 خولەک لەمەوبەر رووداو - سلێمانی
لە گەڕەکی فەرمانبەرانی سلێمانی پیاوێک لەلایەن هاوژین و زڕکوڕەکەیەوە لە سەربان فڕێدەدرێتە خوارەوە و قاچێکی دەشکێت.
کێشەی نێو ئەم خێزانە لە مانەوەی کوڕی هاوژینەکەیەوە دروست دەبێت، کە منداڵی ئەم نییە و لە هاوسەری یەکەمی خێزانەکەیەتی.
کاروان فەتاح، هاونیشتمانی دەڵێت: "منیان هەڵدایە خوارەوە و ڕۆشتن، کوڕەکە چەقۆیەکی پێبوو هەڕەشەی لێکردم دەیگوت هەر دەبێت بتکوژم، منیش وتم قاچتان ئاوا لیکردووم و شکاوە، دەوەرە بمکوژن، پێی وتم شەوێکم مابێت هەر دەتکوژین".

**بەوێنە؛ باوکێک و منداڵەکەی لە حاجیاوا کوژران**
(سبەی): لە ناحیەی حاجیاوا باوکێک و منداڵێکی کوژران، پۆلیسیش دەڵێت: لێکۆڵینەوە لە روداوەکە دەکەین.

پەیامنێری (سبەی) رایگەیاند؛ ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە (2019/1/20) لە گەڕەکی سەردەمی ناحیەی حاجیاوای سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین، باوكێک و منداڵێکی کوژران.

وتیشی: باوک و منداڵەکە لە بەردەم ماڵی خۆیاندا دەستڕێژی گوللـە-یان لێکراوە و دەستبەجێ گیانیان لەدەستداوە، باوکەکە تەمەنی (36) ساڵە و منداڵەکەش تەمەنی سێ ساڵانە.

لەوبارەیەوە شۆڕش ئیسماعیل، وتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (سبەی) ڕاگەیاند؛ تەقەکەرەکە نەناسراوە و تائێستا دەستگیرنەکراوە، لێکۆڵینەوەش لە روداوەکە بەردەوامە و تەرمی قوربانییەکانیش ڕەوانەی پزیشکی دادوەریی کراون.

ئا/ مەجید بتوێنی  ٢٠١٩/١/٢١

**لە سلێمانی تەقە لە پزیشکێك کرا**
لەلایەن هونەر ڕێبوار 10 کاژێر لەمەو بەر ڕووداو- هەولێر

لە سلێمانی ڕێگە لە پزیشکێك دەگیرێت، تەقەی لێدەکرێت و بریندار‌دەکرێت.

ئەو پزیشکەی کە لێی دراوە ناوی بەختیار ئەمین بارامە و پسپۆڕی نەشتەرگەری ئێسک و شکانە، دوای بریندارکردنی ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوە بۆ چارەسەر.

بەختیار ئەمین بارام دەڵێت هۆکاری تەقەکردنەکە نازانێت و گرفتی لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەبووە.  2019/1/20

**ئاسایشی سلێمانی: پیاوێک دەستدرێژی دەکاتە سەر کچێکی خاوەن پێداویستی تایبەت**
لەلایەن ئاسۆ سەراوی 3 کاژێر لەمەو بەر ڕووداو - هەولێر
ئاسایشی سلێمانی کەسێکی بە تۆمەتی دەستدرێژیکردنە سەر "کچێکی خاوەن پێداویستی تایبەت" دەستگیرکرد.
ئەمڕۆ چوارشەممە 16-1-2019، ئاسایشی سلێمانی هەواڵێکی لەبارەی دەستگیرکردنی کەسێک بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: "ڕۆژی 14-1-2019 هێزەکانمان کەسێکیان بەناوی (ش،خ،ع) تەمەن 30 ساڵ دەستگیرکرد".
لە بەشێکی هەواڵەکەدا هاتووە: "ئەو کەسە تاکسییەکی بە ئەمانەت وەرگرتووە و بۆ ڕاپەڕاندنی چەند ئیشوکارێکی تایبەت بەخۆی، کاتێك ڕێی دەکەوێتە گەڕەکی ئیسکانی شاری سلێمانی لەو کاتەدا کچێکی خاوەن پێداویستی تایبەت دەستی لێ ڕادەگرێت تا بیگەیەنێتە چاقی لاند، بەڵام ناوبراو دەیبات بۆ بناری شاخی گۆیژە و دەستدرێژی دەکاتە سەر، دوای ئەنجامدانی ئەو کارە قێزەونە لە گەڕەکی هەواری تازە دایدەبەزێنێت". 2019/01/16

**کوژرانی خاڵۆزا و پوورزاکەی قەڵادزێ تاوانی شەرەف بووە**
لەلایەن ڕووداو 10 کاژێر لەمەو بەر ڕووداو-قەڵادزێ

ئەو ژن و پیاوەی هەفتەی ڕابردوو لە قەڵادزێ کوژران، خاڵۆزا و پوورزای یەکدین، کەسوکاری هەردوولا ئامادە نەبوون تەرمەکانیان وەربگرنەوە و پرسەیان بۆ دابنێن. بۆیە کەسێکی خێرخواز تەرمەکانی لە پزیشکی داد وەرگرتنەوە و ناشتنی. دوای ڕووداوەکەش برایەکی ژنەکە خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد.

ڕۆژی 2019/1/6 لە گەڕەکی ئیمام قاسمی شارۆچکەی قەڵادزێ، ژنێکی تەمەن 27 ساڵان بەناوی (پ.ئا.ع) کە دایکی دوو منداڵ بوو، لەگەڵ پیاوێکی تەمەن 34 ساڵ بەناوی (س.م.ئا) کە دانیشتووی هەولێر بوو، پێکەوە کوژران.

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، ئەو ژن و پیاوە خاڵۆزا و پوورزای یەکدین و هەردووکیشیان بە گوللەی دەمانچە کوژراون. (ڕووداو) زۆر هەوڵیدا قسەی کەسوکاری هەردوولا لەسەر ڕووداوەکە وەربگرێ، بەڵام ئامادە نەبوون هیچ لەبارەی ڕووداوەکە بڵێن.
2019/01/14

**ئەو کۆترەی کوڕ و باوکێکی لەسەر کوژرا، بایی (8) هەزار دینارە**
(سبەی): دوای ئەوەی لەسەر کۆترێك کوڕ و باوکێك لە یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر کوژران و سیانی تریش بریندار‌بون، لەلایەن پۆلیسەوە دو کەس لەسەر روداوەکە دەستگیرکراون.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە کۆترێک لە جۆری نامە بەر بە هەشت هەزار دیناری عێراقی بە گەنجێك فرۆشراوە، بەڵام دواتر لەسەر جۆری فڕینی کۆترەکە دەبێتە شەڕ لەنێوان کڕیار و فرۆشیارەکەدا کە دراوسێی یەکترن و تەقە لەیەکتر دەکەن، لە ئەنجامدا دو کەسیان لێ دەکوژێت و سیانی دیکەش بریندار دەبن.

بەوتەی شایەتحاڵەکان بۆ (سبەی)، تەشەنەسەندنی شەڕەکە پەیوەندی بە بونی ناکۆکی کۆنی نێوان ئەو دو خێزانەوە هەبوە، جگە لەوەش لەسەر روداوەکە پۆلیسی هەولێر دو کەسی دەستگیرکردوە.
کوشتنە بە ئەنقەسەکان لەسەر روداوی بچوك لە هەولێر
کوشتنی گەنجێك لەسەر فول لایت
کوشتنی گەنجێك لەسەر هۆڕن لێدان
کوشتنی هاوڵاتیەك لەسەر جۆگەی ئاو

کوشتنی گەنجێك لەسەر دەست شکاندنەوەی ئۆتۆمبێل
کوشتنی گەنجێك لەسەر سەرچۆپی و شایی

کوشتنی هاوڵاتیەك لەسەر (20) مەتر زەوی

ئەو کۆترەی کە شەڕەکەی لەسەر دروست بوە،پێی دەوترێت نامە بەر، لە تەواوی جیهاندا بایەخی ئەوتۆی پێ دەدرێت بەتایبەت لای چینییەکان، لەهەندێک شوێن نرخەکەیان لە (10) هەزار دیناری عێراقییەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە سەدان هەزار دۆلار ، بەوپێیەی خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن، هەروەها ساڵانە پێشبڕکێی گەورەیان بۆ ساز دەکرێت، ئەویش چەند جۆرێکیان هەیە کە دیارترینیان هۆڵەندی و بەلژیکی و هۆڵەندین.

بەپێی ئامارەکانی بەرێوبەرایەتی پۆلیسی هەولێریش، تەنها لە ساڵی (2018)دا (44) حاڵەتی کوشتنی بەئەنقەست هەبوە، بەراورد بە چەند ساڵی رابردوش روداوە کۆمەڵایەتیەکان تەشەنەیان سەندوە. 2019/1/13

**پۆلیسی هەولێر: باوك و کوڕێک کوژران**
لەلایەن راوچی حەسەن دوێنێ کاژێر 09:17 رووداو - هەولێر

هادی سەلیمی، پەیامنێری رووداو لە نەخۆشخانە زانیاری زۆرتر دەخاتەڕوو

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە رووداوی راگەیاند، لە گەڕەکی مامزاوای هەولێر باوک و کوڕێک کوژران و سێ کەسی دیکەش بریندداربوون.
هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند: "ئێوارەی ئەمڕۆ شەممە 12-1-2019 شەڕ لەنێوان دوو دراوسێ لە گەڕەکی مامزاوەی هەولێر روویدا، بەهۆیەوە کوڕ و باوکێک کوژران و سێ کەسی دیکەش بریندداربوون". 2019/1/13

**پۆلیسی کۆیە: شوێنی ئاوات بۆکانی هێشتا نادیارە**
لەلایەن ئاسۆ سەراوی دوێنێ کاژێر 10:55 رووداو-هەولێر
بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە رایگەیاند، گەڕانیان بە دوای ئاوات بۆکانی، گۆرانیبێژی میللی بەردەوامە و دەڵێن، پێشبینی ناکەن چووبێتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان. 2019/1/13
منداڵێکی تازەلەدایکبوو لە هەولێر فڕێدراوە و گیانی لەدەستداوە
لەلایەن ئاسۆ سەراوی 7 کاژێر لەمەو بەر رووداو-هەولێر
شەوی رابردوو منداڵێکی تازە لەدایکبوو لە گەڕەکی قەڵای نوێ، رێگەی زێرەڤانی لە تەنیشت فەرمانگەی کارەبای ئەو گەڕەکە و بەرامبەر گۆڕستانەکەی فڕیدراوە. شایەتحاڵێک دەڵێت، پێمانوایە بە زیندوویی فڕێدراوە و پێدەچێت لە سەرما رەقبووبێتەوە.
2019/01/12

**کچێك لە هەولێر هەوڵی خۆکوشتن دەدات**
لەلایەن ئاسۆ سەراوی 5 کاژێر لەمەو بەر رووداو-هەولێر

لە شاری هەولێر کچێك کە خەڵکی چوارقوڕنەی سەر بە ئیدارەی راپەڕینە هەوڵدەدات لەسەر بەرزە پردێکی پەڕینەوە خۆی بخاتە خوارەوە، بەڵام چەند کەسێك فریای دەکەون و رزگاری دەکەن. گوتەبێژی پۆلیسی هەولێریش دەڵێت "هەر ئەمڕۆ دووجار ئەو کچەمان گرتووە و دەیبەینە هەر شوێنێك کەس نایگرێتە خۆی". 2018/1/12

**تەرمی شۆفێرێکی تەکسی لە هەولێر دۆزرایەوە**
کاتژمێر پێش ئێستا دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕ تی، خالید محەمەد، کۆیە 1
بەیانی ئەمڕۆ تەرمی شۆفێرێکی تەکسی لەناو ئۆتۆمبێلەکەیدا لەسەر شەقامی ١٢٠ مەتریی شاری هەولێر دۆزرایەوە و کەسوکارەکەشی ".دەڵێن،" کێشەی لەگەڵ کەسدا نەبووە
کەسوکاری ئەو شۆفێرە بۆ دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕ تیی ئاشکراکرد، ئەو شۆفێرە تەکسیە ناوی سۆران سەمەدە و تەمەن ٣٥ ساڵە و خەڵکی شاری کۆیەیە و دانیشتووی شاری هەولێرە.
باسی لەوەشکردووە، لە ئێستادا تەرمەکەی هێنراوەتە شاری کۆیە و داواش لە دەزگا ئەمنییەکان دەکات بەزوترین کات لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بکەن.
کەسوکاری ئەو کوژراوە وتیشی، بەپێی زانیارییەکانیان " شۆفێرەکە نزیکەی ٦٠٠ تا ٧٠٠ هەزار دیناری پێ بووە و دوای کوشتنەکەی ئەو پارەیە لە ئۆتۆمبێلەکەیدا نەماوە." ٢٠١٩/١/١١

**وەستاکەی خۆی بەچەقۆ دەکوژێ و تۆمەتباریشی دەکات**
لەلایەن شکار ئەحمەد 22 کاژێر لەمەو بەر رووداو - هەولێر

شەوی 2018/12/15 لە قەزای کەلار گەنجێك کە وەستای لەبغ بوو لەلایەن شاگردەکەیەوە درایە بەر چەقۆ و و دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانە مرد. لەسەر رووداوەکە پێنج کەس کە یەکێکیان شاگردەکەیە دەستگیرکراون. شاگردەکە دەڵێت وەستاکەی داوای سێکسی لێکردووە، بۆیە کوشتوویەتی، بەڵام پۆلیس بڕوا بەو قسەیە ناکات و دەڵێت ئێستا هەندێ لەوانەی تاوانی کوشتنیان لەدەست دەقەومێ، پەنا بۆ پاساوی لەوجۆرە دەبەن.

(ە.س) کە تەمەنی 17 ساڵە و ماوەی چەند مانگێك بوو بەردەستیی وەستاکەی دەکرد، دوای کوشتنی وەستاکەی، دەستگیرکرا، ئەو لە گوتەکانیدا بۆ پۆلیس هۆکاری کوشتنی وەستاکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە داوای سێکسی لێکردووە، ئەویش وەك بەرگری لە خۆی ناچار بووە بە چەقۆ بیکوژێ. 2019/1/9

**لە قەڵادزێ کوڕێک و ژنێک کوژران**
لەلایەن راوچی حەسەن 5 کاژێر لەمەو بەر رووداو - قەڵادزێ

جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی نوێی شەهیدانی قەڵادزێ بە رووداوی راگەیاند، کوڕێک و ژنێک لە گەڕەکی ئیمام قاسم کوژران، بەڵام تاوەکو ئێستا هۆکاری رووداوەکە نەزانراوە.

عوسمان محەممەد، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی نوێی شەهیدانی قەڵادزێ بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند: "کاژێر 5:30 خولەکی ئەمڕۆ ( یەکشەممە 6-1-2019) لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە قەڵادزێ کوڕێک و ژنێک کە خاڵۆزا و پورزای یەکدین لە رووداوێکدا کوژران، بەڵام تاوەکو ئێستا هۆکاری رووداوەکە نەزانراوە". 2019/1/6

**"دۆسکی بووە قوربانیی تاوانێك کە "دەستی تێیدا نەبوو**
لەلایەن تریسکە شێرزاد دوێنێ کاژێر 09:29 رووداو - هەولێر

دۆسکی لەگەڵ هاوڕێکانی لە کافتریایەك بوو، کەسێك لێی بەژوور کەوت و دەستڕێژی گوللەی لێکرد و کوشتی. تۆمەتبارەکە کە هەڵاتووە، دەڵێت "نەیویستووە دۆسکی بکوژێ بەڵام تووڕەی کردووە، بۆیە تەقەی لێکردووە".

شەوی 2018/12/10 پیاوێکی تەمەن 42 ساڵ بەناوی دۆسکی محەممەد، باوکی چوار منداڵ، لەنێو کافتریایەکدا لە شاری دهۆك لەلایەن کەسێکەوە بەناوی (ت.س) کوژرا. تۆمەتبار دوای رووداوەکە بۆ شوێنێکی نادیار هەڵات.

دوای رووداوەکە، پۆلیس تەرمی دۆسکی گواستەوە بۆ پزیشکی دادی دهۆك. موقەدەم هێمن سلێمان، بەرپرسی راگەیاندنی پۆلیسی دهۆك بە(رووداو)ی راگەیاند: "دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس بۆ شوێنی رووداوەکە، ناسنامەی ئەو کەسەمان بۆ ئاشکرا بوو کە تاوانەکەی کردووە، چاوەڕێین خۆی تەسلیمی پۆلیس بکات، ئەگینا بەدوایدا دەگەڕێین و دەستگیری دەکەین". ٢٠١٩/١/٤

**برایەکی کوشت و یەکێکی بریندارکرد، خۆیشی کوژرا**
لەلایەن دیمەن بورهان 2 کاژێر لەمەو بەر رووداو - هەولێر

محەممەد بە پەلە دەگەڕایەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی باران لەوە زیاتر تەڕی نەکات، کاتێك گەیشتەوە نزیك ماڵ، گوێی لە دەنگی براکەی بوو کە هاواری دەکرد: "شەرتبێ جەرگت بسووتێنم". کاتێك دەچێتە ژوورەوە، دەبینێ هەڵمەتی برای بە چەکەوە هەڕەشە لە دایکی دەکات و دەڵێت "ئێستا دەتکوژم، پێمبڵێ ئارام لە کوێیە تاوەکو ئەویش بکوژم".

ئەم هاوار هاوار و راکێش راکێشی چەکە، لەوێ بە مەرگی محەممەد و برینداربوونی هێمن کۆتایی هات، بەڵام دوای چوار رۆژ مەرگی هەڵمەتیشی بەدوادا هات.

رووداوەکە رۆژی 2018/12/17 لە ماڵێکی گەڕەکی گۆران لە قەزای کەلار روویدا، هێمن کە کوڕی دووەمی ئەو خێزانەیە، هەوڵی ئارامکردنەوەی براکەی دابوو، بەڵام هەڵمەت دەستڕێژی گوللەی کرد و بەو هۆیەوە محەممەدی برای کوشت، پاشان سێ گوللەشی بەخۆیەوە نا و دوای چوار رۆژ ئەویش لە خەستەخانە مرد.

محەممەد عەزیز تەمەن 24 ساڵ، دوایین منداڵی خێزانەکەی بوو کە حەوت برا و دوو خوشکن. هەڵمەتیش تەمەنی 34 ساڵ بوو، بە قسەی براکانی کەسێکی "شەڕانگێز" بووە. ٢٠١٩/١/١

# هەواڵەکانی ٨ مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠١٨

**ژنەکەی خۆی دەکوژێ و تەنیا بە پێنج ساڵ بەندکردن سزا دەدرێ**
لەلایەن تریسکە شێرزاد دوێنێ کاژێر 10:12   رووداو- هەولێر

(س) بە هاوژینەکەی دەڵێت خۆتان ئامادە بکەن دەچینە ماجدی لاند، بەڵام لە رێگا لەسەر شەقامی 120 مەتری ئۆتۆمبێلەکەی رادەگرێ و بە بەرچاوی منداڵەکانییەوە دوو گوللـە لە ژنەکەی دەدات و دەیکوژێ. (س) حوکم دراوە، بەڵام کەسوکاری ژنەکە لە حوکمەکە رازی نین.

ئەم تاوانە بۆ رۆژی 2018/5/11 دەگەڕێتەوە کە ژنێکی تەمەن 28 ساڵ بەناوی تریفە سەردار، دایکی دوو منداڵ و دانیشتووی گەڕەکی خانزادی نوێ لە هەولێر، تێیدا بووە قوربانی.

کەسوکاری ژنەکە دەڵێن بۆیە میدیاکانیان لە رووداوەکە ئاگادارنەکردەوە، چونکە پۆلیس دەستبەجێ تۆمەتبارەکەی دەستگیرکرد، بەڵام کاتێك تۆمەتبارەکە سزادرا، هەموو شۆك بوون، چونکە ئەو بەپێی ماددە 405 لە یاسای سزادانی عێراقی کە "کوشتنی بە ئەنقەستە" دەستگیرکراوە، بەڵام ئێستا بەپێی ماددە 411 سزا دراوە کە تایبەتە بە "کوشتن بە هەڵە".2018/12/31

**لە 2018 بەهۆی رووداوەکانی هاتووچۆ لە هەولێر 262 کەس گیانیان لەدەستداوە**
لەلایەن گۆڤەند مستەفا 2018/12/27   رووداو - هەولێر

گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێر ئاماری ساڵی 2018ی رووداوەکانی هاتووچۆ و کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئاشکراکرد. بەپێی ئامارەکە لەماوەی ئەمساڵدا بەهۆی رووداوەکانی هاتووچۆ 262 کەس گیانیان لەدەستداوە و هەزار و 400 کەسیش بریندداربوون.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا فازڵ حاجی حوسێن، گوتەبێژی هاتووچۆی هەولێر رایگەیاند، لەماوەی ساڵی 2018دا هەزار و 348 رووداوی پێکدادان، وەرگەڕان و شێلان لەناو شاری هەولێر و دەوروبەری روویانداوە. "لە کۆی ئەو رووداوانەش 233 رووداویان تەنیا ماتۆڕسکیل تێیاندا بەشداربووە یان هۆکار بووە بۆ کەوتنەوەی رووداوەکە". 2018/12/30

**خۆشەویستەکەیان نەدایێ، خۆی خنکاند**
لەلایەن تریسکە شێرزاد 16 کاژێر لەمەو بەر  رووداو - هەولێر

عەدنان، رووخسەتی لە باوکی وەرگرت و گوتی: دەچمەوە ماڵ دەنووم. بەڵام لە ژوورەکەیدا بە پەتێك خۆی هەڵواسی. ئامۆزایەکی عەدنان دەڵێت :"عەدنان کچێکی عەرەبی خۆشدەویست، بەڵام باوکی کچەکە رازی نەبوو بیداتێ، بۆیە خۆی خنکاند".

رۆژی 2018/12/16 گەنجێکی تەمەن 20 ساڵ، بەناوی عەدنان سلێمان کە دانیشتووی گەڕەکی عەسکەری شاری کەرکووك بوو، لە ژوورەکەی خۆیدا بە پەت خۆی خنکاند. 2018/12/29

**پیاوێکی تەمەن 35 ساڵان لە سنووری سۆران دەکوژرێت**

لەلایەن تریسکە شێرزاد 2018/12/6  رووداو-هەولێر

لە گوندی کەلەکینی سەر بە سۆران، لەلایەن دوو کەسەوە تەقە لەهاونیشتمانییەکی تەمەن 35ساڵان دەکرێت و دەکوژرێت.

رائید سەعدوون هاودیانی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران بە تۆری میدیایی رووداوی راگەیاند: "لە گوندی کەلەکینی سەر بە شارۆچکەی خەلیفانی سەر بە سۆران، دوو کەس تەقە لە پیاوێکی تەمەن 35 ساڵان بەناوی (س.ا.ع) دەکەن و بە هۆیەوە گیان لەدەستدەدات". 18/12/26
باپیری ئەو سێ منداڵەی لەچەمچەماڵ سوتان: زاواکەم بەنزینی بەکچەکەم و سێ منداڵەکەیدا کردوەو ئاگری تێبەرداون
ئاوێنە:  باپیری ئەو سێ منداڵەی لە ئاگرکەوتنەوەکەی چەند رۆژی رابردوی چەمچەماڵدا گیانیان لەدەستدا دەڵێت؛ زاواکەی بەنزینی کردوە بە کچەکەی و منداڵەکانیدا و ئاگری تێبەرداون و بەوهۆیەوە سوتاون. ئەو داوا لەپەرلەمانی کوردستان دەکات بەرگری لەمافی کچەکەی بکەن.

شەوی 16ی ئەم مانگە لەگەڕەکی ئاسودەی قەزای چەمچەماڵ کەوتەوە ئاگر لەماڵێك کەوتەوەو بەهۆیەوە دایکێك و سێ منداڵەکەی سوتان و منداڵەکان گیانیان لە دەست داو دایکەکەش بەشێکی زۆری جەستەی سوتا. 18/12/20

**لە نێو دووکانەکەی باوکیدا کوشتیان**
لەلایەن سروە ئەحمەد    رووداو - سلێمانی
مەریوان لەگەڵ براکەی لە بازاڕ دەگەڕانەوە، پێیان سەیر بوو بەو شەوە دووکانی باوکیان کراوەتەوە، خێرا چوون بۆ لای دووکانەکە و دەبینن چوار پیاوی دەمامکدار خەریکن لە باوکە تەمەن 53 ساڵانەکەیان دەدەن، کاتێك مەریوان دەیەوێ بەرگری لە باوکی بکات، یەکێك لە دەمامکدارەکان تەقەی لێدەکات و دەیکوژێ. چەکدارەکان هەڵدێن، بەڵام دواتر پۆلیس دەستگیریان دەکات.
سەعات 11:40ی شەوی 2018/12/10 گەنجێکی تەمەن 27 ساڵ بەناوی مەریوان دارا رەزا لە دووکانەکەی باوکیدا لە شەقامی بازنەیی مەلیک مەحموود لە شاری سلێمانی کوژرا. کەسوکاری مەریوان دەڵێن ئەوانەی مەریوانیان کوشتووە دووکانداری ئەو گوزەرەن کە دووکانی باوکی لێیە، چونکە باوکی بازاڕێکی باشی هەبووە و ئەوان ویستوویانە لەوێ دەریکەن.18/12/20

**ئەو گەنجەی لە کەلار برایەکی کوشت، خۆیشی گیانیلەدەستدا**
لەلایەن فەلاح نەجم 2 کاژێر لەمەو بەر    رووداو - گەرمیان

گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان رایگەیاند، دوای ئەوەی چوار رۆژ پێش ئێستا شەڕەتەقە لەنێوان سێ برا روویدا و یەکێکیان کوژرا، ئەمڕۆش ئەو گەنجەی کە تەقەکانی کردبوو، بەهۆی سەختی برینەکانی گیانیلەدەستدا.

رائید عەلی جەمال قەدووری ، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی گەرمیان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند، دوای ئەوەی لە چەند رۆژی رابردوودا لەنێوان چەند برایەک لە گەڕەکی گۆرانی قەزای کەلار شەڕەتەقە دروستبوو؛ یەکێکیان بەهۆی بەرکەوتنی فیشەکەوە لە هەمان شوێن گیانیلەدەستدا، یەکێکی دیکەشیان بریندار بوو. ئەو گەنجەشی تەقەکانی کردبوو سێ گوللەشی بەخۆیەوە نابوو، ئەمڕۆ لە نەخۆشخانەیەکی سلێمانی گیانیلەدەستدا.. 18.12.22

**چوارکەس بە تۆمەتی فێڵ و دەستدرێژی کردنە سەر ژنان دەستگیرکران**
(سبەی):
پۆلیسی سلێمانی دەستگیرکردنی چوار تۆمەتباری راگەیاند، کە بەناوی نوشتە و جادووەوە پارەیان لە کچان و ژنانوەرگرتوە و دەستدرێژیان کردوەتە سەریان.

بەپێی راگەیەندراوێکی پۆلیسی سلێمانی کە وێنەیەکی دەست (سبەی) کەوتوە؛ هێزەکانی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی چوار تۆمەتباریان دەستگیرکردوە کە بەبیانوی نوشتە و جادووەوە پارەیان لەکچان و ژنان وەرگرتوە و دەستدرێژییان کردوەتە سەریان .

لە راگەیەندراوەکەدا هاتوە؛ رۆژی نۆی ئەم مانگە، هاوڵاتییەك لە بنکەی پۆلیسی کوردسات سکاڵای تۆمارکرد لەدژی کەسێك بەناوی (ج،م،ح) کە چوەتە لای بەمەبەستی جادو و سیحر کردن و دەستدرێژی کردۆتە سەری  و دوای کردنەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوە، دادوەر بڕیاریداوە بە دەستگیرکردنی تۆمەتبار بە پێی ماددەی (393) لە یاسای سزادانی عێراقی و پاشان بۆ لێکۆڵینەوە سکاڵاکار نێردراوە بۆ نەخۆشخانە بە مەبەستی پشکنین، راپۆرتی پزیشکی سەلماندی کە سکاڵاکار دەستدرێژی کراوەتە سەر .

پۆلیسی سلێمانی بڵاوی کردەوە؛ دوای بەدواداچونی هێزەکانی پۆلیس و لێکۆڵینەوە لە شوێنی تۆمەتبار توانراوە رۆژی دواتر و لە رۆژی (2018-12-10)، تۆمەتبار دەستگیربکرێت و دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا دانینا بە تاوانەکەیدا و وتویەتی کە دەستدرێژی کردوەتە سەر سکاڵاکار و ژنێکی دیکەش، پارەی لە چەند ژن و کچێک وەرگرتوە بە مەبەستی جادو و سیحرکردنبۆیان.

بەپێی راگەیاندراوەکە؛ دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی هێزەکانی پۆلیس و وەرگرتنی بڕیاری دادوەر، توانراوە هەریەك لە تۆمەتباران (هـ،ع،ع) و (م،ع،خ) و (أ،ح،ر) کە هەمان کاریان لەگەڵ ژنان و کچان کردوە بەجۆرێك بە ناوی نوشتە و جادووەوە پارەیان لێوەرگرتون و دەستدرێژییان کردۆتە سەریان و سەرجەم تۆمەتباران بەبڕیاری دادوەرو بە پێی ماددەی (393) لەیاسای سزادانی عێراقی بەندن و لێکۆڵینەوەکان لەگەڵیان بەردەوامە.  18.12.18

**کچێکی دو ساڵ لە سەرمادا رەقبوەوە**
(سبەی): دوای رۆژێک لە ونبونی لە ئاهەنگێک، تەرمی منداڵێکی تەمەن دو ساڵ دەدۆزرێتەوە.

هێمن سلێمان، وتەبێژی پۆلیسی دهۆک رایگەیاند: شەوی رابردو لە ناحیەی فەیدێی سەر بە پارێزگای دهۆک، لە ئاهەنگێکی گواستنەوەدا کچێکی تەمەن دو ساڵان بە ناوی (هێلان محەمەد)، لەوکاتەی دایک و باوکی بێئاگابون لێی لە هۆڵە دەچێتە دەرەوە و ون دەبێت.

وتەبێژی پۆلیس رایگەیاند؛ دوای رۆژێک لە ون بونی، دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ تەرمی منداڵەکە لە پشتی هۆڵەکە دۆزرایەوە و بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان منداڵەکە کەوتوەتە ئاوەوە لە سەرمادا رەقبوەتەوە و بەهۆیەوە گیانی لەدەستداوە. 18/12/16

**له گەرمیان گەنجێك بە چەقۆ دەكوژرێ**
لەلایەن ڕووداو 21 خولەک لەمەوبەر ڕووداو-سلێمانی

گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان ڕایگەیاند، بەهۆی دەمەقاڵێیەکەوە لە قەزای کەلار، گەنجێك بە چەقۆ کوژراوە.

عەلی جەمال، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕایگەیاند: "بەرەبەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە 16-12-2018 لە گەڕەکی سەرکەوتنی قەزای کەلار دەمەقاڵێ لەنێوان دوو گەنجدا ڕوویداوە سەرنجام یەکێکیان بە چەقۆ ئەوی دیکەیانی کوشتووە، ڕووداوەکە دوای 12ی شەوی ڕابردوو ڕوویداوە، کوژراوەکە تەمەنی 21ساڵە و بکوژەکەش تەمەنی 17ساڵە دوای دەستگیرکردنیشی دانی بەتاوانەکەیدا ناوە". 18/16.12

**له دەربەندیخان کچێکی دەستگیراندار "خۆی خنکاند"**
لەلایەن هەڵۆ محەممەد 47 خولەک لەمەوبەر  ڕووداو - گەرمیان
"کاژێر 7:00ـی ئەمشەو لە قەزای دەربەندیخانی سەر بە سلێمانی، کچێکی تەمەن 22 ساڵ "خۆی خنکاند".

ڕائید هیوا بەکر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەمشەو کچێك بەناوی (س، ح ، م) تەمەن 22 ساڵ، لە ماڵی خۆیاندا خۆی خنکاندووە". 18/12/9

**له کەرکووک کەسێک کوژرا**
لەلایەن هەردی محەممەد 1 کاژێر لەمەوبەر  ڕووداو - کەرکووک
لە گەڕەکی لەتیفاوای کەرکووک تەقە لە کەسێک دەکرێت و دەکوژرێت، گوتەبێژی پۆلیس دەڵێت، ئەو کەسەی کوژراوە پێشمەرگەیە و هەر لەشوێنی ڕووداوەکە گیانیلەدەستداوە.
عەمید ئەفراسیاو کامیل وەیس، گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: "ئێوارەی ئەمڕۆ (یەکشەممە 9-12-2018) لە گەڕەکی لەتیفاوا شەڕ لەنێوان سێ کەس ڕوویدا، دوو کەس کە برای یەکدین تەقەیان لە کەسی سێیەم کردووە بەناوی (عەلی عوسمان ساڵح) و هەر لە شوێنی ڕووداوەکە گیانیلەدەستداوە". 18/12/9

**پۆلیسی سۆران: لە ڕواندز کەسێک بە پەت خۆی خنکاند**
لەلایەن ڕووداو 26 خولەک لەمەوبەر ڕووداو - هەولێر

ئەمڕۆ (شەممە 8-12-2018) کەسێک لە پیشەی پێشمەرگە بووە، لە گەراجی ماڵەکەیدا لە ڕواندز بە پەتێك خۆی هەڵواسیووە، بەو هۆیەوە گیانیلەدەستداوە.

سەعدوون هاودیانی، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێشمەرگەکە تەمەنی 35 ساڵ و خێزاندار بووە، بەپێی لێکۆڵینەوەسەرەتاییەکان و بەگوتەی کەسوکارەکەشی ماوەیەکە پێشمەرگەکە باری دەروونی تێکچووبوو".

بەگوتەی کەسوکارەکەی کە قسەیان بۆ پۆلیس کردووە، ئەو کەسە "بە پەت لە گەراجی ماڵەکەیدا خۆی هەڵواسیووە تاوەکو گیانیلەدەستداوە". 2018/12/08

**هاوسەری ئەو کەسەی تەقەی لەپزیشکەکە کرد ڕونکردنەوە دەدات**
ئاوێنە  هاوسەری ئەو کەسەی تەقەی لەپزیشکەکە کرد ڕونکردنەوە دەداتو ڕایدەگەیەنێت هاوسەرەکەی 2 جار نەشتەرگەری لای دکتۆر کەما کردوەو دۆخی تەندروستی جێگیر نەبوە، هەروەك داوا دەكات ڕێگە بدەن هاوسەرەکەی قسەی خۆی بکات.
ئاوێنە: هاوسەری ئەو کەسەی تەقەی لەپزیشکەکەی شاری سلێمانی “د. کەمال ئەحمەد” کرد بە ئێن ئارتی ڕاگەیاندوە هاوسەرەکەی 2 جار لای ئەو پزیشکە نەشتەرگەری بۆ کراوەو باری تەندروستی جێگیر نەبوە، داواش دەکات پۆلیس ڕێگە بە هاوسەرەکەی بدات تا قسەی خۆی بکات، ئەو وتی” لە ساڵی ٢٠١١ هاوسەرەکەم نەشتەرگەری نەخۆشی دەوالی بۆ کراوە لای پزیشک کەمال ئەحمەد بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخی خراپتر دەبوو و نەشتەرگەرییەکەی سەرکەوتوو نەبو”.
ڕاشیدەگەیەنێت چەندین ساڵە هاوسەرەکەی بەدەست ئەو نەخۆشیەوە دەناڵێنێت و توشی ئازارێکی سەخت بوە لە سکیدا و چەندین جار سەردانی دکتۆر کەمال ئەحمەدیان کردوە بەڵام بێ ئەنجام بوە، ئەو وتی ” هەمیشە مێردەکەم دەیوت دکتۆر کەمال توشی ئەو هەمو نەخۆشیەی کردوم، دواتر چووینەتە لای دکتۆری تریش پێیان وتووین توشی شێرپەنجە بووە و چارەسەرکردنی دژوارە و دواتر لە ساڵی ٢٠١٥ و ٢٠١٨ دوو نەشتەرگەری لە قۆڵۆن و میزەڵداندا ئەنجامدا بەڵام پشکنینەکانی هەر وەکو خۆی بوو ئازاری هەبووە”.   ٢٠١٨/١٢/٦

**وردەکاریی کوژرانی کەسێک لە بازگەی پۆلیسی دارستان لە سەنگاو**
لەلایەن جەمال ئەحمەد جەمیل 9 کاژێر لەمەو بەر   رووداو - سلێمانی

دوای ئەوەی دوێنێ لە بازگەی پۆلیسی دارستان بەهۆی تەقەکردنەوە کەسێک کوژرا، چوار پۆلیسی دارستان بەتۆمەتی تەقەکردن دەستبەسەرکران.

خانەوادەکەی شەماڵ ئەو گەنجەی دوێنێ لە شەڕەکەدا کوژرا پرسەیان بۆ داناوە، هەرچەند تاوەکو ئێستا ساخنەبووەتەوە بکوژەکانی کێن، بەڵام بە بڕیاری دادوەر، چوار پۆلیس بەتۆمەتی تەقەکردن دەسبەسەرکراون. 2018/12/2
ئاسایشی سلێمانی سێ کەس بەتۆمەتی هەوڵدان بۆ کوشتنی سەرمایەدارێک دەستگیردەکات
لەلایەن رووداو 14 کاژێر لەمەو بەر  رووداو - هەولێر
دوو کەس کە راسپێردرابوون بۆ کوشتنی سەرمایەدارێک، لەگەڵ ئەو کەسەی پیلانی کوشتنەکەی داڕشتووە، لەلایەن ئاسایشی سلێمانی پێش ئەنجامدانی "تاوانەکە" دەستگیرکران.

ئاسایشی سلێمانی لە راگەیەندراوێکدا دەستگیرکردنی ئەو سێ تۆمەتبارە ئاشکرا دەکات و، رایدەگەیەنێت "هەریەک لە (ک.م.ر.) لەدایکبووی 1988 و (هـ.ج.ا.) لەدایکبووی 2002 کە هەردووکیان پیشەیان کاسبە، لەلایەن کەسێکەوە راسپێردرابوون بۆ کوشتنی (ت.ع.ک.)  کە سەرمایەدارێکی شاری سلێمانییە". 2018/11/29

**مافی مرۆڤی هەرێم: لە٧٠%ی تاوانەکانی کوشتن لەڕێگەی چەکی بێ مۆڵەتەوە ئەنجامدراوە**
ئاوێنە  سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات کە لە٧٠%ی تاوانەکانی کوشتن لەڕێگەی چەکی بێ مۆڵەتەوە ئەنجامدراوە. پێشیوایە کە یاسای هەڵگرتنو مۆڵەتو بەکارهێنانی چەك کەموکوڕی تێدایە.
سەبارەت بەزیادبونی حاڵەتەکانی کوشتنو خۆکوشتن، زیا بترۆس سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ بەمیدیای یەکێتی ڕاگەیاندووە، “بەگوێرەی بەدواداچونەکانمان وەك دەستەی مافی مرۆڤ، دەرکەوتوە ڕێژەی ٧٠% تاوانەکانی کوشتن لەڕێگەی چەکەوە ئەنجامدراوەو بەتایبەت چەکە بێ مۆڵەتەکان”.
ناوبراو بەپێویستی دەزانێت کە بەزوترینکات هێزەکانی ناوخۆ مامەڵەی کڕینو فرۆشتنی چەكو تەقەمەنی ڕابگرن، “چونکە لەئێستادا بەشێوەیەکی زۆر خراپ مامەڵەی چەك لەبازاڕەکاندا بەبێ هیچ ڕێنماییەك دەکرێت”.
ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە “ڕۆژانە حاڵەتی کوشتن لەهەرێم ڕودەداتو هۆکاری سەرەکیش دیاردەی هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەتو بڵاوبونەوەی چەكو کڕینو فرۆشتنی بەبێ ڕێنماییە”.
زیا بترۆس دەڵێت، “هەرچەندە هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش ئەرکی خۆیان جێبەجێدەکەن، بەڵام زیادبونی ئەو حاڵەتانە بۆ ناڕێکوپێکیو ناپێتەویو بێ ڕێنمایی توند دەگەڕێتەوە”.
ئەوەشی ڕونکردۆتەوە، “یاسای هەڵگرتنو مۆڵەتو بەکارهێنانی چەك، کەموکوڕی تێدایەو پێویستە سەرجەم بڕگەو ماددەکانی یاساکە هەمواربکرێتەوە لەڕوی تەمەنو پشکنینی پزیشکی بۆ کەسی هەڵگری چەكو پشکنین بۆ چەکەکەش لەکاتی نوێکردنەوەی چەکەکە تابزانرێت ئەو چەکە بەکارهاتوەو بۆچی بەکارهاتوە”.
سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ ئەوەشی وتووە، “وەك دەستەی مافی مرۆڤ بەردەوام چاودێری ڕەوشی دیاردەی چەکی بێ مۆڵەت دەکەینو بەدواداچون بۆ کەیسەکانی دەکەین، پڕۆژەیەکیشمان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای چەكو چەسپاندنی سزای قورس بۆ ئەوکەسانەی چەکی بێ مۆڵەت بەکاردەهێنن بۆ ئەم خولی نوێی پەڕلەمان ئامادەکردوە”. ٢٠١٨/١١/٢٣

**پۆلیسی سۆران: گەنجێك بەتاپڕ کوژرا**
ئاوێنە  بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی سۆران کوژرانی گەنجێکی تەمەن 22 ساڵ رادەگەیەنێتو هۆکارەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە یەکێك لەهاوڕێکانی کوژراوەکە ویستویەتی هاوشێوەی یاری پەبجی وێنە بەتاپڕێکەوە بگرێت.
ئاوێنە: رائید سەعدون هاودیانی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی سۆران، لەرونکردنەوەیەکدا رایگەیاندووە، تەرمی گەنجێك بەناوی (ئاسۆ ئازاد محەمەد)، تەمەن 22 ساڵ، لەگوندی زینی وەرتێ -سەر بەپارێزگای هەولێر- دۆزرایەوە کە بەچەکی تاپڕ کوژراوە.  ، ٢٠١٨/١١/٢٣

**پۆلیسی سلێمانی تۆمەتباری کوشتنی بەڕێوەبەری ئاوی ناڵپارێزی دەستگیرکرد**
لەلایەن سەرباز سیامەند 2 کاژێر لەمەو بەر  رووداو- هەولێر

پۆلیسی سلێمانی دەستگیرکردنی تۆمەتباری کوشتنی بەڕێوەبەری پێشووی ئاوی شارۆچکەی ناڵپارێزی راگەیاند.

بەشی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند "بەفەرمانی دادوەر و بەسەرپەرشتی راستەوخۆی بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، هێزەکانی پۆلیس کەسێکیان دەستگیرکرد کە تۆمەتبارە بە کوشتنی بەڕێوەبەری پێشوی ئاوی شارۆچکەی ناڵپارێز".  18/11/22

**هەشت کەس دەستدرێژی دەکەنە سەر کچێکی 12 ساڵان**
لەلایەن شکار ئەحمەد 32 خولەک لەمەوبەر رووداو – هەولێر

کچێکی 12 ساڵان، بەناوی هەڕەشەی کوشتن لە دایك و باوکی، لەلایەن پیاوێکەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر، دواتریش حەوت کەسی دیکە دەستدرێژی دەکەنە سەری. کچەکە سکاڵای لەسەر کوڕێك و کچێك تۆمار کردووە کە بوونەتە هۆی ئەوەی بەرەوڕووی ئەو دەستدرێژییە ببێتەوە.
(م.ك)، تەمەن 12 ساڵ، لەڕێگەی فەیسبووکەوە کوڕێك بەناوی (س.ی) دەناسێت کە فەرمانبەرە، دوای ماوەیەك کوڕەکە قسەی نەشیاوی پێدەڵێت، پاشانیش هەڕەشەی کوشتنی دایك و باوکی لێدەکات. (م) دەڵێت: "دوو مانگ لەمەوبەر (س) هەڕەشەی لێکردم و پێیگوتم ئەگەر لەگەڵم نەبی، باوك و دایکت دەکوژم. منیش زۆر ترسام بۆیە رازیبووم. منی بردە ماڵی خۆیان. هەر کە چوومە ژوورەوە لە دواوە دەستدرێژی کردە سەرم".

**لە هەولێر کچێك لەسەر مۆبایل دەکوژرێ**
لەلایەن شکار ئەحمەد 8 کاژێر لەمەو بەر  رووداو - هەولێر

لە گەڕەکی رۆشنبیرانی شاری هەولێر کچێکی 17 ساڵان بەناوی (شەیما.ك) بەدەستی برایەکی دەکوژرێ. برا بچووکی کچەکە کە خۆی رادەستی پۆلیس کردووە، هۆکاری کوشتنەکەی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە ماوەی دوو رۆژ نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە، بەڵام شایەتحاڵێك دەڵێت کچەکە مۆبایلی لەدەست بینراوە، بۆیە کوژراوە.

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئێوارەی 2018/10/30 پۆلیس ئاگادارکرایەوە کە کچێك لە گەڕەکی رۆشنبیرانی شاری هەولێر لە ماڵەکەی خۆیاندا خۆی کوشتووە، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە کچەکەکوژراوە".
2018/11/19

**سلێمانی: گەنجێکی تەمەن 20 ساڵ لەگەڕەکی گۆیژە بەپەتێك خۆی دەخنکێنێت**
ئا: مەزهەر کەریم, ئاوێنە
کاتژمێر 2:00ی شەوی ڕۆژی دو شەممە 2018/11/5 کوڕێکی تەمەن 20 ساڵ بەناوی کۆسار کەریم لەگەڕەکی کۆیژە لەشاری سلێمانی لەشوێنی کارەکەی، کە موشەغیلی مۆلیدە بوە بەپەتێك خۆی دەخنکێنێت.
دیلان یاسین، برازای کۆسار، سەبارەت بەخۆکوشتنی مامی، وتی "ئەو شەوە کۆساری مامم زۆر دڵی خۆشبو تا درەنگانێکی شەو پێش ئەوەی خۆی بکوژێت چو بۆ لای دەلاك بۆ سەرچاکردنو هاتەوە بۆلای مۆلیدەکەی، تا شەو لەوێ بخەوێت، کە لەماڵەوە چۆتە دەرەوە هیچی باس نەکردوەو هیچ کێشەو دەنگەدەنگیشی لەگەڵ کەس نەبوە".
وتیشی "بۆ بەیانیەکەی کاتژمێر حەوت یەکێك لە مامەکانم تەلەفونی بۆ دەکات، تا مۆلیدەکە کارپێبکاتو لەخەو هەڵسێت، بەڵام مامە کۆسار دەنگی نابێت، کاتێك دەچێتە لای مۆلیدەکەی تا بزانێت بۆچی موبایلەکەی هەڵناگرێتو چەند جارێك بانگی دەکات وەڵامی نیە، تا دواتر دەرگای ژورەکەی دەکاتەوەو دەبینێ مامە کۆسار پەتێکی کردوە بەملیاو خۆی هەڵواسیوەو گیانی لەدەستداوە، دواتر خەبەر بەهێزەکانی پۆلیس دەداتو باوکمو کەسوکار ئاگادار دەکاتەوە، کە مامەم خۆی خنکاندوە". ٢٠١٨/١١/١٥

**پۆلیسی هەولێر: باوکێک کوڕەکەی خۆی کوشت**
لەلایەن ئاسۆ سەراوی 7 کاژێر لەمەو بەر  رووداو - هەولێر

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە رووداوی راگەیاند، شەوی رابردوو لە گەڕەکی سەروەران باوکێك کوڕەکەی خۆی بە گوللە کوشت و دەشڵێت، تۆمەتباری سەرەکی خۆی رادەستی پۆلیس کردووە.

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند "کاژێر 11:15 خولەکی شەوی رابردوو (13-11-2018) لە گەڕەکی سەروەرانی هەولێر باوکێک تەقە لە کوڕەکەی خۆی دەکات و دوای ئەوەی بە برینداری دەگەیێندرێتە نەخۆشخانە، گیانلەدەستدەدات".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت " ئەو کوڕەی کوژراوە ناوی (محەممەد)ـە، بەڵام هۆکاری کوشتنەکە نەزانراوە و لە لێکۆڵینەوەی بەردەوامداین". ٢٠١٨/١١/١٤

**ئەو دوو کەسەی بە دەمانچە گەنجێکیان بریندارکرد، دەستگیرکران :پۆلیسی سلێمانی**
لەلایەن رووداو 12 کاژێر لەمەو بەر  رووداو - سلێمانی

پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند، ئەو دوو کەسەی ئەمڕۆ لە پێشانگەکانی ئۆتۆمبێل بە دەمانچە گەنجێکیان بریندارکرد، هەردووکیان دەستگیرکراون.

ئێوارەی ئەمڕۆ گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکرایەوە کە تێیدا دەردەکەوێ دوو کەس بە دەمانچە گەنجێکیان بریندارکردووە و لێیدەدەن، خەڵکەکەش هاواردەکەن "تکایە مەیکوژن".

کەسێک لە بنەماڵەی ئەو دوو گەنجە بە رووداوی راگەیاند "ئەو کەسەی لێیدەدرێ مامی ئێمەی کوشتووە و ئەوەش رووداوە لە بەرامبەر ئەو کارەیدا بووە." ٢٠١٨/١١/١٢

**یەکێک لە تۆمەتبارانی رووداوەکەی کەسنەزان پێشتر خوشکێکی خۆی کوشتووە**
لەلایەن دیمەن بورهان 6 کاژێر لەمەو بەر رووداو – هەولێر

لە ئاهەنگێکی بووک گواستنەوەدا لەسەر سەرچۆپی دەبێتە شەڕ و تەقە، بەو هۆیەوە گەنجێکی تەمەن 18 ساڵان بەناوی هەیسەم مووسا دەکوژرێ و پێنج کەسی دیکەش بریندار دەبن، پۆلیس 3 لە تەقەکەرەکانی دەستگیر کردووە، بەڵام هێشتا ئەو کەسە دەستگیر نەکراوە کە دەگوترێت بکوژی گەنجەکەیە.

هۆگر عەزیز گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: "رۆژی 2018/11/9 لە هۆڵێکی بووکگواستنەوە دەبێت بە شەڕ و کەسێك دەکوژرێت و پێنج کەسیش بریندار دەبن، پۆلیس تاوەکو ئێستا سێ کەسی دەستگیرکردووە و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە".
18/11/12

**لە هەولێر تەرمی کەسێك بەسووتاوی لەناو ئۆتۆمبێلەکەی دۆزرایەوە**
لەلایەن ئاسۆ سەراوی 3 خولەک لەمەوبەر رووداو - هەولێر
لە نزیك شارۆچکەی کەسنەزانی هەولێر، تەرمی کەسێك بە سووتاوی لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا دەدۆزرێتەوە و بە گوتەی خزمێکی "ئۆتۆمبێلەکەشی سووتاوە."
بەرەبەیانی ئەمڕۆ (دووشەممە، 12-11-2018) تەرمی عەبدولخالق حەمەدئەمینی تەمەن 57 ساڵ، بە سووتاوی لە ناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆی لە نزیك شارۆچکەی کەسنەزان دۆزرایەوە.

ئیبراهیم جەلال، زاوای عەبدولخالق بە تۆڕی مدیایی رووداوی راگەیاند "عەبدولخالق ماوەی حەوت رۆژ بوو بێسەروشوێن بوو، کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە، کاری سەرەکی پاسەوانی شەوان بووە لەناو بازاڕی هەولێر". ٢٠١٨/١١/١٢

**هەولێر؛ لە ئاهەنگێکی بوک گواستنەوە کەسێک کوژرا و دوانی دیکەش برینداربون**
(سبەی): لە ئاهەنگێکی بوک گواستنەوە لە شارۆچکەی کەس نەزان، بەهۆی شەڕ و دەمەقاڵێیەوە، کەسێک کوژرا و دوانی دیکەش برینداربون.

هۆگر عەزیز، وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر راگەیاند؛ ئەمڕۆ هەینی لەمیانی بەڕێوەچونی ئاهەنگێکی بوک گواستنەوە لە شارۆچکەی کەسنەزانی هەولێر، شەڕ و دەمەقاڵێ رویداوە و بەهۆیەوە کەسێک کوژراوە و دو کەسی دیکەش برینداربون.

بەوتەی هۆگر عەزیز، ئەو کەسانەی لە ئاهەنگەکەدا شەڕیان کردوە خزم و کەسی نزیکی یەکترن.

لەئێستاشدا بریندارەکان رەوانەی نەخۆشخانەی هەولێر کراون و لەژێر چاودێری وردی پزیشکیدان، لێکۆڵینەوەش لە روداوەکە دەستپێکردوە. ٢٠١٨/١١/٩

**بە دەمانچەی مێردەکەی، خۆی کوشت**
لەلایەن تریسکە شێرزاد دوێنێ کاژێر 09:35 رووداو - هەولێر

(ف.س) لە ماڵی باوکی بوو کە مێردەکەی پەیوەندی پێوەکرد و داوای لێکرد خێرا بگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام ئەو بە قسەی نەکرد و گوتی ماڵی باوکی میوانیان هەیە. (ف) دوای ئەوەی لەگەڵ خەزووری دەچێتەوە ماڵەوە، بە دەمانچەی مێردەکەی، خۆی دەکوژێ، دوای رووداوەکە، پۆلیس مێردەکەی دەستگیر دەکات و دواتر بە کەفالەت ئازادی دەکات.

شەوی 2018/10/26 ئافرەتێکی تەمەن 17 ساڵان بە ناوی (ف، س) دانیشتووی کۆمەڵگەی چرەی سەر بە شاری دهۆك، کە تەنیا ساڵێك بوو شووی کردبوو، بە دەمانچەی مێردەکەی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. 18/11/9

**لە نۆ مانگدا 37 ئافرەت لە هەرێمی کوردستان کوژراون**
لەلایەن ئاسۆ سەراوی 1 کاژێر لەمەوبەر رووداو - هەولێر

"لە دهۆک 33 دەستدرێژی سێکسی تۆمارکراوە و لە سلێمانی هیچ حاڵەتێک تۆمارنەکراوە"

بەڕێوەبەری گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، ئاماری نۆ مانگی بڵاوکردەوە و بەپێی ئامارەکە " 37 ئافرەت کوژراون، 87 ئافرەتیش دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر".

ئەو ئامارە تایبەت بە تۆڕی میدیای رووداو دراوە، سەرجەم ئەو توندوتیژییانە دەردەخات کە لە ماوەی نۆ مانگی رابردوودا لەدژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون. 2018/11/07

**تۆڵەی کوشتنی برا و براژنەکەی خۆیان لە برایەکی بکوژ کردەوە**
لەلایەن تریسکە شێرزاد دوێنێ کاژێر 09:30 رووداو –هەولێر

لە دەرگای ماڵەکەی دەدەن و پاش ئەوەی دەچێ دەرگا بکاتەوە، چوار چەکدار دوای ئەوەی چەند پرسیارێکی لێ دەکەن، تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن. کەسوکاری تەقەکەرەکان دەڵێن ئەوان تۆڵەی کوشتنی برا و براژنەکەیان کردووەتەوە.

سەعات 8:30ی خولەکی شەوی 2018/10/18 پیاوێکی تەمەن 38 ساڵ بەناوی دەروێش زاهیر، باوکی دوو منداڵ، دانیشتووی ناحیەی کەلەکچیی سەر بە پارێزگای دهۆک، لەبەردەم ماڵەکەیدا کوژرا. 2018/11/06

**لە هەولێر کەسێک "لەسەر 25 هەزار دینار" دەکوژرێت**
لەلایەن رەنجە جەمال 1 کاژێر لەمەوبەر رووداو - هەولێر
سەردار ئەحمەد، هاونیشتمانییەکی دانیشتووی هەولێر و خاوەنی کافتریایەک بووە، لەسەر 25 هەزار دینار لەلایەن کەسێکەوە کوژراوە.

براکانی سەردار وردەکاریی رووداوەکە بۆ رووداو دەگێڕنەوە، بەجۆرێک تۆمەتبار بە ناوی (ت.خ) چووەتە کافتریای براکەیان و داوای بڕێک پارەی کردووە "وەک سەرانە"، بەڵام سەردار ئەوەی قبوڵنەکردووە، بۆیە دوای دەمەقاڵێ و تەقەکردن لە کافتریاکە، جاری دووەم تۆمەتبارەکە دەگەڕێتەوە و لە پشتەوە سەردار دەداتە بەر دەستڕێژی گوللە.

**فەرمانبەرێکی شارەوانی رواندز "خۆی کوشت"**
لەلایەن بەختیار قادر 1 کاژێر لەمەوبەر رووداو - سۆران

ئەمڕۆ لەکاتی دەوامی ئاسایی خۆیدا فەرمانبەرێکی سەرۆکایەتی شارەوانی رواندز بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. رائید سەعدوون نەبی، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند، فەرمانبەرەکە ناوی (عەبدولقادر حارس)ـە، ساڵی 1962 لەدایکبووە و فەرمانبەری سەرۆکایەتی شارەوانی رواندز بووە. 2018/10/29

**لە کەرکووك پیاوێك بەبیانووی خیانەت هاوژینی خۆی دەکوژێ**
لەلایەن سروە ئەحمەد 1 کاژێر لەمەوبەر رووداو-هەولێر

(ئا) هاواری بۆ پۆلیس برد کە ژنەکەی کوژراوە، بەڵام پۆلیس هەر لەنێو ماڵەکەی (ئا) تۆمەتبارەکەیان دۆزییەوە و قۆڵبەستیان کرد. (زۆری نەبرد (ئا(دانی بە تاوانەکەیدا نا و کاتێکیش پۆلیس لێیان پرسی بۆ کوشتت؟ گوتی: "خیانەتی لێکردووم".

رۆژی 2018/10/23 ژنێکی تەمەن 38 ساڵ بەناوی کافیە، دانیشتووی گەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکووك و دایکی شەش منداڵ، لەنێو ماڵەکەیدا کوژرا. (ئا(، تەمەن 42 ساڵ کە هاوژینی کافیەیە، دەستبەجێ پۆلیسی ئاگادار کردەوە کە ژنەکەی کوژراوە. بەڵام پۆلیس هەر لەوێ (ئا)ی بە تۆمەتی کوشتنی هاوژینەکەی دەستگیر کرد. ١٨/١٠/٢٩

**لە 24 کاژێری رابردوو سێ کەس لە کەرکووک کوژراون**
لەلایەن گۆڤەند مستەفا 56 خولەک لەمەوبەر رووداو - کەرکووک
لە کەرکووک لە ئۆپەراسیۆنێکدا دەست بەسەر چەند پارچە چەکێکدا دەگیرێت
لە ئۆپەاسیۆنێکدا لە گەڕەکی شۆریجەی کەرکووک دەست بەسەر چەند پارچە چەکێکدا دەگیرێت و لە ماوەی 24 کاژێری رابردووش دۆخی ئەمنی کەرکووک نائارامیی بەخۆیەوە بینیوە و سێ کەس کوژراون.
هیوا حوسامەدین، پەیامنێری رووداو لە کەرکووک رایگەیاند، ماوەی 24 کاژێرە دۆخی ئەمنی کەرکووک لەڕووی حاڵەتەکانی رفاندن و کوشتن نائارامییەکی بەخۆیەوە بینیوە، لە ماوەیدا سێ کەس لەنێو گەڕەکە جیا جیاکانی کەرکووک لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە کوژراون. ڕووداو، ٢٠١٨/١٠/٢٨

**گەنجێك بە تاپڕ خۆی دەكوژێت**

لەلایەن شکار ئەحمەد دوێنێ کاژێر 08:53 رووداو- هەولێر

عەلی عەبدوڵڵا چەند مانگێك بوو شەوانە بەتەنیا لەنێو ڕەزەكەی خۆیاندا دەمایەوە و، هەر لەنێو ڕەزەكەیان كۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

باوكی عەلی دەڵێت دڵم خەبەری دابوو كە عەلی لەدەست دەدەم.

رۆژی 2018/10/17 گەنجێکی تەمەن 16 ساڵ بەناوی عەلی عەبدوڵڵا، دانیشتووی گوندی كەپەنەكی سەر بە ناحیەی تەقتەق لەنێو رەزەكەیاندا بە تاپڕ خۆی كوشت. ٢٠١٨/١٠/٢٨

**هاوڵاتییەک لە ناو ئوتومبیلەکەیدا لە شەقامی کانی ئاسکان لە شاری هەولێر کووژرا**

دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕتی، هەولێر، ئەحمەد مستەفا

لە شەقامی ئیسکانی هەولێر هاووڵاتییەک بە گوللە کوژرا و بکوژەکە هەڵهاتوە.

پەیامنێری دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕتی رایگەیاند، کەمێک پێش ئێستا هاوڵاتییەک لە ناو ئۆتۆمبێلەکەیدا لە شەقامی ئیسکان لە شاری هەولێر کوژرا.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو هاووڵاتیە بە دەمانچە سێ گوللەی لێدراوە و دەست بەجێ گیانیلەدەستداوە.

ئەوەشی خستەروو، لە رووداوەکەدا ژنێکیش بریندار بووە کە لەگەڵ کوژراوەکەدا بووە و بکوژەکەش هەڵهاتوە.

NRT پۆلیسی هەولێریش ئاماژەی بە رووداوەکە کرد و رایگەیاند، بۆ لیکۆڵینەوەکە لە رووداوەکە لە شوێنی مەبەستن. 18/10/26

**كەركوك.. قورئان خوێنێك دوای گەڕانەوەی لەنوێژی بەیانی كوژرا**

ئاوێنە لەشاری كەركوك قورئان خوێنێك دوای گەڕانەوەی لەنوێژی بەیانی لەلایەن دو كەسەوە كوژراوەو تەرمەكەی خراوەتە گۆێنییەكەوە.

ئاوێنە: رووداوەكە بەرەبەیانی ئەمڕۆ هەینی لەگەڕەكی موسەڵای كەركوك رویداوەو پۆلیسی كەركوك گوماندەكات ئەو دو كەسە بۆ دزی تاوانەكەیان ئەنجامدابێت. 2018/10/26

**ئەو بكوژەی خاڵو خاڵۆژنو كچەكەیانی كوشت وردەكاریی تاوانەكە دەگێڕێتەوە**

ئاوێنە ئەو بكوژەی خێزانەكەی جەلەولای كوشت كە لەخاڵو خاڵۆژنو كچەكەیان پێكهاتبون، لەدادگا دانییەتاوانەكەیدا ناوەو جەختیكردۆتەوە بۆ پارە تاوانەكەی ئەنجامداوە.

ئێوارەی رۆژی یەكشەممە 21ی تشرینی یەكەم، لەگەڕەكی تەجنیدی ناحیەی جەلەولا، گەنجێك هەڵدەكوتێتە سەر ماڵی خاڵی، بەمەبەستی دزینی بڕێك پارەو لەئەنجامدا بەچەك خاڵو خاڵۆژنو كچێكیان كە لەماڵ بون دەكوژێتو دواتر هەڵدێت. ٢٠١٨/١٠/٢٣

**سیتەك: باوكی دو منداڵ لەدوای بەستنەوەی دەستو قاچی بەكەتەر دەكوژرێت**

ئا: مەزهەر كەریم، ئاوێنە

كاتژمێر 8:30 خولەكی شەوی چوار شەممە 2018\10\10 پیاوێكی تەمەن 31 بەناوی (س) كە باوكی دو منداڵ بوە، لەقەزای سیتەك بەكەتەر دەكوژرێت.

یەكێك لەخزمە نزیكەكانی (س) كە نەیویست ناوی ئاشكرا بكرێت ئاماژە بەوە دەكات ئەو شەوە لەلایەن برایەكیەوە كە ماڵیان لەسیتەكە ئاگادار كراوە لەكوشتنی س، ئەو وتی "ئەمنو نەخزمان لەكاتی بریندار كردنی (س)دا لەوێ نەبوینو نەمانبینی، لەلایەن دراوسێكانیانەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاكەوتنی سلێمانی كراوە، بەوتەی ئەوان بەهۆی سەختی برینەكەی لەڕێگەداو لەناو ئۆتۆمبیلەكەدا گیانی لەدەستداوە، پێش ئەوەی گیان لەدەستبدات، چەند جارێك پرسیاریان لێكردوە كێ ئەو كەتەرانەی لێداوەو بۆچی توشی ئەو ڕوداوە بوە، لەوەڵامدا تەنها هاواری كردوە ئاوم بدەنێ تو نیمە ئاوم دەوێت دواتر گیانی لەدەستداوە".

pm نووسراوە لە 2018-10-20 10:23

**لە کەرکووک کەسێک هاوژینەکەی خۆی دەکوژێت**

لەلایەن هەردی محەممەد 7 خولەک لەمەوبەر رووداو - کەرکووک

لە گەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکووک تەرمی ژنێک کە شوێنەواری گوللـەی بەسەرەوەیە دۆزرایەوە و دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە هاوژینەکەی خۆی کوشتوویەتی.

عەقید نەوزاد ستار، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی رەحیماوا بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند: "پیاوێک ئاگاداریکردینەوە کە ژنەکەی لە ماڵەکەی خۆیدا کوژراوە، دوای چوونی تیمەکانی لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە ئەو ژنە کە تەمەنی 38 ساڵە و خاوەنی شەش کچە لەلایەن هاوژینەکەی خۆیەوە کوژراوە". 18.10.23

**کەلار: باوكی شەش منداڵ لەبەر نەبونی، بەپەت خۆی دەخنكێنێت**

ئا: مەزهەر كەریم، ئاوێنە

عەلی فارس، لەدوای ئەوەی نانی بەیانی لەگەڵ ژنو منداڵەكانی دەخوات دەچێتە زەویەكی چۆڵی نزیك ماڵی خۆیانو بەنهێنی پەتێك دەكات بەملیداو خۆی دەخنكێنێت، كوڕەكەی دەڵێت "باوكم لەبەر نەبونی خۆی خنكاند".

عەلی ماوەی چەند ساڵێك دەبو لەیەكێك لەباخچەكانی قەزای كەلار بەگرێبەست كاری باخەوانی دەكرد، بەڵام دواتر بەرپرسی ئەو پاركە بەبیانوی هەڵكشانی تەمەنیو بێتوانانی لەكارەكانیدا دەینێرتەوە بۆ ماڵەوەو گرێبەستەكەی بۆ تازە ناكاتەوەو بێكار دەمێنێتەوە، چەند جارێك لەلایەن خزمو كەسوكارەكەیەوە هەوڵی بۆ دەدەن، تا بچێتەوە سەر كارەكەی، بەڵام بێ سود دەبێت.

بەهۆی بێكاریو لەدەستدانی كارەكەی عەلی بیر لەكارێكی دیكە دەكاتەوە، كارە نوێیەكەی سەوزەفرۆشی دەبێت لەسەر عەرەبانەو لەناو بازاڕی كەلاردا.

بەهۆی بێ بازاڕیەوە چەند مانگێك بەردەوام دەبێت، ئەو پارەیەشی پێیدەبێت، لەسەوزە فرۆشیدا دایدەنێتو زیان دەكات، كە بەوتەی

کەسوکارەکەی ئەو ڕۆژەی خۆی خنکاندوە بەمنداڵەنەکانی وتوە پارەم پێنەماوە سەوزە بکڕەو بچمە بازاڕ بیفرۆشم، چونکە چەند ڕۆژە مایەی سەوزەکەم دەست ناکەوێتەوەو زەرەر دەکەم نازانم چیبکەم. 18/10/18

**دوای زیاتر لە دوو ساڵ، بکوژی کچە کوردێکی ئێزدی لە دهۆک دەستگیردەکرێت**

لەلایەن نەهرۆ محەممەد 19 کاژێر لەمەو بەر ڕووداو - هەولێر

بکوژی کچە کوردێکی ئێزدی لە دهۆک دەستگیرکرا، ئەمەش دوای ئەوەی پێش زیاتر لە دوو ساڵ ئامۆزاکەی خۆی لە ئاهەنگی هاوسەرگیریدا لە ئەڵمانیا کوشت بوو.

ڕۆژی هەینی 12-10-2018، لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشدا، هێزەکانی هەواڵگری دهۆک بەهاوکاری پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی قەزای سێمێل، بکوژی (شیلان غازی پیسۆ)کچە کوردی ئێزدی تەمەن 21 ساڵ-یان دەستگیرکرد. ڕووداو، ١٨/١٠/١٤

**ئاسایشی هەولێر: ئەو دوو کەسەی بە ئۆتۆمبێل لە ژنێکیاندا و کوشتیان، دەستگیرکران**

لەلایەن سەنگەر عەبدولڕەحمان 1 کاژێر لەمەوبەر ڕووداو - هەولێر

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر بە ڕووداوی ڕاگەیاند، ئەو دوو کەسەی بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی بە ئۆتۆمبێل لە ژنێکیاندا و کوشتیان، دەستگیرکران.

تارق نووری، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: "دوو کەس لەسەر کوشتنی ئافرەتەکەی هەولێر دەستگیرکران، ئەمەش دوای ئەوەی لە شەقامی 100 مەتری هەولێر بە ئۆتۆمبێل لێی دەدەن و جێیدەهێڵن، دواتر هەردوو تۆمەتبارەکە بۆ شوێنێکی نادیار هەڵدێن".ڕووداو، ٢٠١٨/١٠/١٤

**لە دهۆک گەنجێک دوای کوشتنی هاونیشتمانییەک، هاوژینەکەی خۆیشی کوشت**

لەلایەن ناسر عەلی دوێنێ کاژێر 10:59 ڕووداو - دهۆک

ئەو گەنجەی لە سەنتەری دهۆک کەسێکی بە نۆ گوللە کوشت، دوای یەک کاتژێر هەمان گەنج لە ئامێدی هاوژینەکەی خۆیشی کوشت و دواتر خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد.

هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە کاتژێر 7:30 خوولەک گەنجێک لە سەنتەری دهۆک هاونیشتمانییەکی تەمەن 32 ساڵی کوشت، دواتر هەمان گەنج چووەتە ئامێدی لەوێش هاوژینەکەی خۆی کوشتووە. ڕووداو، ٢٠١٨/١٠/١٣

**سەیدسادق: برازایەك بەچەقۆ مامی خۆی دەكوژێت**

ئا: مەزهەر کەریم،، ئاوێنە

پاش ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ دەزگیرانی مامی دەکات، کێشە دەکەوێتە نێوانیانەوەو سەرەنجام برازایەك سێ چەقۆ دەدات لەمامی‌و دەیکوژێ.

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە 2018/9/23 کوڕێکی تەمەن 29 ساڵ بەناوی کاروان کە وەستای نانەوایە، لەناو بازاڕی سەیدسادق لەگەڵ مامی بەناوی ئەحمەد شەریف دەبێت بەدەمەقاڵێ‌و سێ چەقۆی لێدەدات‌و دەیکوژێت، کە بەر شان‌و چەناگەو سنگی کەوتوە. ، ٢٠١٨/١٠/١١

**سەیدسادق: لەسەر ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل دو کەس دەکوژرێن‌و دوانی دیکەش بریندار دەبن**

ئا: مەزهەر کەریم، ئاوێنە

کاروان‌و ئەبوبەکری برای لەسەر جێگەی ڕاگرتنی ئۆتۆمبیل لەلایەن دراوسێیەکیانەوە بەفیشەکی دەمانچەو کلاشینکۆف دەکوژرێن.

کاتژمێر 6:45ی خولەکی ئێوارەی هەینی 2018/9/28 دو برا بەناوەکانی ئەبوبەکرو کاروان لەشاروچکەی سەیدسادق لەسەر جێگەی ئۆتۆمبیل بەدەستی محەمەدی دراوسێ یان بەفیشەکی دەمانچەو کڵاشینکۆف دەکوژرێن، کە چەند فیشەکێك بەر سنگ‌و سك‌و پشتیان دەکەوێ‌و بەسەختی بریندار دەبن‌و پاش ئەوەی دەگەیەنرێنە نەخۆشخانەی شار لەسلێمانی، بەهۆی سەختی برینەکانیانەوە گیان لەدەستددەدن‌و تەرمەکانیان ڕەوانەی پزیشکی دادوەری دەکرێن. , 18/10/7

**لە کۆیە پیاوێك هاوژینەکەی و دواتر خۆیشی دەکوژێت**

لەلایەن ئاسۆ سەراوی 3 کاژێر لەمەو بەر ڕووداو-کۆیە

لە قەزای کۆیە پیاوێك خۆی و ژنەکەی دەکوژێ و پۆلیسی کۆیەش ڕایگەیاند "ئەو ژن و پیاوە 7 منداڵیان لەدوا بەجێماوە".

شۆڕش کاکە فەتحوڵڵا، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، بەرەبەیانی ئەمڕۆ شەممە 6-10-2018 لە گەڕەکی ئازادی کۆیە پیاوێکی تەمەن 46 ساڵ بە دەمانچە ژنە تەمەن 40 ساڵەکەی دەکوژێ و دواتر خۆیشی دەکوژێت. بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە گوتیشی "ئەو ژن و پیاوە 7 منداڵیان لەدوا بەجێماوە". 18/10/6

سەیدسادق.. بەهۆی شەڕی نێوان دو بنەماڵەوە کەسێك کوژراو چواری دیکە برینداربون

ئاوێنە

لەئەنجامی شەڕی نێوان دو بنەماڵە لەیەکێک لەگەڕەکەکانی قەزای سەیدسادق، کەسێک کوژراو چوار کەسی دیکەش برینداربون.

شوان مەحمود، ئێشکگری ئیداریی لەنەخۆشخانەی گشتی شەهید شەوکەتی حاجی مشیر لەسەیدسادق بەسایتی ڕۆژنیوزی وتووە، “ئەمشەو تەرمی هاوڵاتییەک گەیەنرایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەمان کە تەمەنی نزیکەی ٣٠ ساڵ دەبێت‌و ئاسەواری گوللە بەجەستەیەوە بو”.

ئاماژەی بەوەشکردووە کە چوار کەسی دیکەش کە تەمەنیان لەنێوان ٢٥ ساڵ بۆ ٣٠ ساڵ دەبو، بەبرینداری گەیەنراونەتە نەخۆشخانەکە، کە ئەوانیش گوللە بەجەستەیانەوە بووە، بەهۆی ناجێگیری باری تەندروستی بریندارەکانەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کراون، هەروەها تەرمەکەش ڕەوانەی پزیشکی دادی سلێمانی کراوە. ئاوێنە، ٢٠١٨/٩/٢٨

ئاراس برایەکی هونەری نانەوای کوشتووە و برایەکیشی هەڵاتووە
لەلایەن بەهرۆز فەرەیدوون 1 کاژێر لەمەوبەر  رووداو-سلێمانی
ئاراس، ئەو کوڕە جلوبەرگ رەش و ریشنەی بە دەمانچەکەی دەستی دوو جار بە توندی بەسەری کرێکارێکی نانەوادا دەکێشێ و دەستبەجێ خوێن بە سەر و دەموچاویدا دێتە خوارەوە، خێزانی هەیە و باوکی دوو منداڵە.
دیمەنی دەستدرێژی بۆ سەر ئەو کرێکارە کە ناوی هونەرە، چەند رۆژێکە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك و باسوخواسی نێو خەڵکیشدا گەرمترین بابەتی مشتومڕە، ئەوەش بە تایبەتی بەهۆی ئەوەی کە هاوڕێیەکی دەستدرێژیکارەکە لەناو ئۆتۆمبێلێکەوە تەواوی ئەم دیمەنەی وێنە گرتووە و پاشان هەر ئەم گرتە ڤیدیۆیە بۆ نێو میدیا دزە دەکات.
دەستدرێژیکارەکە وەك دەگوترێ بە ئاراسی شێخە ناسراوە. ئەو هەر بەوەندە ناوەستێ کە سەری کرێکارەکە لە دوو لاوە بەمستی دەمانچەکەی دەشکێنێ، بەڵکو دەیهێنێتە بەردەمی کامێراکە و سووکایەتی بە خۆی و کەسوکاری دەکات و ناچاری دەکات جنێو بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بدات.
ئاراس دوای وازهێنانی لە کاری چەکداری لە ریزەکانی حەفتای سەر بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، چوار جار بە تۆمەتی جیاجیا گیراوە. لە هێزەکانی حەفتاشدا نزیکایەتی لەگەڵ جەعفەر مستەفا هەبووە و هەندێکجاریش وەك شوفێری تایبەت کاری بۆ کردووە...........
ئاراس لە رۆژی 13ی ئەیلول لەلایەن پۆلیسی نەهێشتنی تاوانەوە دەستگیر کرا، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی دەڵێ ئاراس بە برینداری دەستگیر کراوە، بەڵام ئەو قسەیە دوورە لە راستی و ئاراس بریندار نەبووە. بەدواداچوونی (رووداو) ئەوەی ئاشکرا کرد کە ناوی ئاراس لە رۆژانی 13 و 14ی ئەیلول لە هیچ نەخۆشخانەیەکی فریاکەوتنی شاری سلێمانی بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی تۆمار نەکراوە، بەڵکو ئەوانەی بریندار بوون، ئەفسەرێك و دوو پۆلیسی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان بوون کە لە کاتی دەستگیرکردنیدا، بەر گوللەی ئاراس کەوتوون. 2018/09/24

**لە هەشت مانگی رابردوودا 80 تاوانی کوشتن لە کەرکووك تۆمارکراون**
لەلایەن سروە ئەحمەد 2 کاژێر لەمەو بەر رووداو-کەرکووك
وەکو ئامارەکانی پۆلیس دەریدەخەن، تاوانەکانی دزی و کوشتن لەنێو شاری کەرکووك و دەوروبەری روو لە هەڵکشانن. پۆلیس دەڵێت هۆکاری زۆربەی تاوانەکانی کوشتن و دزی، هەژاری یان کێشەی کۆمەڵایەتییە.
عەمید ئەفراسیاو کامیل، گوتەبێژی  پۆلیسی کەرکووك  ئاماری تاوانەکانی کوشتنی لە هەشت مانگی رابردوودا (لە یەکی کانوونی دووەم تاوەکو 31ی ئاب) بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی: "لەم ماوەیەدا 80 حاڵەتی کوشتن لە کەرکووك و دەوروبەری تۆمارکراون، تۆمەتباری 60 لەو تاوانانە دەستگیرکراون، 20 تۆمەتبارەکەی دیکەش هەڵاتوون بۆ دەرەوەی کەرکووك".
گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووك ئاشکراشی کرد کە لە ماوەی ئەو  هەشت مانگەدا 611 حاڵەتی دزی لە کەرکووك تۆمارکراوە، زیاتر لە 400 کەس لەسەر ئەو دزییانە دەستگیرکراون. بەگوتەی عەمید ئەفراسیاو، هەندێك لەوانەی لەسەر دزی دەستگیرکراون تەمەنیان 15-16 ساڵە، بەڵام زۆربەی تۆمەتبارەکان تەمەنیان لە 35 ساڵ بەسەرەوەیە. 2019/9/21

**گەنجێك لە کانی پانکە لەداخی نەگەیشتنە ئەوروپا بەتاپر خۆی دەکوژێت**
ئا: مەزهەر کەریم  ئاوێنە، ٢٠١٨/٩/١٨
(رەسوڵ جەلال) کاتژمێر 5:30 بەرەبەیانی چوار شەممەی رابردو 12 / 9، لەگوندی کانی پانکەی سەر بەشاروچکەی سەید سادق فیشەکێکی تاپڕی نا بەسەر سنگییەوەو خۆی دەکوژێت، ئەو بەحەسرەتی گەیشتنە ئەوروپاوە سەری نایەوە.
جەلال حەمە مارفی باوکی بەدەنگێکی خەمگینەوە چیرۆگی خۆکوشتنی کوڕەکەی گێڕایەوە، ئەو وتی “بەیانی زو بو لەخەودا بوم، کە دایکی منالەکان هاواری کرد فریاکەوە ڕەسوڵ لەژورەکەیدا کەتوەو سەرتاپای خەڵتانی خوێنەو ناجولێت!”.
کاتێك باوکی چوە بەهانای رەسوڵەوە، سەیری کردوە لەسەر زەویەکە کەوتوەو هێشتا خوێن لەسەر سنگی دەچۆڕێ، ئەو وتی “چەند جارێك بانگم کردو دەستم لەلاملی دا تا بزانم ماوە یان نا؟ بەڵام کوڕەکەم سارد ببۆوەو فریای بردنی بۆ نەخۆشخانە نەکەوتین”.
باوکی ڕەسوڵ ئاماژە بەوە دەکات شەوی پێش خۆکوشتنی کوڕەکەی، تا کاتژمێر یانزەی شەو پێکەوە بونو قسەی خۆشیان کردوە، بەڵام دوای خۆکوشتنەکەی زانیویەتی کە بۆ رۆژەکەی کاتێك چەند درەختێکی نزیك شەقامەکەی ماڵی خۆیانی ئاوداوە گەردن ئازادی لەهاوڕێکانی کردوە، باوکی رەسوڵ وتی “کوڕەکەم زۆر بێتاقەتی براکە بچوکەکەی بو، کە ماوەی چوار مانگێك دەبێت چوەتە دەرەوەی وڵاتو ئێستا لەوڵاتی بەریتانیا دەژی، رەسوڵ زۆر بێزار بو، ماوەیەك لەمەوبەر دەیویست بچێتە دەرەوەی وڵات، بەڵام دواتر وتی ساڵی داهاتو دەچم”.
وتیشی “کوڕەکەم هەرگیز چەکی پێنەبوەو ناشزانم چۆن ئەو تاپڕەی پەیدا کردوەو خۆی پێکوشتوە”.
ناوبراو باس لەوەش دەکات کە رەسوڵ کێشەی لەگەڵ کەس نەبوەو باری دارایی زۆر باشبوەو ئۆتۆمبیلی بارهەڵگری پێبوەو لەمەرزی نێودەوڵەتی باشماخ کاری گواستنەوەی باری کردوە، ئەو وتی “ئەوەی ئاشکرایە کوڕەکەمان زۆر بیری لەرۆشتن بۆ دەرەوەی وڵات دەکردەوە، هەر بەو داخەشەوە سەری نایەوە”.
لەبارەی خۆکوشتنی ئەم گەنجەوە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی رایگەیاندوە “بەیانی ڕۆژی چوار شەممە 12/ 9/ 2018 لەگوندی کانی پانکەی سەربە شاروچکەی سەیدسادق گەنجێکی تەمەن 24 ساڵ بەگولەی تاپڕ گیانی لەدەستداوە، دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس و تیمەکانی بەشی پۆلیسی بەڵگەی تاوان هێڵکاری بۆ شوێنی ڕوداوەکە کردوەو تەرمەکەی، رەوانەی پزیشکی دادوەری شاری سلێمانی کراوە”.
نووسراوە لە 17-09-2018 8:44 pm

**لە سلێمانی کەسێک خۆی و کچەکەی دەکوژێت**
لەلایەن راوچی حەسەن 37 رووداو - سلێمانی
پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند، لە پرۆژەی نیشتەجێبوونی کورد ستی دوو، باوکێک خۆی و کچە تەمەن 16 ساڵەکەی دەکوژێت و هاوسەرەکەیشی بە سەختی بریندار دەکات.

پۆلیسی سلێمانی لە هەواڵێکدا رایدەگەیێنێت: "ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە 16-9-2018، لە شاری سلێمانی و لە پرۆژەی نیشتەجێبوونی کورد ستی دوو، باوکێك كچ و هاوسەرەکەی بەسەختی بریندار‌دەکات، دوای ئەوەی بریندارەکان بۆ نەخۆشخانە دەگوازرێنەوە و بەهۆی سەختی برینەکەیەوە کچە 16 ساڵانەکەی بەناوی ( ب،غ ،غ ) گیان لەدەستدەدات، باوکەکە خۆیشی دەکوژێت".2018/9/16

**لەماوەی دوو رۆژدا بەساڵاچوویەک و کچێک لە کەرکووک خۆیان سووتاندووە**

لەلایەن تریسکە شێرزاد 2 کاژێر لەمەو بەر رووداو - کەرکووک

لەماوەی دوو رۆژدا بەساڵاچوویەک و کچێک لە کەرکووک خۆیان سووتاندووە.

رۆژی چوارشەممە هاونیشتمانییەک لە کەرکووک، لەدایکبوونی ساڵی 1948 و دانیشتووی گەڕەکی پەنجا عەلی ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات و بەهۆی زۆری رێژەی سووتانەکەی گیانیلدەستدا.

هەڤاڵ بەرزنجی، بەرپرسی بنکەی عەرەبە لە کەرکووک لەبارەی بە (رووداوی) راگەیاند "ئەو کەسە لە ماڵەکەی خۆیدا ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە. بەگوتەی خانەوادەکەی نەخۆشی دەروونی هەبووە". 2018/9/13

**لە هەولێر کەسێک زاواکەی خۆی دەکوژێت**

لەلایەن راوچی حەسەن 3 کاژێر لەمەو بەر رووداو - هەولێر

لە شەقامی رووناکی هەولێر تەقە لە ئۆتۆمبێلێک دەکرێت و کەسێک دەکوژرێت و کەسێکی دیکەش بریندار‌دەبێت. پۆلیس دەڵێت، رووداوەکە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی بووە و کەسێک زاواکەی خۆی کوشتووە.

کاژێر 9:00ـی ئەمشەو (1-9-2018) لە فولکەی کشتوکاڵ لە گەڕەکی رووناکی هەولێر، کەسێک لەنێو ئۆتۆمبێلێکەی تەقە لە ئۆتۆمبێلێکی جۆری تاکسی دەکات و بەهۆیەوە کەسێک کوژراو کەسێکی دیکەش برینداربوو. 2018/9/1

**لە بەردەڕەش.. مامێك دو برازای خۆی کوشت**

ئاوێنە لەگوندێکی سنوری قەزای بەردەڕەشی سەر بەپارێزگای دهۆك مامێك دو برازای خۆی کوشتو بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاکەش هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی.

ئاوێنە: زەکی کۆچەر، بەڕێوەبەری پۆلیسی بەردەڕەش لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، نزیک کاتژمێر 7ی ئەمشەو بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە شەڕ لەنێوان مامو دو برازادا رویداوە، لەئەنجامدا دو براکە بەگوللە کوژراون. 18.08.30

**ساڵانە نزیکەی 10 پیاو بەدەستی ژن دەکوژرێن**

لەلایەن دیمەن بورهان 2018/8/16 رووداو- سلێمانی

رێکخراوەکەی بورهان عەلی، یەکێتی پیاوانی کوردستان وەك رۆژە بەراییەکان نییە کە بەشێکی زۆری خەڵك بە نامۆیی سەیریان دەکرد. ئێستا ژمارەی ئەندامەکانی 7500 کەسی تێپەڕاندووە و لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان نووسینگەیان هەیە بە وڵاتانی ئەورووپیشەوە.

زۆربەی ئەو پیاوانەی روو لە رێکخراوەکە دەکەن گرفتاری دەستی ژنەکانیانن.

بورهان عەلی باسی جۆری ئەو سکاڵایانە دەکات کە دێنە لایان و دەڵێ: "زۆرترین سکاڵا لەبارەی بێبەشکردنی پیاوانە لە مافی باوکایەتی. دوای ئەویش دەستوەردانی کەسی سێیەمە لە ژیانی ژن و مێرد".

ئەو هەروەها دەڵێت: "سکاڵاکان جۆراوجۆرن. لەنێو گەنجەکاندا بەتایبەت ئەوانەی تەمەنیان کەمە پەشیمانییە لە ژنهێنان".

ئەو لە نموونەی بێبەشکردنی پیاواندا لە مافی باوکایەتی دەڵێت: "حاڵەت هەیە باوکەکە دراوسێی ماڵی ژنەکەیەتی کە جیابوونەتەوە، بەڵام ژنەکە بە ساڵ رێگەی نەداوە منداڵەکەی ببینێ".

هەندێك لەو پیاوانەی پەنا بۆ رێکخراوەکەی بورهان دەبەن، بەساڵاچووەکانن کاتێك هێز و بازووی کارکردنیان نامێنێ و لە هەندێك خێزاندا دەکرێنە دەرەوە "ئەم پیاوانە هەندێکیان بەهۆی مردنی ژنی یەکەمیان، ژنێکی گەنجتر لە خۆیان دەهێنن، ژنەکە بە پلان هەموو سامانەکەی لەژێردەستی دەردەهێنێ و بە یاسا لەسەر خۆی تاپۆ دەکات، دواتریش پیاوەکە دەردەکات".

بەپێی ئامارەکانی یەکێتی پیاوان، توندوتیژی بەرامبەر پیاوان زیادی کردووە. ساڵانەش نزیکەی 10 پیاو بەدەستی ژن دەکوژرێن. ساڵی 2017 پیاوان 614 سکاڵایان لەدژی ژن و منداڵەکانیان تۆمار کردبوو. تەنیا لە 6 مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا 411 سکاڵا لەلایەن پیاوانەوە لەدژی ژن و منداڵەکانیان تۆمارکراون.

هەر بەپێی ئامارەکانی ئەو رێکخراوە، ساڵانە نزیکەی 10 پیاو بە دەستی ژنەکانیان دەکوژرێن کە ژنەکە بە هاوکاریی پیاوانی دیکە تاوانەکە دەکات. 2018/8/30

**لەسەر دەمەقاڵەیەک دوو کەس دەکوژرێن**

لەلایەن دیمەن بورهان 2018/8/15 رووداو-هەولێر

(ب.ف) تەمەن 20 ساڵان، رۆژانە لەگەڵ چاپووک محەممەدی هاوڕێی دەچوون بۆ هۆڵێکی لەشجوانی لە گەڕەکی ئەندازیارانی شاری هەولێر، بەڵام ئێوارەی رۆژی هەشتی ئەم مانگە لەگەڵ راهێنەری هۆڵی لەشجوانییەکە کە گەنجێکی عەرەبە بەناوی عەلی دەبێتە دەمەقاڵەیان، ئەگەرچی لەوێ کۆتایی بە کێشەکە دەهێنرێ، بەڵام دواتر بەشەڕدێنەوە و چاپووک محەممەد و گەنجێکی تری بەناوی محەممەد سابیر، تێدا دەکوژرێ.

نەجات رەحمان، کارمەندی کۆمپانیایەکی ئەندازیارییە و هەروەها مامی محەممەد سابیرە، ئەو بە (رووداو)ی گوت: "من لە نووسینگەکەم دانیشتبووم، عەلی بە سەری شکاوەوە هات بۆ لام و گوتی چاپووک هاتووەتە سەرمان و هەڕەشەی کردووە و سەری شکاندووم، بۆیە پەیوەندیم بە پۆلیسەوە کردووە2018/8/30 ".

**پۆلیسی هەولێر: گەنجێک بە هاوکاری باوکی دایکی خۆی کوشت**

لەلایەن دیمەن بورهان دوێنێ کاژێر 02:20 رووداو - هەولێر

لە شاری هەولێر گەنجێک بە گوللە دایکی خۆی دەکوژێت و دواتر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیردەکرێت.

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند: "بەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە (29-8-2018) گەنجێک بەناوی (ا.م) بە هاوکاری باوکی بە چەکی کلاشینکۆف دایکی خۆیی کوشتووە و دواتر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت: "ڕووداوەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بووە و ئێستا باوک و کوڕەکە دەستگیرکراون و دانیشیان بە تاوانەکەیاندا ناوە". 2018/8/30

**ڕاپەڕین.. لە جەژندا دوو ئافرەت خۆیان سوتاندووە و یەکێکی تریش خۆی خنکاندووە**

کاتژمێر پێش ئێستا، ئێن ئاڕ تی 1

لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین لە ڕۆژانی جەژنی قورباندا دوو ئافرەت خۆیان سوتاندووە یەکێکی تریش خۆی خنکاندووە.

پەیامنێری ئێن ئاڕ تی ڕایگەیاند، ڕووداوی خۆ سوتاندنی دوو ئافرەتەکە لە قەڵادزێ بووە و خۆ خنکاندنەکەش لە ناحیەی حاجیاوا بووە.

جێی ئاماژەیە لە چەند مانگی ڕابردوودا ڕووداوەکانی کوشتن و خۆکوشتن لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوویان لە زیادبوون کردووە. 2018/08/26

**لە یانەیەکی شەوانە لە سلێمانی 11 کەسی بنەماڵەیەک برینداربوونە**

لەلایەن جەمال ئەحمەد جەمیل 12 کاژێر لەمەو بەر ڕووداو سلێمانی

لە یانەیەکی شەوانەی سەرچنار لە سلێمانی 11 کەسی بنەماڵەیەک پێکەوە بریندار بوون دوای ئەوەی لەگەڵ گرووپێکی دیکە بووەتە شەڕیان. هەروەها 35 کەس لە سلێمانی بە شەڕە چەقۆ بریندار بوون، کەسێک خۆی کوشتوە و دووانی دیکەش بریندارن.

عەبدوڵڵا گۆران، سکرتێری ڕۆژنامەڤانی بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: " 159 حاڵەتی بریندار بوون لە ڕۆژانی جەژندا هێنراونەتە نەخۆشخانەکانی سلێمانی، 35 حاڵەتیان بەهۆی شەڕە چەقۆ بریندار بوون و دوو کەسی دیکەشیان بە گوللە بریندار بوون، 11 کەس لەوانەی بە چەقۆ بریندار بوون، بارودۆخیان ناجێگیربووە و هەندێکیان نەشتەرگەرییان بۆ کراوە، چەند کەسێکیان تاوەکو ئێستا لەژێر چاودێری پزیشکدان". 18/8/26

**کارمەندێکی ئاسایش بە دەمانچەی باوکی دەکوژرێ**

لەلایەن ڕووداو 19 کاژێر لەمەو بەر ڕووداو - گەرمیان

ژیار و ئیمان ماوەی هەشت مانگ بوو خێزانیان پێکەوەنابوو، چاوەڕێی لەدایکبوونی منداڵەکەیان دەکرد، بەڵام هاوڕێیەکی ژیار نەیهێشت منداڵەکەی لەباوەش بگرێ و کوشتی، دوای تاوانەکەش بە پۆلیسی گوت کە بەرگری لە خۆی کردووە بۆیە کوشتوویەتی، بەڵام پۆلیس دەڵێت قسەکانی جێی باوەڕ نین.

ڕۆژی 2018/7/21 گەنجێکی تەمەن 20 ساڵ بەناوی ژیار کەمال، دانیشتووی گەڕەکی ئیشتراکی لە قەزای کفری، کە کارمەندی ئاسایشی بنکەی دووزخورماتوو بوو، لەلایەن هاوڕێیەکی نزیکی بەناوی (ئا.ب) کوژرا. دوای ڕووداوەکە بکوژ خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد. ١٨/٨/٤

**هاوڕێکەی باوکی دەستدرێژیی کردە سەری**

لەلایەن دیمەن بورهان 2018/7/31 ڕووداو – هەولێر

ئەمساڵ 36 حاڵەتی دەستدرێژی لە کوردستان تۆمارکراون

مامانەکە پارچە پەڕۆیەکی خستبووە نێو دەمی کچەکە بۆ ئەوەی دەنگی دەرنەچێ، لە حەوشەی ماڵی مامانەکەش پیاوێك کە لە پەنجاکانی تەمەنیدا بوو، دەهات و دەچوو، هەر کەسێك بینیبای گومانی دەکرد ئەوە باوکی کچەکە بێ، بەڵام مامانەکە گوتی: "ئەو دێوە ناشیرینە دەستدرێژی کردووەتە سەر ئەم کچە و دووگیانی کردووە". منداڵە کوڕەکەی نێو سکی جوان، تەمەنی پێنج مانگ بوو.

جوان قوتابی پۆلی دەی ئامادەیی بوو، خەونی بەوەوە دەبینی بچێتە زانکۆ و ببێ بە پارێزەر، بەڵام ڕووداوێکی هاتوچۆ خەونەکەی لە گۆڕ نا، لە ڕووداوەکەدا باوکی جوان کەوتە سەر کورسیی کەمئەندامی و دایکیشی بینایی لەدەست دا، بۆیە جوان ناچار بوو واز لە خوێندنەکەی بهێنێ و خزمەتی دایك و باوکی بکات. ٢٠١٨/٠٧/٣١

**وردەکاریی ڕووداوەکەی سلێمانی: پیاوێک کوڕەکەی برینداركرد و خۆی کوشت**

لەلایەن هەردی محەممەد 11 کاژێر لەمەو بەر ڕووداو - سلێمانی

لە گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەدی سلێمانی پیاوێک دوای بریندارکردنی کوڕەکەی گوللـەیەک دەنێت بەخۆیەوە و دواتر خۆشی دەکوژێت.

ئاسۆ عەبدولحەکیم کە تەمەنی 53 ساڵ بوو فەرمانبەربووە لە خەزێنەی سلێمانی، دوای ئەوەی لە درەنگانی شەو لەگەڵ کوڕە تەمەن 23 ساڵانەکەی دەبێتە دەمەقاڵێیان بریندارى دەکات و دواتر خۆیشی دەکوژێت.

کەسوکارەکەی دەڵێن، ئەم ڕووداوە دەرئەنجامی کێشەیەکی قووڵی کوڕ و باوکەکەیە. ١٨/٧/٢٩

**سەیدسادق:دوو دز هەڵدەکوتنە سەر ماڵێک و یەکێکیان دەکوژرێت**

ئەمڕۆ لەقەزای سەید سادق دوو دز هەڵدەکوتنە سەر ماڵێک بەمەبەستی دزی کردن ، لەئەنجامدا یەکێک لەدزەکان دەکوژرێت و یەکێکیشیان هەڵدێت.

ئەمرۆ دوو شەممە ٢٠١٨/٧/٢٣ دوو کەس بەمەبستی دزی کردن هەڵدەکوتنە سەر ماڵێک کە خاوەن ماڵەکە پێشەی ئاڵوگۆڕکردنی دۆلارە، و دواتر هێرش دەکەنە سەر خاوەن ماڵەکە بەچەقۆ برینداری دەکەن. لڤین

**پێشمەرگەیەك کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا**

ئاوێنە پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ(دوشەممە)، لەقەزای چەمچەماڵ هاوڵاتییەکی تەمەن 40 ساڵ کە پیشەی پێشمەرگە بوە کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

ئاوێنە: بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی لە راگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە کە دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس و تیمە فریاگوزارییەکان هاوڵاتییەکە بەبریندارى رەوانەی نەخۆشخانە کرا، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا. ٢٠١٨/٧/٢٣

**”ئەو سێ چەکدارەی هێرشیان کردە سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر کوردن و دانیشتوی شاری هەولێرن“**
ئاوێنە دژە تیرۆری کوردستان، سەر بە پارتی، ناسنامەی ئەو سێ چەکدارە ئاشکرادەکات کە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هێرشیان کردە سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر.
ئاوێنە: دژە تیرۆری کوردستان، سەر بە پارتی، لە راگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، ئەو سێ چەکدارەی کە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ(دوشەممە) هێرشیان کردە سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێرو لە روبەڕوبونەوە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکاندا کوژران، هاوڵاتی هەرێمی کوردستانن و دانیشتوی گەڕەکی قەڵاتی نوێی شاری هەولێرن، ١٨/٧/٢٣

**هەڕەشەی کوشتن لە دەرمانسازێک دەکرێت**
لەلایەن رووداو 2018/7/18 رووداو- هەولێر
هەڕەشەی کوشتن لەو دەرمانسازە دەکرێت، کە تەزویرچیی و قاچاخچییەکی دەرمانی بۆ کوالێتی کۆنتڕۆڵ ئاشکراکردووە، سەرۆکی لیژنەی تەندروستی لە پەرلەمانی کوردستانیش دەڵێت پشتیوانی لە دەرمانسازەکە دەکەن.
دەرمانسازەکە دەڵێت دوای ئەوەی چەند دەرمانێك دەبەنە لای بۆ فرۆشتن، گومان لە کوالێتی و نرخی دەرمانەکان دەکات و دەزگای کوالێتی کۆنتڕۆڵی دەرمان ئاگاداردەکاتەوە. پاش پشکنینی دەرمانەکان لەلایەن کوالێتی کۆنتڕۆڵ دەرکەوت کە دەرمانەکان جگە لە گەچ، هیچ ماددەیەکی دیکەیان تێدانییە و بۆ بەکارهێنان و بۆ چارەسەرکردن ناشێت. 2018/7/20

**تەرمی هاونیشتمانییە رفێندراوەکەی قەراج لەبەردەم ماڵەکەی دۆزرایەوە**
لەلایەن راوچی حەسەن دوێنێ کاژێر 09:35 رووداو - هەولێر
شەوی 17-7-2018 مەجید عەلی عومەر، لە دەشتی قەراج، لەلایەن کۆمەڵێك چەکداری نەناسراوەوە رفێندرا
دوای ئەوەی هاونیشتمانییەکی خەڵکی پیرداود لە دەشتی قەراج، لەلایەن کۆمەڵێك چەکدار دەڕفێنرێ،بەیانی ئەمڕۆ تەرمەکەی لەبەردەم ماڵەکەی دۆزراوەتەوە. 2018/7/20
سۆران عومەر، برای ئەو هاونیشتمانییە بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند: " بەرەبەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە 19-7-2018 تەرمی براکەم کە ماوەی چەند کاژێرێک بوو رفێندرابوو، لەبەردەم ماڵەکەی فڕێدراوە".

**لە خانەقین تەرمی خوشك و برایەك لە ماڵەکەی خۆیاندا دۆزرایەوە**
لەلایەن هەڵۆ محەممەد 1 کاژێر لەمەوبەر رووداو-خانەقین

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هەینی پۆلیسی خانەقین تەرمی دوو هاونیشتمانی لە ماڵەکەی خۆیاندا لە خانەقین دۆزیەوە کە خوشک و بران و تەرمەکەیان بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری گیانلەدەستدانیان، رەوانەی پزیشکی دادوەری کراوە.

عەقید دیار شەوکەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەقین بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند: "سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لەلایەن هاونیشتمانییەکەوە ئاگادار کراینەوە لەوەی کە دراوسێکەیان کە هاوکات خزمی یەکدیشن ماوەیەکە بێدەنگن، دوای چوونی پۆلیس بۆ ئەو ماڵە لە گەڕەکی ئیمام عەناس، دەرکەوت خوشك و برایەکن بەناوەکانی (فائیق محەممەد ساڵەح لەدایکبووی 1933 پیشە مامۆستای خانەنشین و، فائیقە محەممەد ساڵح لەدایکبووی 1945) گیانیان لەدەستداوە. )13.7.18

**لەنێو گەرماوی چاکسازیی ئافرەتاندا خۆی خنکاند**
لەلایەن دیمەن بورهان دوێنێ کاژێر 09:13 رووداو-هەولێر

کارمەندانی چاکسازی فریانەکەوتن دوو قسە لەگەڵ ئاڵا بکەن، بۆ ئەوەی لێی تێبگەن کێشەکەی چییە، هێشتا 48 کاژێری لە چاکسازییەکە بەسەر نەبردوو کاتێك لەنێو گەرماوی چاکسازییەکەدا بە لەچکەکەی، خۆی خنکاند.

تەنیا دوو رۆژ دوای خۆخنکاندنی ئافرەتێك لە گەرماوی خانەی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو لە سلێمانی، ئێوارەی رۆژی 2018/6/26 ئافرەتێك لەناو چاکسازیی ئافرەتان و نەوجەوانانی هەولێر بەهەمانشێوە بە لەچك لەناو گەرماودا خۆی خنکاند.

ئەو ئافرەتە کە ناوی ئاڵا بوو، تەمەنی 27 ساڵ بووە و دایکی دوو منداڵە. بە گوتەی سەرچاوەیەك کە ئاگاداری رووداوەکەیە و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئەو ئافرەتە لە رێگەی فەیسبووکەوە کوڕێکی خەڵکی کەرکووکی ناسیوە بەناوی (س.ع.ئا) کە تەمەنی 25 ساڵە و سەڵتە و پێشمەرگەیە. )06.07.19

**دیوەخان.. دادگای سێبەر لە کوردستان**
لەلایەن شکار ئەحمەددوێنێ کاژێر 08:30
ڕووداو، هەولێر
دیوەخانی سەرۆك خێڵ و عەشیرەتەکان جەمیان دێت لەوانەی کێشەی کۆمەڵایەتییان هەیە. ئەم دیوەخانانە بوونەتە دادگایەکی نافەرمی یان دادگایەك لە سێبەردا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکی. لە یەکێك لەو دیوەخانانە بیستمان کە تەنانەت دادوەر هەبووە بۆ چارەسەری کێشەیەکی خۆی پەنای بۆ ئەو دیوەخانە بردووە.

دیوەخان مێژوویەکی کۆنی هەیە لە کوردستان. هەموو ئاغا و شێخ و سەرۆك عەشیرەتێك دیوەخانی تایبەت بە خۆی هەبووە. دیوەخان جگە لە شوێنی کۆڕ و کۆبوونەوەی عەشیرەت، شوێنی چارەسەرکردنی کێشەکانی گوند بووە. ئەمڕۆ سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتێك بەناوی دەسەڵاتی دادوەری هەیە، هێشتا دیوەخانەکان کاران لە چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتیدا.

**سوڵحێك بە 300 هەزار دۆلار**
سەرهەد ئەنوەر بەگی بێتواتە کە کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیی ناسراوە، وەك خۆی دەڵێت نزیکەی 200 ساڵە دیوەخانیان هەیە و کێشەی خەڵکیان چارەسەر کردووە. سەرهەد بەگ باسی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە دیوەخانەکەی دەکات و دەڵێت:
"سەرەتا ئەو لایەنەی تاوانەکەی کردووە کێشەی خۆی دەهێنێتە لای ئێمە. دواتر ئێمە تاوانلێکراوەکە دەبینین، هەردوولا لە دیوەخان کۆدەکەینەوە و رێکدەکەون، کۆنووسیان بۆ دەکەین و واژۆیان پێدەکەین، دواتر کۆنووسەکە دەبرێتە لای پۆلیس و دادگا و ئەو لایەنەی تاوانەکەی بەرامبەر کراوە تەنازول بۆ لایەنەکەی دیکە دەکات و دەڵێت سوڵحم کردووە لەسەر دەستی فڵان و بە شاهێدیی فڵان و تەنیا "مافی گشتی دەمێنێ، ئەوەش پەیوەندی بەدادگاوە هەیە.
دادوەر عەبدولباست فەرهادی: خەڵك زیاتر بڕوایان بە دیوەخان هەیە نەك دادگا
لەبارەی جۆری ئەو کێشانەی دێنە لایان، سەرهەد ئەنوەربەگ دەڵێت: "مانگانە نزیکەی 10 کێشەی جۆراوجۆر دێنە لامان، زۆرترینیان کێشەی ئافرەتن و ئەگەر زوو فریای نەکەوین کێشەکە گەورە دەبێت و خەڵکی تێدا دەکوژرێت، بۆیە زوو چارەسەری دەکەین و کێشەکە دەبڕێنینەوە". (٢٠١٨/٧/٤)
http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/04072018

**شیروان دوای گەردن ئازایی لە دایکی، خۆی کوشت**
لەلایەن دیمەن بورهان دوێنێ کاژێر 08:33 رووداو-هەولێر
شیروان عەدنان، تەمەن 18 ساڵ و دانیشتووی چەمچەماڵ، لەناو هاوڕێ و کەسوکاری بە گەنجێکی هێمن و لەسەرخۆ و کاسب ناسرابوو، بەڵام دوای ئەوەی داوای گەردنئازایی لە دایکی کرد، سەرلەئێوارەی رۆژی 2018/6/23 بە چەکی کلاشینکۆف خۆی کوشت.
بنەماڵەی شیروان هێشتا لە شۆکدان و تا ئەمڕۆش بڕوایان بەوە نەهێناوە کە شیروان خۆی کوشتبێ، ئەو رۆژە شیروان دایك و باوکی دەگەیەنێتە بانی مەقان و خۆی دەگەڕێتەوە، دواتر بە گوللەیەکی کلاشینکۆف کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ. (٢٠١٨/٧/٥)

**گەنجێك لە سیدەکان خۆی دەکوژێ**
لەلایەن تریسکە شێرزاد دوێنێ کاژێر 05:08 رووداو- هەولێر
سیروان کە ماوەی دوو ساڵ بوو خێزانی پێکەوەنابوو، لەگەڵ هاوژینەکەی ناکۆك و ناتەبا بوو، کار گەیشتە ئەوەی هاوژینەکەی ماڵ جێبهێڵێت و داوای جیابوونەوە بکات. سیروان دواجار بەرگەی ئەو کێشانەی نەگرت و بە گوللەیەك کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.
کەسوکارەکەی دەڵێن کوڕەکەیان بەهۆی هەڕەشەی ماڵە خەزوورانییەوە خۆی کوشتووە.
سیروان ئیسماعیل، تەمەن 23 ساڵ، دانیشتووی گوندی نزاریەی سەر بە ناحیەی سیدەکان، بەرەبەیانی رۆژی 2018/6/8 لە نێو ماڵەکەیدا بە گوللەیەك کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و لەدوای خۆی کچێکی تەمەن شەش مانگی جێهێشت. (١٨/٧/٢)
زیاد و کوڕەکەی بوونە قوربانیی تاوانێکی براکەی
لەلایەن تریسکە شێرزاد 16 کاژێر لەمەو بەر رووداو- هەولێر
زیاد بۆ ئەوەی خۆی و خێزانەکەی بە ئاگری تاوانی براکەی نەسووتێن، نزیکەی ساڵ و نیوێك خۆی شاردەوە، کاتێکیش بەڵێنی لە دوژمنەکانی براکەی وەرگرت و دڵنیا بووەوە، گەڕایەوە سەر کاری خۆی، بەڵام دوژمنی براکەی بەڵێنەکەی نەبردە سەر و زیاد و کوڕە گەورەکەی خەڵتانی خوێن کرد.
رۆژی 2018/6/22 باوك و کوڕێك بەناوەکانی زیاد عوسمان تەمەن 52 ساڵ و ئاسۆ زیاد، تەمەن 22 ساڵ، لەنێو نەمامگەکەیان لە گەڕەکی شارەوانیی هەولێر دەستدرێژی گوللەیان لێکرا، زیاد هەر لە نەمامگەکە گیانی دەرچوو، کوڕەکەشی لە رێگەی نەخۆشخانە.
نەرمین محەممەد، لە پرسەی هاوژین و کوڕە گەورەکەی دانیشتووە و چاوەکانی دەڵێی گۆمی خوێنن هێندەی بۆیان بگری. نەرمین بە دەم گریانەوە گوتی:"مێردەکەم و کوڕەکەم هیچ تاوانیان نەبوو، ئەوان بوونە قوربانیی تاوانی شووبراکەم". گوتیشی: "لەوەتەی شووبراکەم ئەو تاوانەی کردووە، ئێمە لە رۆژێکی وەها دەترساین، بەڵام ئەو رۆژە هەر هات و ترسەکەمان بوو بەڕاستی". (١٨/٧/٢)

**براکانی هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن**
لەلایەن دیمەن بورهان 20 کاژێر لەمەو بەر ، رووداو- هەولێر
ئاشتی، تەمەن 35 ساڵ، بەهۆی ئەوەی کەمێك زمانی لەکاتی قسەکردندا دەیگرێ، دەکەوێتە داوی ژنێکەوە کە خراپ سوود لەم بێبەختیەی دەبینێت و سەرتاپای ژیانی دەگۆڕێت.
پەروین کە ژنێکی ئەسمەری بەتەمەنە، سێ ساڵ لەمەوبەر رۆژێك ئاشتی بانگ دەکات و پێیدەڵێت کە کوڕێك بەناوی ئاری پرسیاری ئەوی کردووە و حەزدەکات لە نزیکەوە بیبینێت. ئاشتی دەڵێت "دەمزانی کە بە باشی باسی پەروین ناکرێت، بەڵام دڵخۆش بووم بەوەی منیش ماڵێکم هەبێت و لە قسە و قسەڵۆك رزگارم بێت".

**پۆلیسی مەزنێ: پێشمەرگەیەک بە هەڵە خۆی کوشت**
لەلایەن سەرباز سیامەند 10 کاژێر لەمەو بەر رووداو- هەولێر
بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی شارۆچکەی مەزنێ-ی سەر بە قەزای مێرگەسۆر رایگەیاند، قوتابییەکی پۆلی 12ی ئامادەیی، کە پێشمەرگەش بووە، "بە هەڵە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا"، بەڵام پێش راگەیاندنی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوە.
ئاتفان محەممەد شوکری، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی شارۆچکەی مەزنێ بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "کاژێر 2:00ی دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ ئاگادارکرایەنەوە بە رووداوێکی خۆکوشتن، دوای گەیشتنی تیمێکی بنکەکەمان بۆ شوێنی رووداوەکە دەرکەوت، کاروان ئیبراهیم، قوتابی پۆلی 12 لە ژووری خەوتنی خۆی کوشتووە." (٦,٢٠١٨/٢٨)
سلێمانی؛ ئەفسەرێکی پێشمەرگەو پاسەوانێکی کوژران

پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند شەوی رابردو لە ناحیەی تاسڵوجەی سەر بە پارێزگای سلێمانی بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە ئەفسەرێکی پێشمەرگەو پاسەوانێکی کوژراون.سایتی ئاوێنە، ٢٠١٨/٦/٢٥

**کچێک لە شەڵتەری ژنان کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا**

(سبەی): کچێکی تەمەن (26) ساڵ لە سەنتەری داڵدەدانی ژنان کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و ژنێکی (30) ساڵیش لە پێنجوێن بەسوتان گیانی لەدەستدا.

پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند: دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەممە، کچێکی تەمەن (26) ساڵ لە شەڵتەری ژنان لە گەڕەکی قرگەی شاری سلێمانی کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

بەپێی راگەیەندراوەکەی پۆلیس، دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس و تیمەکانی بەشی پۆلیسی بەڵگە و تاوان و لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لە رووداوەکە تەرمەکەی رەوانەی پزیشکی دادوەری لەشاری سلێمانی کراوە، کە بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس کچەکە ناوی (ك،ح،م)ە و تەمەن (26) ساڵەو بە پەت خۆی خنکاندوە و کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە.

لەلایەکی دیکەوە هەر ئەمڕۆ ژنێکی تەمەن (30) ساڵ لە پێنجوێن بە سوتان کۆتایی بەژیانی هات.

لوقمان لەتیف، لێپرسراوی راگەیاندنی نەخۆشخانەی گشتی پێنجوێن بە (سبەی) راگەیاند: ژنێکی تەمەن (30) ساڵ ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداو دوای گەیاندنی بەنەخۆشخانەی پێنجوێن، چارەسەری سەرەتایی بۆ کرا و رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کرا، بەڵام بەهۆی زۆری رێژەی سوتانەکەیەوە لەو نەخۆشخانەیە گیانی لەدەستدا. (2018/6/25)

**وردەکاریی چوار رووداوی کوشتن لە هەولێر**

لەلایەن سیداد لەشکری 39 خولەک لەمەوبەر  رووداو،هەولێر

لەماوەی چوار رۆژدا لە هەولێر چوار کەس کوژران. پۆلیس شەش کەسی لەسەر ئەو رووداوانە دەستگیرکردوون.

ئێوارەی 22ی ئەمانگە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی باوک و کوڕێک لە شوێنی کارەکەیان کە نەمامگەیەک بوو لەناو شاری هەولێر، کوژران. کێشەکە بۆ دوو ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کاتێک برای کوژراوەکە لەسەر قەرز دوو کەس دەکوژێت، کەسوکاری کوژراوەکانیش بۆ تۆڵەکردنەوە برا و برازیەکی ئەویان لە شوێنی کارەکەیان کوشتەوە.

رۆژی 21ی ئەم مانگەش گەنجێک بەناوی "ر . ر" لەسەر رێگای کەسنەزان بە هەڵە کوژرا، بکوژەکەی بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتووە.

لە رووداوێکی دیکەشدا بەهۆی شکاندنەوەی ئۆتۆمبێل بۆ سەر منداڵێکی پێنج ساڵان، گەنجێکی تەمەن 28 ساڵ لەبەر چاوی دایک و باوکی لە عەنکاوە کوژرا. تۆمەتباری رووداوەکەش دەستگیرکراوە و باسی رووداوەکە دەکات. (١٨/٦/٢٣)

**هەولێر.. کوڕو باوکێك لەشوێنی کارەکەیان کوژران**

ئاوێنە  ئێوارەی ئەمرۆ هەینی، لەشاری هەولێر کوڕو باوکێك لەشوێنی کارەکەیان کوژرانو بەوتەی پۆلیسی شارەکەش، هۆکاری رووداوەکە دەگەرێتەوە بۆ کێشەیەکی دو ساڵ لەمەوبەر. پۆلیسی هەولێر لەبارەی رووداوەکەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە رووداوەکە لەنزیك بەنزیخانەی ئاکاری شاری هەولێر رویداوەو دو کەس بەچەکەوە چونەتە ناو نەمامگەی ئەو کوڕو باوکەو دەسترێژی گوللەیان لێدەکەن. بەگوێرەی وتەکانی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، باوکەکە دەمودەست لەشوێنەکە گیانی لەدەستداوە، کوڕەکەش دوای ئەوەی دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە، گیانی لەدەستداوە. کوڕو باوکێك لەناو شوێنی کارەکەیان، کە نەمامگەیە، دەکوژرێن, کە هۆکارەکەی بۆ کێشەیەك دەگەڕێتەوە، کە بەر لە چەند ساڵێك پێش ئێستا روویداوە و پەیوەندییان پێیەوە نەبووە. پۆلیسی هەولێر راگەیاندووە، کوژرانی ئەو کوڕو باوکە، پەیوەندی بەکێشەیەکی پێشترەوە هەیە، بەو پێیەی برای باوکەکە، بەر لەچەند ساڵێك بەهۆی "کێشەی قەرزدارییەوە" دو کەس لەناو ماڵەکەی خۆیدا دەکوژێتو بەرەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان رادەکات. (٢٠١٨/٦/٢٣)

**لە زاخۆ کەسێک کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا**

لەلایەن یوسف موسا دوێنێ کاژێر 06:25 رووداو - دهۆک

لە زاخۆ، پیاوێکی خێزاندار لە نزیك پارکی کوردستان بە گوللـەی دەمانچە کۆتایی بەژیانی خۆیی هێنا.

یوسف موسا، پەیامنێری رووداو لە زاخۆ رایگەیاند، کاژێر 2:00ـی رۆژی پێنجشەممە 21-6-2018، پیاوێکی خێزاندار بەناوی (شڤان یوسف) تەمەن 26 ساڵ بە گوللەی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. (١٨/٦/٢٢)

**لەسەر رێگای کەسنەزان-هەولێر کەسێک کوژرا**

لەلایەن سەرباز سیامەند 6 کاژێر لەمەو بەر رووداو - هەولێر

لەسەر رێگای کەسنەزان- هەولێر کەسێک کوژرا ، بەڕێوەبەری ناحیەی کەسنەزان دەڵێت؛ بکوژەکە رایکردووەو لە هەوڵی دەستگیرکردنیدان.جەمال ئەحمەد، بەڕێوەبەری ناحیەی کەسنەزان بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند "لەسەر رێگای کەسنەزان - هەولێر و نزیک بەنزیخانەی زازا، کەسێک بە چەک کەسێکی دیکەی کوشتووە و رایکردووە." (2018/6/21)

**"گەرمیان؛ ژنێك بەهۆی بەرکەوتنی فیشەکەوە گیانی لەدەستدا**

ئاوێنە:

پۆلیسی گەرمیان رایگەیاند ژنێك بەهۆی بەرکەوتنی فیشەکەوە گیانی لەدەستداوە کە بە وتەی کەسوکارەکەی خۆی کوشتوە بەڵام مێردی ژنەکە دەستگیرکراوەو لێکۆڵینەوەش دەستی پێکردوە.

عەلی جەمال قدوری، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان لە راگەیەندراوێکدا ئاشکرایکرد ئێوارەی ئەمڕۆ(دوشەممە) ژنێک بەناوی (ك. ف. ك.)، لەدایکبوی 1979، براوەتە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شەهید هەژار لەکەلار کە بەهۆی بەرکەوتنی فیشەکەوە گیانی لەدەستداوە. (سایتی ئاوێنە، ٢٠١٨/٦/١٩)

**مێردەکەیان کوشت و ژیانی خۆی و منداڵەکەشی لە مەترسیدایە**
لەلایەن دیمەن بورهان دوێنێ کاژێر 08:34 رووداو- هەولێر 2018/6/6

**بکوژەکە لە ماڵی سەرۆك عەشیرەتێکە**
شەهلا محەممەد، تەمەن 21 ساڵ، دوای ئەوەی مێردەکەی درایە بەر دەستڕێژی گوللە و کوژرا، ئێستا ژیانی خۆی و منداڵە ساواکەشی لە مەترسیدایە و پۆلیس دەیپارێزن. شەهلا خەڵکی هەولێرە و تا قۆناغی یەکەمی ناوەندی خوێندووە، هەرزوو کەوتووەتە داوی خۆشەویستی کەسێك کە ناسیاوی براژنەکەی بووە و دواتر شووی پێکردووە. سەنگەر عومەر، تەمەن 36 ساڵ، هەشت ساڵ زیاتر بوو لەگەڵ (ن)ی تەمەن 33 ساڵ خێزانیان پێکەوە نابوو، بەڵام منداڵیان نەدەبوو، ئەوەش بەهانەیەك بوو بۆ ئەوەی کە سەنگەر بیر لە هێنانی ژنی دووەم بکاتەوە و بەوجۆرەش شەهلا هەڵدەبژێرێ.

**لە هەولێر مامۆستایەکی ئایینی بە چەقۆ کوژرا**
لەلایەن ئاسۆ سەراوی رووداوهەولێر

لە شاری هەولێر مامۆستایەکی ئایینی دەکوژرێت، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێریش دەڵێت لەلایەن هاوڕێیەکییەوە بە چەقۆ و بۆ پارە کوژراوە.

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند: "شەوی رابردوو کەسێك بە ناوی یەشار یوسف لە گەڕەکی فەرمانبەرانی شاری هەولێر بە چەقۆ لەلایەن هاوڕێیەکییەوە کوژراوە.

گوتیشی: "بکوژ و کوژراوەکە پێکەوە لە ماڵێک بوونە، بکوژەکە بڕی 6 هەزار دۆلاری کوژراوەکەی بردووە و رایکردووە، تاوەکو ئێستاش دەستگیرنەکراوە". (٢٠١٨/٥/٣١)

**ئەو کەسەی بەدەستی ئەکرەم کۆنفۆ بریندداربوو، گیانیلەدەستدا**
لەلایەن کاروان عەلی 13 کاژێر لەمەو بەر رووداو,دهوک
ئەوە کەسەی شەوی 22-5-2018 بەدەستی ئەکرەم کۆنفۆ بە کڵاشینکۆف بریندداربوو، گیانیلەدەستدا.

کەمال رەمەزان کوڕە پووری ئەکرەم کۆنفۆیە و تەمەنی 35 ساڵە، دوای 9 رۆژ مانەوەی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن و ئازادی، دواجار بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانیلەدەستدا. (٢٠١٨/٥/٣١)

**دادگای دهۆک سێ تۆمەتباری بە "کوشتنی ژنێک" ئازاد کرد**
لەلایەن ناسر عەلی 18 خولەک لەمەوبەر
ساڵێک و پێنج مانگ بوو دەستبەسەربوون
)رووداو - دهۆک )2018/5/30

**لە کەرکووک دەستدرێژی دەکرێتە سەر منداڵێک و بە پەت دەخنکێنرێت**
لەلایەن تریسکە شێرزاد دوێنێ کاژێر 09:14
رووداو – کەرکوک (١٨/٥/٣٠)

**بە بەرچاوی دەسگیرانەکەیەوە خۆی سووتاند**
لەلایەن تریسکە شێرزاد 2018/5/24 رووداو،هەولێر

دانیا و جیهاد، بە دڵداری دەستیان پێکرد، بوونە دەسگیران[ی یەکتر]، خەونیان ئەوەبوو ئەو پەیوەندیە ئەڤینداریەی دەستیان پێکرد لە ماڵێکدا کۆیانبکاتەوە، بەڵام دانیا بە بەرچاوی جیهادەوە ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و جیهادیش کەوتە زیندان.

دانیا"ی تەمەن 17 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی رۆشنبیریی شاری هەولێر، هێشتا مێرمنداڵ بوو کە خێزانەکەی لە رووداوێکی هاتوچۆدا " لەدەست دا. باپیری باوەش بۆ دانیا دەگرێتەوە و بەخێوی دەکات، تا دواجار لە شەوی 2018/5/9 ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و مرد. (رووداو، ٢٠١٨/٥/٢٦)

**[کووژرانی ژنێک]**
نیوەشەوی هەینیی رابردو، ژنێکی تەمەن 36 ساڵ بەناوی (شیرین عەلی) لەماڵەکەی خۆیدا لەناحیەی (شۆڕش)ی سەربەقەزای چەمچەماڵ بەدەستڕێژی گوللە دەکوژرێت.
(سایتی ئاوێنە، ٢٠١٨/٥/٢٤)

**بکوژی شۆفێری تاکسییەکەی کۆمەڵگەی چرە دەستگیرکرا**
لەلایەن ناسر عەلی 9 کاژێر لەمەو بەر
رووداو – هەولێر (٢٠١٨/٥/٢٢)

**بە پێنج گوللە لەلایەن دۆستی ژنەکەیەوە کوژرا**

لەلایەن دیمەن بورهان دوێنێ کاژێر 09:09
رووداو – هەولێر (٢٠١٨/٥/٢١)

**لەداخی توانجی خەڵك خۆی كوشت**
لەلایەن عومەر چاوشین دوێنێ کاژێر 12:51

**محەممەد ئەلیاس لەنێو باخەکەیدا خۆی کوشت**
رووداو – قەڵادزێ (٢٠١٨/٥/٢١)

**باوکی خۆی بە چەقۆ دەکوژێ و دایکیشی بریندار دەکات**
لەلایەن دیمەن بورهان 2 کاژێر لەمەو بەر (رووداو – هەولێر٢٠١٨/٥/١٨)
تەرمی منداڵێکی تەمەن شەش ساڵان بەدەستبەستراوی دۆزرایەوە
کەرکوك
(ئێن ئاڕ تی، ٢٠١٨/٥/١٨)

**پۆلیسی هەولێر: ژنێک بە کوژراوی دۆزرایەوە .٧**
لەلایەن راوچی حەسەن 1 کاژێر لەمەوبەر
ڕووداو (٢٠١٨/٥/١٧)
پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند ئەو ژنەی بەکوژراوی لەناوچەی بێستانەی سەربە هەولیر تەرمەکەی دۆزرایەوە زانیاریەکان لەبارەیەو .ئاشکرا بوون و بکوژەکانی ئەو ژنە باوکی خۆی و دوو براکەی بووە
رائید هۆگر عەزیز گەڵاڵی، وتەبێژ و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر، رایگەیاند دوای ئەوەی دوێنێ کەسێك لە گەرمکی سەفین کوژرا، پاش کەمتر لە دوو کاتژمێر، تەرمی ئەو ئافرەتەش لە ڕێگای بێستانە دۆزرایەوە کە دوێنێ وێنەکەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان . بڵاو ببووەوە و ناسنامەکەی نادیار بوو
وتیشی بۆ پۆلیس دەرکەوتووە کە کوژرانی پیاوەکە، پەیوەندیی بەو ئافرەتەوە هەیە کە ناوی (شاناز)ە و هاوسەرەکەشی ناوی (ئارام .عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان)ە
هەروەها ڕایگەیاند باوك و دوو برای ژنەکە ئەو تاوانەیان ئەنجامداوە و هۆکارەیش بۆ ئەو تاوانە قێزەونە، جیابوونەوەی ئەو دوو .هاوسەرە بووە لە یەکتری، چونکە ئامۆزای یەکتر بوون
ئاشکراشیکرد کە باوکی شاناز و دوو براکەی، بە گوێرەی ماددەی 406 لە یاسای سزادان، فەرمانی دەستگرکردنیان بۆ دەرچووە و، پۆلیسیش پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ روداوەکە کردوەتەوە. (لڤین، ٢٠١٨/٥/١٩)

**لە گەرمیان گەنجێک لەسەر یاریی دۆمینە دەکوژرێت**
لەلایەن هەڵۆ محەممەد دوێنێ کاژێر 10:56 (رووداو، ٢٠١٨/٥/٤)
یەك رۆژ پێش ئاهەنگی دەرچوونی سووتا
لەلایەن دیمەن بورهان 47 خولەک لەمەوبەر
[سەرەتاکانی مانگی ٥ ی ٢٠١٨] رووداو،هەولێر

هەتاو لە پۆستێکدا لە ئەکاونتەکەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك نووسیویەتی "ئافرەت چەندە پڕئازار بێت، هێشتا ئاوازێکی ماوە بیژەنێت)، بەڵام بەبێ هیچ دەنگ و هاوارێك، رۆژێك پێش ئاهەنگی وێنەگرتنی دەرچوونی لە زانکۆ، ئاگر لە جەستەی (بەربوو. (رۆژی ٢٠١٨/٥/١ بینراوە

**هاونیشتمانییەکی تەمەن 58 ساڵ لە سلێمانی خۆی کوشت**
(رووداو، ٢٠١٨/٥/١